RAWT

# ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسییە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ژمارە (٤٢) ئەیلولی ٢٠٢٦

OCAL البديل
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

# کوشتنی ژنان، لوتکەی شاخە بەفرینەکەی توندوتیژیی خێزانییە کە لە پشت هەواڵەکانەوە شاردراوەتەوە

**شیرین عەبدوڵا**

دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان و کوشتنیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان، وەك یەکێك لە دیاردە کۆنەپەرستەکان و درێژکراوەی پیاوسالاریی ڕەگداکوتاو لە کۆمەڵگەکەماندا، لە پێشەنگی قەیرانە ئاڵۆزەکانی کۆمەڵگەدایە. ئاماژەکان واقیعێکی یەکجار نیگەرانکەر دەردەخەن کە ساڵانە لە خراپتربووندایە.

بەپێی زانیارییەکان، تەنها لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی حەوت مانگی یەکەمی ئەم ساڵەدا ٣٩ حاڵەتی کوشتنی ژنان تۆمار کراوە؛ ١٦ ژن بە شێوەی ڕاستەوخۆ کوژراون و ٢٣ ژنی دیکەش لە بارودۆخێکدا گیانیان لەدەست داوە کە بە "نادیار" وەسف کراون. ئەمەش سەرەڕای بوونی یاسایەك لە هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا هەمووارکراوەتەوە کە کوشتنی ژنان بە هەر هۆکارێك قەدەغە دەکات.

لە سەرانسەری عێراقیش دۆخەکە باشتر نییە. ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (المرصد) لە عێراق لە شوباتی ئەم ساڵدا ئاشکرای کرد کە لە ساڵی ٢٠٢٥ دا زیاتر لە ١٩٥٠٠ حاڵەتی توندوتیژی خێزانی، بە تایبەتی دەستدرێژی هاوسەر بەسەر ژنەوە، بە فەرمی لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە تۆمار کراون. هەروەها ئاماژەی کرد کە ئەو ژمارانەی بڵاو کراونەتەوە ڕەنگدانەوەی قەبارەی ڕاستەقینەی پێشێلکارییەکان نین، بەڵکو تەنها ئەو حاڵەتانەن کە خاوەنەکانیان توانیویانە کۆسپ و ترسی بێدەنگی بشکێنن و بگەنە ناوەندەکانی پۆلیس.

سالێك دوای جێبەجێکردنی پاکێجی ئەحکامە شەرعییەکانی جەعفەری-

بۆ ل٥

## بەیاننامەی کۆتایی حەوتەمین کۆنگرەی نائاسایی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق



لە ٧ی ئاب/ئۆگستی ٢٠٢٦، (ڕێکخراوی ئازادیی ژنان لە عێراق) لە بارەگای سەرەکیی ڕێکخراوەکە لە بەغدا، حەوتەمین کۆنگرەی نائاسایی خۆی ئەنجامدا. ئەم کۆنگرەیە لە هەلومەرجێکی نائاساییدا بەڕێوەچوو بەهۆی ئەو بارودۆخە نائاساییانەی کە ڕێکخراوەکە پێیدا تێپەڕی دوای تیرۆرکردنی (یەنار محەمەد) سەرۆکی ڕێکخراوەکە و یاوەری کاروانەکەی، هەروەها بەهۆی ئەو ئاستەنگە ئەمنی و ڕێکخراوەیی و داراییانەی کە کاریگەرییان لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێکوپێکی کار و بەرنامەکانی ڕێکخراوەکە هەبوو.

بۆ ل٦

## کۆنفرانسی هاوبەشی کرێکاران پێداگری دەکات لەسەر فرە-سەندیکایی و یاسای کاری ژمارە (٥٢) ڕەتدەکاتەوە




لە هۆڵی (فیدراسۆنی شورا و سەندیکا کرێکارییەکان لە عیراق) کۆنفرانسێکی هاوبەش بەڕێوەچوو، بە بەشداری (کۆنگرەی یەکێتییە کرێکاریی و سەندیکا کرێکارییەکان لە عیراق) و (ئەنجومەنی سەندیکایی لە عیراق)، وە ژمارەیەکیش لە نوێنەرانی یەکێتییە کرێکارییەکان و سەندیکا کرێکارییەکان ئامادەبوون.

لەم کۆنفرانسەدا بەیاننامەیەکی هاوبەش خوێندرایەوە، کە وەڵامێك بوو بۆ بەیاننامەکەی ئەوەی ناسراوە بە "یەکێتی کرێکاری سەر بە دەسەڵات"، بە تایبەتیش وەڵامێك بوو بۆ هەڵوێستەکەی بەرامبەر بزووتنەوەی سەندیکایی و پێداگریی ئەو "یەکێتییە کرێکارییەی دەسەڵات" لەسەر یاسای کاری ژمارە (٥٢)ی بەدناو، کە بە پێی هەڵوێستی بەشداربووانی کۆنفراسەکە ئەم یاسایە کۆسپ و بەربەستێکە لەبەردەم بزووتنەوەی سەندیکایی، و قۆرخکاری جێگیر دەکات بۆ تەنها یەك یەکێتی کرێکاری دیاریکراو. کۆنفرانسەکە جەختی لەوە کردەوە، کە بزووتنەوەی سەندیکایی کرێکاری لە عێراق، پێداگرە لەسەر مافی کرێکاران بۆ فرە-سەندیکایی و ئازادیی ڕێکخراوبوون و سەربەخۆییی سەندیکایی، وە هەموو ئەو یاسا و کردارانە ڕەت دەکاتەوە کە پێشێلکاری دەکەن دەرحەق بە مافی کرێکاران لە هەڵبژاردنی سەربەخۆ و دیموکراسیانەی نوێنەرانی خۆیان و ڕێکخراوە سەندیکاییەکانیان.

- بەڵێ بۆ ئازادی ڕێکخراوبوونی سەندیکایی
- بەڵێ بۆ فرە-سەندیکایی
- بەڵێ بۆ سەربەخۆیی سەندیکاکان لە دەسەڵات
- نا بۆ تەنها یەک یەکێتی کرێکاری
- نا بۆ کۆنترۆڵکردنی کاروباری کرێکاران
- نا بۆ یاسای ژمارە ٥٢، کە قۆرخکاری لە نوێنەرایەتیی سەندیکاکاندا بەرەوپێش دەبات

ناوەندی ڕاگەیاندن
فیدراسۆنی شورا و سەندیکا کرێکارییەکان لە عیراق
١٤-٩-٢٠٢٦

## یادی هاوڕێ یەنار محەمەد لە سلێمانی بەرز ڕاگیرا




لە ژێر دروشمی (شۆڕشی یەنارمحەمەد بەردەوامە!)، ئێوارەی (٢١)ی حوزەیرانی (٢٠٢٦)، ڕێوڕەسمێکی شایستە و بەشکۆ بەڕێوەچوو بۆ ڕێزلێنان لە ژیان و خەباتی یەنار محەمەد، ئایکۆنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان و خەباتکاری ڕابەریی کۆمۆنیستی کەمونێنە، ئەمەش لە هۆڵی سالم لە هۆتێل ڕەمادا لە شاری سلێمانی.

ڕێوڕەسمەکە لە لایەن هەریەك لە (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق) و (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) ڕێکخرابوو. ئەمە یەکەمین جارە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە ژیان و خەباتی هاوڕێی ئازیز یەنار محەمەد لە ناوخۆی عێراقدا سازبکرێت، لە دوای ئەوەی لە دووی مارسی ئەمساڵدا لەلایەن تیرۆریستانەوە لە ماڵەکەی خۆیدا لە بەغدا تیرۆرکرا.

تیرۆرکردنی ئەو لە سەرەتای شەڕی تاوانکارانەی ئیسرائیل و ئەمریکا دژ بە ئێران بوو، کە گڕەکەی لە (٢٨)ی شوباتی ئەمساڵەوە داگیرسا، و ئەو ڕووداوانەش کاریگەریی گەورەیان لەسەر دۆخی ئەمنی لە عێراق و ناوچەکەدا جێهێشت.

پێشتر و لە ماوەی مانگەکانی ئازار

بۆ ل٢

## بەیاننامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێڕاق، لە یادی هەشت ساڵەی دامەزراندنیدا

ڕێکخراوین و بەردەوامین لە خەباتی سۆشیالیستی چینی کرێکار و چەوساوەکان، لە پێناو جیهانێکی پڕ لە ئازادی و خۆشگوزەرانی و یەکسانی

یادی هەشت ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەکەینەوە، و هەر ساتە هەست بە کاریگەریی نەبوونی هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد دەکەین لەسەر بزووتنەوە و چالاکییەکانمان، و بە خەم و پەژارەیەکی قووڵەوە یادی دەکەینەوە.

یەنار محەمەد ئایکۆنی خەباتی ڕزگاریخوازی بزووتنەوەی ژنان بوو لە عێراق و سەرکردەیەکی کاریگەر بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژنانی ئەم وڵاتەدا. ئەو چالاکوانێکی کۆمۆنیست و ئەندامی لیژنەی ناوەندیی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی و یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی. وەك یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی، بەشداریی کرد لە دامەزراندن و پەرەپێدانی ئەم ڕێکخراوە و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی هاوچەرخ لە عێراق.

هێزێکی تیرۆریست بە پلانێکی پێشوەختە و بەرنامە بۆداڕێژراو لە (٢)ی ئازاری (٢٠٢٦)دا، هاوڕێ یەناری تیرۆر کرد، کە پێدەچێت ئەو هێزە سەر بە میلیشیاکان و حزب و ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە بێ لە عێراق.




هەمووومان سور و خۆڕاگرین لە درێژەدان بە خەبات لەسەر ئەو ڕێبازەی کە هاوڕێ یەنار بۆ ڕزگاری و بەدیهێنانی ماف و یەکسانی ژنان گرتبوویەبەر، وە پابەندیشین بە بیروباوەڕی (قەناعەتی) پتەوی ئەو بە پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان ڕزگاری ژن و کۆمۆنیزم.

بۆ ل٥

## ڕزگاربوونی کۆمەڵگە لە قەیران و چەقبەستوویی ڕەوشی ئێستا، لە ئاکامی کام ڕەوەند ؟

موئەیەد ئەحمەد ل٣

## نەجلا بەهجەت: لە نزیکترین کاتدا (ڕێکخراوی ئازادی ژن) خەبات و چالاکی و کارەکانی خۆی بەهێزتر دەستپێدەکاتەوە

ل٦

## کۆمۆنیزم دەبێ ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی سۆشیالیستی و پرۆلیتاری بە عەمەلی بخاتە بەردەم کۆمەڵگە

نادر عەبدولحەمید ل١٠

## خەباتی پرۆلیتاریا، و چەپی کۆمەڵگەی مەدەنی

ڕزگار عوسمان (هاوڕێ) ل٧

## کەم ئەندامان: پێویستە حکومەت هەڵسێت بە ئەرکی خۆی، نەک بەچاوێکی بەزەییانە بۆمان بڕوانێت!

مەسعود ئەنوەر ل٩

## ڤیان مائی: ژن کوشتن مەرج نییە بە چەقۆ و تفەنگ بێت، هەموو ڕۆژێک بە قسەکردن ژن دەکوژرێت!

ل٧




## ژن کوشتن، قێزەونترین و پڕ ئازارترین وشە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا

سروە ساڵەیی ل٦

## لە چیدا لێکناچن ... مەغریب و کوردستان!

جەمال کۆشش ل٤

## لێکەوتەکانی جەنگی ئەمریکا-ئیسرائیل بۆ سەر ئێران،

عەبدوڵا سائح ل٨




## هادی تەشکیلی: لە ئێستادا کۆڕبەندی دوو شەممەی ڕۆشنبیری گەورەترین کۆڕبەندە لە سەر ئاستی بەغدا و عێراق

ل٦

## دامالّینی چەک لە کێ و لە لایەن کێوە؟

طارق فەتحی ل١٠

## درووست نییە هەر زوو بە "هەڵمەتی دژە گەندەڵی" لە عێراقدا خۆشخەیاڵبین!

عەلی محمەد ئەمین ل٨

## بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئامادەکردنی: عەبدوڵا سلێمان و جەمال کۆشش

ل١١ تا ل١٥

ژمارە (٤٢)ئەیلولی ٢٠٢٦

ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# وتەی موئەیەد ئەحمەد بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عیراق، لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە یادی هاوڕێی ئازیزمان یەنار محەمەد لە سلێمانی

ئێوارەتان باش ئامادەبووانی ئازیز لە لایەن کۆمیتەی ناوەندی و سەرجەم ئەندامانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)، پێشوازییەکی گەرم و ئەو پەڕی سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش دەکەم بە بەڕیزتان بۆ بەشداریکردنتان لەگەڵماندا لە بەرزڕاگرتنی نەریتی هاوبەشی هەموومان؛ نەریتی هاوڕێی ئازیز "یەنار محەمەد"، سەرۆك و یەکێك لە دامەزرێنەرانی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق) و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و یەکێك لە دامەزرێنەرانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی).

زۆر بە داخ و پەژارەوەم بۆ کۆچی دوایی هاوڕێ ئازیزمان یەنار، کە دەستی غەدر و تاوانی گەیشتێ؛ کاتێك لە بەیانی ڕۆژی دووی ئازاری ئەمساڵدا، لە ماڵەکەی خۆیدا لە بەغدا لەلایەن تیرۆریستانی تاوانبارەوە تیرۆر کرا.

سەرەخۆشیمان ئاراستەی دیاری ئازیز کوڕی یەنار، هاوژینی، باوکی، و سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەی دەکەم، هەروەها سەرخۆشیمان ئاڕاستەی هاوکارانی دەکەم لە (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق)، هاوڕێیانی لە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) و دۆستانی لە هەر شوێنیك، و هەموو ئێوە و لایەنگرانی لە سەرانسەری جیهاندا. دڵم پڕە لە خەم و پەژارە کاتێك کە لەم مەراسیمداین بۆ هاوڕێی ئازیزی بەتوانا و متمانەپێکراوی زیاتر لە چارەکە سەدەیەکم، و دۆستی نزیکی هاوژینم و فامیلییەکەمان.

یەنار ڕابەرێکی ناوازە و خەباتکارێکی شۆڕشگێڕ بوو لەپێناو ڕزگاریی ژناندا، و ڕابەرێکی کۆمۆنیستی کەم وێنە و جەنگاوەرێکی پەیگیر بوو لەپێناو جیهانێکی خاڵی لە زەبروزەنگی سەرمایە و جەنگ و سەرکوتکارییەکانی و سەرجەم شێوازەکانی چەوسانەوە و جیاکاری.

نەریتی یەنار، نەریتی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان و خەباتی



سۆڕشگێڕانەی سۆشیالیستی هاوبەشە لەسەر ئاستی جیهان، و وەك ئەمە لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای جیهاندا بە نەمری دەمێنێتەوە.

تورەیی و سەرکۆنەکردنی جیهانی بەرامبەر بە تیرۆرکردنی یەناری ئازیز، وە ئەو بەیاننامە بێشومارانە و پشتگیرییە جیهانییە بۆی، بەرجەستەکردنی ئەو ڕاستییە بوو کە یەنار چی بوو و چۆن لە دوای خۆی بەردەوام دەبێت.

سەرباری ئەم نارەزایەتییە جیهانییە و پێشکەشکردنی چەندین یادداشتی نارەزایەتی لەلایەن ئێمە و داکۆکیکارانی یەنارەوە بۆ نوێنەرانی حکومەتی عێراق، سێ مانگ و سێ هەفتە بەسەر تیرۆرکردنیدا تێدەپەڕێت و هیچ ئەنجامێك سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تیرۆرکردنی ڕانەگەیەندراوە. ئەمەش شتێکە کە دەبێت لەم ڕێوڕەسمەدا باسی لێوە بکرێت، و دووبارە جەخت لەسەر سووربوونمان بکەینەوە لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراق لە دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی تاوانی تیرۆرکردنی هاوڕێی ئازیزمان یەنار.

سازدانی ئەم ڕێوڕەسمە لە شاری سلێمانی، کە شارێکی خاوەن نەریتی خەباتی شۆڕشگێڕانەیە دژی زوڵم و چەوسانەوە، واتایەکی تایبەتی بۆ یەنار هەیە؛ چونکە ئەو بیرۆکەی دامەزراندنی شەڵتەرەکانی بۆ ژنانی ستەملێکراو و قوربانیانی توندوتیژی، لە ئەزموونی چالاکوانانی ژنان و کۆمۆنیستەکانەوە لە سلێمانی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە وەرگرتبوو، و بە بەردەوامی سەردانی ئەم شارەی دەکرد بۆ بەدواداچوونی چالاکییە حزبی و چالاکییەکانی خۆی لە بواری بزوتنەوەی ژناندا. هەر بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی لە بەغدا، یەنار و هاوڕێیانی، بڕیاریاندا چوارەمین کۆنگرەی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) لەم شارەدا لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠١٩)دا ببەسترێت.

هەروەها ئەمڕۆ هاوکاتە لەگەڵ بیست و سێیەمین ساڵیادی دامەزراندنی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق)، و زۆر بە داخەوەم کە یەناری ئازیز لەگەڵماندا نییە. لەم ڕۆژەدا و بیست و سێ ساڵ لەمەوبەر، یەنار دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی ڕاگەیاند و بەیاننامەی دامەزراندنی لە هۆڵی "الحوار" لە وەزیرییەی بەغدا لەبەردەم ئامادەبووانێکدا، خوێندەوە کە زۆر نەبوون، و هاوڕێیان مازن محەمەد و تاریق فەتحی و من لە ناو ئامادەبووواندا بووین.

یەنار و دۆسیەی ژن، و دۆسیەی ئازادی و یەکسانی مرۆڤ، یەکەیەکی دانەبڕاون، ئەمەش جەوهەری یەنار و دۆسیەکەی پێکدەهێنێت. ئەو ئایکۆنی خەباتی ڕزگاریخوازی ژنانە، نەك تەنها وەك نوێنەری ڕزگاریی ژن، بەڵکو نوێنەرایەتی دۆسیەیەکی گشتی دەکا کە دۆسیەی ڕزگاریی مرۆڤ و دۆسیەی کۆمۆنیزمە.
ئەم بەها گشتی و جیهانییانەی ئەو جەوهەری یەنار پێکدەهێنن، و هەر جۆرە لەقاڵبدانێکی یان سنووردارکردنێکی ئەم گشتگیری و جەوهەرە لە قاڵبێکی بەرتەسك وەیا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا، پێناسەیەکی تاکلایەنەیە کە یەنار لە گشتگیری و جیهانیبوونی خۆیدا لەبەرچاو ناگرێت.

یەنار خەباتکارێکی دەرگیر بوو لە بەدیهێنانی گۆڕانکاری لەسەر زەوی، و ئێمە هاوڕێی خەباتی بووین تا دوا ساتەکانی ژیانی لە بەدیهێنانی ئەم گۆڕانکارییە و ئەم شۆڕشە بەسەر واقیعیکدا کە هەیە، و وەفاداری ئێمە بۆی بەردەوامی دانە بەم خەباتە لەپێناو بەدیهێنانی ئەم گۆڕانکارییە.

تیرۆریستان، کە پێدەچێت لە ناوەندەکانی هێزە فاشیست و میلیشیاکانی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی بن، یەناری ئازیزیان تیرۆر کرد بۆ ڕێگریکردن لەم گۆڕانکارییە. ئەوان ئەم تاوانەیان ئەنجامدا نەك تەنها بۆ بێدەنگکردنی دەنگی نارەزایەتی ژنانی ئازادیخواز لە شەقامەکان و فەزای گشتی سیاسیدا، نەك تەنها بۆ بێدەنگکردنی دەنگی چالاکوانانی بزوتنەوەی ژنان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان و مافەکانی مرۆڤ، نەك تەنها بۆ سەرکوتی حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیست و پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکان بە گشتی، بەڵکو پێش هەموو ئەمانە، بۆ سەرکوتکردن، خنکاندن و خامۆشکردنی بەرگری ژنان و کچانی گەنج و منداڵانی کچ کە بوونەتە بارمتەی دەستی کۆیلایەتی، سەرکوت و توندوتیژی لە قووڵایی کۆمەڵگەدا، لە ناو خێزان، عەشیرەت، هۆز و ئەو فەزا گشتییەی کە پیاوسالاری بەسەریدا زاڵە.
یەنار ڕابەرێکی تێکۆشەری ڕاپەڕیوو بوو لە پێشەنگی ئەم بەرگرییە کۆمەڵایەتییە ڕزگاریخوازییەی ژناندا، و تاوانباران یەناریان تیرۆر کرد بۆ ئەوەی ئەم بەرگرییە نەبێتە شۆڕشێکی گشتگیر کە تەختی کۆنەپەرستی و قەڵای پیاوسالاری بڕوخێنێت.

دەنگی یەنار هاواری ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشگێڕانە و دەنگی بەرگری (کەوسەر بەشار)ی منداڵ، (مەلاك ئەلزوبەیدی)، (دوعا)، (سەبیحە)، (ماریا)، (بەنان)، (بان) و سەدان هەزاری دیکەی وەك ئەوانە لەسەرانسەری عێراقدا. ئەوان یەناریان تیرۆر کرد چونکە ئایکۆنی ئەم بەرگرییە ڕزگاریخوازانەیەی ژنان بوو لە عێراق و ناوچەکەدا.

یەنار مرۆڤێك بوو کە بە هەموو مانای وشە ژیانی خۆش دەویست، گفتوگۆکانی لەگەڵ هەر کەسێکدا کە دەیناسی، دەبووە هۆی سەرسامبوونی بە مرۆڤایەتییەکەی، ڕۆحی نوکتەبازی، ژیرییە ناوازەکەی و تێگەیشتووییەکەی.

کار و چالاکییەکانی یەنار و (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق) لە ساڵی (٢٠٠٣) وە لە ژینگەیەکی پڕ لە مەترسی و ژێر دەسەڵاتی هێزە کۆنەپەرستە ئیستیبدادی و میلیشیاکاندا بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٣) ساڵ بەوپەڕی ئازایەتی، سووربوون و قوربانیدانەوە بەردەوام بوو، سەرەڕای هەموو جۆرە هەڕەشە، گێچەڵ و گوشارێك.
کار و چالاکییەکانی یەنار ئەوەندە هەمە لایەنن کە بەشێکن لە مێژووی خەباتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ژنان و کریکاران و زەحمەتکێشان و گەنجانی کۆمەڵگەی عیراق لە (٢٣) ساڵی ڕابووردا، هەر لە خەباتی ژنان بە دژی ستەم و چەوساندنەوە و جیکاریی و یاساکانی جەعفەری تا خەباتی کرێکارانی بێکارکراوە و خەباتی سەندیکایی کرێکاران و تا دەگاتە ڕاپەڕینی (٢٠١٩) و خۆپێشاندانەکانی جەماوەر بە دژی گەندەڵی و سیاسەتی نیولیبراڵی ڕژێم و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتی.
ئەمە سەرباری ڕۆڵی یەنار لە ڕزگارکردنی زیاتر لە (١٤٠٠) کچی لاو لە کوشتن و ستەم و بازرگانی کردن پێیانەوە.

هەروەها لە کەمپینی داکۆکیکردن لە "کەمینە"ی ئێزیدی لە عێراقدا ینار چالاك بوو و یارمەتی ئەو ژنانەی دا کە لەلایەن "داعش"ەوە ڕووبەڕووی سەرکوت و چەوسانەوە ببوونەوە.

لەسەر ئاستی ناوچەکە، پشتگیری لە ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕەکەی ساڵی (٢٠١١) کرد، هەروەها بە توندیش پشتگیری لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ئێران کرد، بەتایبەتی ئەو ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەی کە بەدوای کوژرانی "(ژینا) ئەمینی"دا هات، کە لە پێناویدا شەخسی یەنار و (ڕێکخراوی ئازادی ژن) قوربانی گەورەیان دا بەهۆی ئەو فشار و گێچەڵانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە ڕووبەڕوویان بووەوە.

هەروەها بە توندی دژی ئەو جەنگە کۆمەڵکوژییە وەستایەوە کە حکومەتی نەتانیاهۆی فاشیست دژی فەلەستینیەکان لە غەززە بەرێخست، وە بەشداریشی کرد لە کەمپینەکانی دژ بەو جەنگە، و دژی داگیرکاری بەردەوام و سەرکوت و کۆچی زۆرەملێی فەلەستینییەکان لە کەنارەی ڕۆژئاوادا.
کۆچی دوایی هاوڕێی ئازیز یەنار زیانێکی گەورەیە لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕزگاریخوازانەی ژنان لە عێراق و ناوچەکەدا، زیانێکە قەرەبوو ناکرێتەوە، زیانی تەواوی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فیکری ڕزگاریخوازی گەورەیە و تەنها زیانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) یان (ڕێکخراوی ئازادی ژن) نییە.

یەنار محەمەد ئایکۆنی خەباتی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە مەزنەیە وەك نەریتێکی شۆڕشگێڕانە لەم بزووتنەوەیەدا دەمێنێتەوە.

- بژی یادی هاوڕێی خەباتکاری مەزن یەنار محەمەد، ئایکۆنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان!
- شۆڕشی یەنار محەمەد لەپێناو ڕزگاریی ژن و بنیاتنانی جیهانێکی خاڵی لە سەرکوت و چەوسانەوە هەردەم بەردەوامە!

٢٠٢٦/٦/٢١

پاشماوەی .....ل١

# یادی هاوڕێ یەنار محەمەد لە سلێمانی بەرز ڕاگیرا

و نیسانی ڕابردوودا، ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی هاوڕێ یەنار لە چەندین وڵاتی دەرەوەی عێراق بەڕێوەچوو، لەوانەش: سوید، دانیمارك، کەنەدا، سویسرا و لەندەن لە بەریتانیا.
لە ڕێوڕەسمەکەی سلێمانیدا، ژمارەیەکی بەرچاو و دیار کە نزیکەی (٢٥٠) لە چالاکەوانانی بزوتنەوەی ژنان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، ڕزگاریخوازان، کۆمۆنیستەکان و دۆستان و لایەنگرانی یەنار لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراقەوە ئامادە بوون.
ڕێوڕەسمەکە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بەردەوام بوو، کە چەندین برگەی جۆراوجۆری لەخۆگرتبوو لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا کە تایبەت بەم بۆنە گرنگە ئامادەکرابوو.
دوای پێشکەشکردنی دەستپێکی بەرنامەکە لەلایەن شیرین عەبدوڵلاوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی سرودی ئینتەرناسیۆنال لەلایەن هاوڕێ نەجم محەمەدەوە دەستپێیکرد، لەگەڵ وەستانی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یەنار محەمەد و سەرجەم قوربانیانی ڕێگای ئازادی و یەکسانی.
نور سالم، ئەندامی دەستەی کارگێڕی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق)، وتارێکی بەناوی ڕێکخراوەکەوە پێشکەش کرد و تێیدا پێزانینی قووڵی خۆی بۆ ئەم هاوپشتییە دڵسۆزانەیە بۆ یەناری ئازیز لە سلێمانی لە (٢١)ی حوزەیراندا دەربڕی، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی دامەزراندنی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق). ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوان نەیانتوانیوە لە بەغدا خۆپیشاندان و ڕێپێوان بکەن بەهۆی هەڕەشە بەردەوامەکان، بڵاوبوونەوەی چەکی بێسەروبەر، سیاسەتی دەربازبوون لە سزا و ئەو کەمپینە هاندەرە دیجیتاڵییانەی کە بەردەوام لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دژیان بەڕێوەدەچێت. ڕوونیشیکردەوە کە ئەم بارودۆخە نەك هەر




قەبارەی ئەو مەترسییە نیشان دەدات کە ڕووبەڕووی چالاکوانان دەبێتەوە، بەڵکو پەردە لەسەر ئەو ژینگەیەش لادەبات کە ئەم جۆرە تاوانانە بەرهەم دەهێنێت و تاوانباران دەپارێزێت.

پاشان موئەیەد ئەحمەد، مونەسیقی گشتیی کۆمیتەی ناوەندیی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)، وتارێکی بەناوی ڕێکخراوەکەوە پێشکەش کرد و تێیدا نەریتی ڕزگاریخوازانەی ژنان و سۆشیالیستی شۆڕشگێڕانەی یەناری لەسەر ئاستی جیهان بەرز ڕاگرت، و ڕایگەیاند کە ئەم نەریتەی ئەو، ئاوا لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و ململانێی چینایەتی پرۆلیتاریا لە سەرانسەری جیهاندا بە نەمری دەمێنێتەوە. جەختیشی لەوە کردەوە کە سازکردنی ئەم ڕێوڕەسمە لە سلێمانی واتایەکی تایبەتی بۆ یەنار هەیە، چونکە ئەو بیرۆکەی دامەزراندنی شەڵتەرەکانی بۆ ژنانی ستەملێکراو و ڕووبەڕووی توندوتیژی بووەوە، لە ئەزموونی چالاکوانانی ژنانی ئازادیخواز و کۆمۆنیست لە سلێمانی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە وەرگرتبوو.

ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی وتاری هاوپشتی و پەیامی چەندین ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی ژنان، پارت حزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکان و ئازادیخوازان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ بەردەوام بوو، جگە لە پێشکەشکردنی وتاری کاریگەر و بەجۆش و پارچە شیعر لەلایەن ژمارەیەك لە ئامادەبووان و بەشداربووانەوە لە ڕێگەی نامەی نووسراو و ڤیدیۆوە.
یەکێك لە برگە دیار و کاریگەرەکان، دێڕە پەخشانە بەجۆشەکانی هاوڕێ و چالاکوانی لێهاتوو و بوێری بزوتنەوەی ژنان بەهار مۆنزیر بوو، هەروەها دێڕە شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی شاعیر چیمەن قەرەداغی لە کوردستانی عێراق، کە بە زمانی کوردی دەستبەجێ دوای بیستنی هەواڵی تیرۆرکردنی یەنار لە دووی مارسدا نووسیبووی و شاعیر لە ڕێگەی ڤیدیۆیەکی تایبەتەوە کە بۆ ئەم بۆنەیە ناردبووی، لەسەر شاشەی گەورەی هۆڵەکە نمایشکرا. جێی ئاماژەیە هونەرمەند ڕێبوار عومەر ئەم پارچە شیعرەی سەرەوەی وەك گۆرانییەك بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بەرهەمهێنابوو، شیعرەکە و سێ گۆرانییەکە لە کاتی جیاجیادا لە نێوان وتارەکاندا لە کەشێکی پڕ لە حەماسەتدا نمایشکران.

مەیار عامر – یەکێك لە قوربانیانی توندوتیژی خێزانی کە لە تەمەنی (١٤) ساڵییەوە پەنای بۆ شەڵتەرەکانی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن) هێنابوو، بەشداری کرد و پەخشانێکی زۆر کاریگەری پێشکەش کرد کە تێیدا خەمباری قووڵی خۆی بۆ لەدەستدانی یەنار دەربڕی، کاتێك بە "دایکم" وەسفی کرد، و باسی لە ئەزموونی خۆی لە شەڵتەرەکان و ڕۆڵی یەنار کرد لە ڕزگارکردنی لە سەرگەردانی و گۆڕینی بۆ مرۆڤێکی بەتوانا کە توانیویەتی بەهۆی پشتیوانی بەردەوامی یەنار و ڕێکخراوەکەوە خوێندنەکەی بە پلەی بەرز تەواو بکات.

هەروەها چەند گرتە ڤیدیۆیەکی هەندێك لە چاوپێکەوتن و چالاکییەکانی یەناری ئازیز نمایشکران، کە یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی ئامادەبووان زیاتر ئاشنای خەبات و پرەنسیپە ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازییەکانی ببن.

لە نێوان برگەکانی ڕێوڕەسمەکەدا، (سلاید شۆ)یەك نمایشکرا کە وێنەی قۆناغە جیاجیاکانی ژیان و خەباتی یەنار محەمەدی تێدا بوو، کە سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشا و لە ڕێگەیەوە ئاشنای کەسایەتی یەنار و خولیا جۆراوجۆرەکان و لێهاتووییەکانی بوون.
ڕێوڕەسمەکە وتاری کاریگەری (بەسمە ئەلدەخی) نوێنەری ژنانی ئێزیدی لەخۆگرتبوو، کە تێیدا جەختی لەوە کردەوە کە ئەو کاتێك دەربارەی یەنار ئەدوێ باس لە مرۆڤێك دەکات کە تەنها یەك ڕۆژ پێش تیرۆرکردنی چاوی پێکەوتووە و لە کاتێکدا خەم و ئازاری ژنانی ئێزیدی هەڵگرتبوو، وە چۆن باوەڕی وابوو کە دۆزی هەر ژنێکی ستەملێکراو و چەوساوە، دۆزێکی مرۆییە و ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت.

هەروەها وتارە بەجۆشوخرۆشەکەی پارێزەر (موحەمەد جومعە)، یەکێك لە دامەزرێنەرانی (هاوپەیمانی ١٨٨) لە عێراق، سەرنجی ئامادەبووانی بە توندی بەرەو خۆی ڕاکێشا و لە نێو بێدەنگییەکی بەشکۆدا سووربوونی لەسەر بەردەوامبوون لەسەر ڕێگەی خەباتی (یەنار موحەمەد) بێباك لە سەختی و مەترسیی و سەرکوت ، بە پەڕی پیداگرییەوە، دوباتکردەوە.
ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانییە شۆڕشگێڕییە ناوازەکەی هونەرمەند (پاولینە برادلی–Pauline Bradley) و تیمەکەی (پرۆتێست ئن هارمۆنی––Protest in Harmony) لە شاری گلاسکۆی هەرێمی سکۆتلەندا لە بریتانیا کۆتایی هات، ئەم گۆرانییە کاتی خۆی پێشکەش بە ڕێوڕەسمەکەی لەندەن کرابوو لە (٢٩)ی ئازاری (٢٠٢٦)دا، و لەم ڕێوڕەسمەی سلێمانیشدا دووبارە نمایشکرایەوە.

دوای سێ کاتژمێر لە کەشێکی ئاوێتە لە هەستی خەم و پەژارە بۆ لەدەستدانی یەناری ئازیز، و تورەیی بەرامبەر بە تاوانبارە بکوژەکان و هاندەرانیان، و جەختکردنەوەی دووبارە لەسەر لێپرسینەوە لە حکومەتی عێراق بۆ ئاشکراکردنی بکوژانی یەنار و ئەوانەی لە پشتیانەوە وەستاون، هاوکات لەگەڵ هاوپشتی و داکۆکیکردن لەسەر ئەو ئامانجانەی کە یەنار خەباتی بۆ دەکرد، ڕێوڕەسمەکە کۆتایی هات بە نوێکردنەوەی پەیمانی ئامادەبووان بۆ بەردەوامبوون لەسەر ڕێبازەکەی یەنار و تەواوکردنی شۆڕشە ڕزگاریخوازی و یەکسانیخوازییەکەی لە پێناو ڕزگاریی ژنان و جیهانێکی دوور لە ستەم و چەوسانەوە.

• بەشداربووان و وتاری ئامادەبووان: • دەستپێك: شیرین عەبدوڵلا • سرودی ئینتەرناسیۆنال: نەجم محەمەد • ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق: نور سالم • ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق: موئەیەد ئەحمەد • تۆڕی هەشتی مارس: ئالا کەمال • ڕێکخراوی ژنانی سەربەخۆ: بەهار مۆنزیر (پەخشان و وتاری ڕێکخراوەکەی خوێندەوە) • نوێنەری ژنانی ئێزدی و کۆمەڵگەی ئێزدی: بەسمە ئال دەخی • پارێزەر محەمەد جومعە: لەلایەن (هاوپەیمانی ١٨٨) • مەیار عامر: پەخشانیك بۆ یەنار • فیدراسیۆنی شورا و سەندیکا کرێکارییەکان لە عێراق: شۆڕش عومەر • کۆمیتەی هەرێمی باشووری کوردستان – هاوپەیمانی نادە: مونیرە ئەبوبەکر • ڕێکخراوی ئازادبوون: دکتۆرە ڕازاو گوڵی • ڕێکخراوی دابین: دڵسۆز زەنگەنە • حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان: مەحمود حەلاق • پەیامی ناوەندی ئازادی و ژیان: نەبەز خالید • ئەلتەرناتیڤی سۆشیالیستی: سادق عەزیز • حزبی شیوعی کوردستان – لقی سلێمانی: سامان زیندانی • چنوور عەلی حەمەئەمین: چالاکوانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی • نەوزاد بابان: چالاکوانی کرێکاری و جەماوەری • چالاکوان: نەغەدە عوسمان هەروەها ژمارەیەکی زۆر نامە و ڤیدیۆی هاوڕێیەتی و هاوپشتی و شیعر بۆ ئەم ڕێوڕەسمە گەیشتبوون کە کات ڕێگەی نەدا نمایش بکرێن، بەڵام لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین و هەوڵدەدەین دەقەکانیان لە پلاتفۆرم و میدیاکانماندا لە داهاتوودا بڵاوبکەینەوە:

• نامە و شیعرێکی ڤیدیۆیی شاعیر و چالاکوانی کۆمۆنیست: عەبدوڵلا مەشخەڵ • نامەیەکی ڤیدیۆیی چالاکوانی سۆسیالیست: بەختیار مستەفا • نامەی هەمام الباوي: مەکۆی دوو شەممەی ڕۆشنگەری • نامەی پارێزەر: زەید حەمدی • نامەی بڵاوکراوەی (ژنانی ڕاپەڕین) • نامەیەکی ڤیدیۆیی محەمەد ڕاستی: حزبی حیکمەتیست– هێڵی ڕەسمی • نامەی هاوپشتی لەلایەن: ڕەحمان حسێن زادە • حزبی شیوعی عێراق: یاسر سالم – ئەندامی مەکتەبی سیاسی • کۆمەڵەی ئەمەل: هەناء ئێدوارد • نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان: سروە ناسری • نامەی جەمشید عەبدی: ڕەخنەگر و چالاکوانی سیاسی • نوێنەری کۆنگرەی ستار: نەجمە عەلوش • نامەی هاوپشتی لەلایەن: ماڵی نیشتمانی (البيت الوطني) • سوهاد بابان: کۆمەڵێك لە دیموکراتخوازانی عێراق • نامەی ڕێکخراوی گەنجانی دەوڵەتی کوردستان • کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران • بروسکەی هاوخەمی لەلایەن: فەرمانگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بەرەی دیموکرات بۆ ڕزگاریی فەلەستین • تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکان: مەهاباد شێخ محەمەد ئەمین

ژمارە (٤٢) ئەیلولی ٢٠٢٦

ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# ڕزگاربوونی کۆمەڵگە لە قەیران و چەقبەستوویی ڕەوشی ئێستا، لە ئاکامی کام ڕەوەند ؟

موئەیەد ئەحمەد

### قەیرانی سیاسیی ئێستای ڕژێم، درێژەی قەیرانی سیاسیی زکماکی ڕژێمەکەیە!

ئەوەی کە زاڵە بەسەر ڕژێمی سیاسی ئیسلامی و ناسیونالیستی عێراقدا، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا، قەیرانێکی سیاسیی قووڵ و فرەڕەهەندە.

ڕەگی ئەم قەیرانە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی ڕژێم بە کۆمەڵگاوە، و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێزەکانی، هێزی میلیشیایی ئیسلامی و ناسیۆنالیستی بوون کە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی فاشی، دەسەڵاتیان ڕادەست کرا، و دەستیان کرد بە حوکمڕانیکردنی کۆمەڵگەیەك کە لە دەیان ملیۆن دانیشتووان پێکهاتووە، و کەوتنە کاری سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی بورژوازی داپڵۆسێنەر بۆ پاراستنی ڕژێمی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەرمایەداریی ئەم کۆمەڵگەیە.

بێگومان، ئەم هێزانە دەبێ ڕژێمەکە وەها سازبدەن کە هەم دەوڵەتێك بێت لەناو ڕژێمی نێودەوڵەتیی بۆرژوازیدا، و هەم خزمەتیش بە بەرژەوەندییە ستراتیژی و جیوپۆلیتیکییەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بکات لە عێراق و ناوچەکەدا.

وەك ئاشکرایە، داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، سەرەڕای پشتبەستن بەم ڕژێمە سیاسییە ناسیۆنالیستی و ئیسلامییەی کە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دروستی کردبوو، بەردەوام نەبوو، چونکە دەرگیری شکستی گەورە بوو کە لە کۆتاییدا بووە هۆی کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی ڕاستەوخۆ و چوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی (٢٠١١)دا.

لە چوارچێوەی ئەم پێشهاتانەدا و تا ڕادەیەك پێش ئەوەش، ڕژێمی ئێران بەڕۆڵی خۆی، وەك جەمسەرێکی هەرێمی، بووە بڕیاردەرێکی تری ئاڕاستەی ژیانی سیاسی لە عێراقدا بەهۆی چەندین هۆکارەوە، لەوانە، بەپلەی یەکەم، پەیوەندیی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە پێیەوە، و هاتنەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەم ڕەوت و حزبانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەم جەمسەرەدا، و جگە لەوەش هۆکارەکانی وەك پێکهێنانی میلیشیای سەر بەخۆی لە عێراقدا، و ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی لەلایەن دەزگاکانی ڕژێمی ئێرانەوە لە ناوەوەی عێراقدا و فاکتۆرگەلێکی دیکە.

هەر بەم پێیەش، وڵات پێینایە نێو قۆناغێك لە ڕەوەندی سیاسی کە تایبەتمەندییەکەی ملکەچبوونی ڕژێمە سیاسییەکەی بوو بۆ لەبەرچاوراگرتنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و ستراتیژییەکانی هەر یەك لە ئەمریکا و ئێران لە عێراقدا لە چوارچێوەی ململانێی جیوپۆلیتیکی و ستراتیژیی فراوانتری نێوانیاندا.

لەگەڵ دووبارە گەڕانەوەی هێزی سەربازیی "هاوپەیمانی نێودەوڵەتی" بە ڕابەرایەتی ئەمریکا بۆ عێراق، بە بەهانەی جەنگی دژی داعش لە ساڵی (٢٠١٤)دا، و لەگەڵ پێکهێنانی "حەشدی شەعبی"، هەژموونی هێزە میلیشیاییەکانی گرێدراو بە کۆماری ئیسلامییەوە، لە ناوەوەی عێراق بە شێوەیەکی گەورە پەرەیسەند، و هەروەها هەماهەنگیی سەربازیی نێوان ئەمریکا و ڕژێمی ئێران لە جەنگی دژی داعشدا بووە ئەجیندەی کارپێکراو لەو ماوانەدا.

لە ڕێگەی ئەم پێشهاتانەوە، هێزە داپڵۆسێنەرە ئاسایشیی و سەربازییەکانی ڕژێمی سیاسیی عیراق و هێزە میلیشیاییەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر بوون و بەردەوام چەپۆکی فەرمانڕەواییان بەسەر ژیانی سیاسیی کۆمەڵگەدا قایمتر کرد، وە بەم جۆرە وەك ڕژێمێکی سیاسیی داپڵۆسێنەر و میلیشیایی، درێژەی بە ژیانی خۆی دا لە چوارچێوەی ئەم ململانێ فراوانترەی نێوان هەردوو ڕژێمی ئەمریکا و ئێران لەسەر عێراق.

ئەمڕۆ، لە سایەی پێشهاتەکانی جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل دژی ئێران و پاشەکشەی ڕۆڵی هێزەکانی سەر بە ڕژێمی ئیسلامی لە ناوچەکەدا، هێزەکانی ڕژێم لە عێراق و بەتایبەتی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە، لە ساتەکانی قەیرانێکی زۆر دژواردا دەژین.

هۆکاری هاتنەپێشی ئەم قەیرانە، بە پلەی یەکەم، گۆڕانە لە هاوسەنگیی هەژموونی سیاسی و سەربازی بە قازانجی ئەمریکا لە عێراقدا، و زیادبوونی ئاڕاستەی گوشارەکانی ئیدارەی ئەمریکا و ترەمپ بۆ چەکداماڵینی ئەو گروپانەی ڕاستەوخۆ سەر بە ڕژێمی ئێرانن و تێکەڵکردنیان لەنێو دامەزراوە سەربازییەکانی دەوڵەت و (حەشد)، و گوشارەکانی تر کە پێشتر بوونە هۆی هاتنەسەرکاری عەلی ئەلزەیدی وەك سەرۆك وەزیران.

قەیرانی سیاسیی ئێستای ڕژێم درێژەپێدەری قەیرانی سیاسیی زکماکی ڕژێمەکەیە، بەڵام ئێستا ڕووی لە قووڵبوونەوەی زیاتر کردووە؛ واتە درێژەپێدەری قەیرانی سیاسیی ڕژێمەکەیە لە بارودۆخێکی جۆریی دیکەدا و جیاواز لەوانەی پێشوو، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەك لە سیاست و ستراتیژی بۆرژوازی ئیمپریالیستیی ئەمریکادا هەبێت بەرامبەر بە ڕژێمەکە کە لە بنەڕەتدا ڕژێمەکەی لەسەر بنیات نراوە، و نە هیچ گۆڕانکارییەك لە پرۆسەی سیاسیی بنەڕەتیدا کە ڕژێم ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەکەی دامەزراندووە و ئەو پاڵنەرە سەرەکییانەی لە پشتییەوە بوون، و تەنانەت نە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و جۆری لە مەودای هەژموونی ئێران بەسەر ڕێڕەوی سیاسی لە عێراقدا.

### قەیرانی ڕژێمی سیاسی و پەیوەندیی بە پرۆلیتاریا و خەباتییەوە

ڕەهەند و دەرکەوتەکانی قەیرانی ڕژێمەکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەرکەوتن و ڕوون بوونەوە و بوونە قەیرانێکی گشتگیر، کاتێك کە ڕژێم لەگەڵ ئەو ئاڵنگارییانە ڕووبەڕووبووەوە کە وەڵامدانەوە بوون بە دابینکردنی کار و دامەزراندن و ئایندەیەکی ئابووریی ئارام بۆ نەوەی نوێی پرۆلیتاریا، لە کچان و کوڕانی گەنج، کە لە چوارچێوەی بیست و سێ ساڵی حوکمڕانیی ئەم تاقمە داسەپێنراوانەدا گەورە بوون و پەروەردە بوون.

حزب و ڕەوتە بۆرژوازییە ئیسلامی و ناسیونالیستیە دەسەڵاتدارەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانی مادی و ئابووریی ئەو نەوەیەی پرۆلیتاریا و تەواوی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و چەوساوەکانەوە نییە، جگە لە پەیوەندیی پاراستنی ڕژێمی سەرمایەداریی قەیراناوی کە هەردەم زنجیرەکانی بەسەر ملی ئەم جەماوەرەوە قایمتر دەکات، و دژوارترین باری ئابووری و بژێوییان بەسەردا دەسەپێنێ. بە دەربڕینێکی تر، ئەرکی سەرەکی بۆ ئەم هێزانە پاراستنی ڕژێمی ئابووری و سیاسیی سەرمایەدارییە لە هەر دەستوەردانێکی سیاسیی سەربەخۆ و کاریگەری ئەم جەماوەرە بۆ ڕزگاربوون لە ڕەوشی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ژیانیان، هەروەها ڕێگریکردن لە هەر هەوڵێکی ڕێکخراو و کاریگەریان لەسەر ڕێڕەوی داڕشتنی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری لە وڵاتدا.

هەروەها، ڕەهەندەکانی ئەم قەیرانە ڕوونتر دەبنەوە کاتێك ئەوە لە پێشچاو بگرین؛ کە هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی ڕژێمی سیاسی، پرۆسەی تێکەڵبوونی سەرمایەداری لە عێراقدا زۆر فراوانتر و قووڵتر لەوەی لە سایەی ڕژێمی بەعسی فاشیدا هەبوو جێبەجێ کرا، ئەوەش لە ڕێگەی ڕێکار و سیاستە ئابوورییە سەرمایەدارییە نیولیبرالییەکان و ئەو یاسایانەی پۆل برێمەر، حاکمی ڕژێمی ئەمریکی لە عێراق کە لەم بارەیەوە دەریکردن، و بەردەوامبوونی ڕژێم و حکومەتە یەکبەدوایەکەکانی تا ئیمڕۆ لەسەر ئەم ڕێباز و ئەجێندایە.

ئەمە یاریدەدەر بوو بۆ تێکەڵبوونی ئابووری عێراق بە سەرمایەی جیهانی، و ئاوێتەبوونی جووڵە و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە عێراقدا لەناو خولی کەڵەکەبوونی سەرمایەداریی جیهانیدا بە شێوازێکی فراوانتر، و لە پلەی یەکەمدا لە ڕێگەی وەبەرهێنانی سەرمایەداری لە سێکتەری دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت و گاز و بەرهەمهێنانی کارەبا و لە بوارەکانی گواستنەوە و پەیوەندییەکان و وەبەرهێنانی دارایی. جگە لەوانەش، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابوورییە نیولیبرالییەکان لە ڕادەستکردنی کەرتی گشتی بۆ دەستی کەرتی تایبەتی (پرایڤەتایزەکردن) و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی ستراکچەری کۆمپانیاکان و فرۆشتنی بەکۆمەڵیی دامەزراوەکانی دەوڵەت بە سەرمایەی تایبەت کە بە پلەی سەرەکی بە هێزەکانی ڕژێمەوە لکاون. لەسەر هەمان ئاڕاستە، ڕێگە خۆش کرا بۆ ئابووریی بازار و بازرگانیی ئازاد، و لابردنی ئاستەنگەکان لە بەرامبەر گەشەکردنی بازاڕی ناوخۆ بە شێوەیەك کە بە ئۆرگانیکی پەیوەست بێت بە جووڵەی سەرمایەی جیهانییەوە و ملکەچی هەڵبەز و دابەزین و قەیرانەکان و دینامیکییەتی جووڵەکەی بێت.

مێژووی بیست و سێ ساڵی ڕابردووی کۆمەڵگەی عیراق، مێژووی ململانێ و خەباتی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و گەنجان و ژنان بووە لەبەرامبەر ئەم سیستەمە سیاسییە، و بەرامبەر تێکچوونی ڕەوشی ئابوورییان لە سایەیدا، و لە سایەی سەرمایەداری و شێوازە ئابوورییە نیولیبرالییەکەی، کە بە نۆبەی خۆی قەیرانی سیاسیی سیستەمەکەیان هەمیشە قووڵتر کردووەتەوە. جەماوەر لەم قۆناغەدا ناڕەحەتترین زەحمەتیی ئابووری و فراوانترین مەودای بێکارییان بەسەردا سەپێنراوە، و تا ئێستاش ڕووبەڕووی سەرکوتکردنی ماف و ئازادییەکانیان دەبنەوە، بەتایبەتی ماف و ئازادییەکانی ژنان، و زەوتکردنی مافی کرێکاران لە بەکارهێنانی ئامرازە خەباتکارانە بەکۆمەڵەکانیان بەتایبەتی کاری سەندیکایی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و شوێنە ئابووری و خزمەتگوزارییەکانیدا.

> **بزووتنەوە ناڕەزایەتییە نوێیە فراوان و ڕۆژانە دووبارەبووەوەکانی ئێستا دژی بێکاری و بۆ دەستکەوتنی دەرفەتی کار و فەرمانبەریی (وظیفة)ی حکومی، و بزووتنەوەی دەرچووانی کۆلێج و زانکۆکان بۆ دامەزراندن، و ناڕەزایەتیی کرێکاران بۆ داواکارییە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بە مووچە و بارودۆخی کارکردنی گونجاوتر، و ناڕەزایەتییەکان بۆ هەموارکردنەوەی پلەبەندی مووچە و هتد، شەپۆلێکی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کرێکاریی نوێ و فراوان پێکدەهێنن، کە درێژەپێدەری مێژوویەکی بەردەوامی خەباتی چینایەتیی پرۆلیتارییە لەم کۆمەڵگەیەدا، و قووڵیی پەیوەندیی قەیرانی ڕژێمی سیاسی بەم خەباتە چینایەتییە و بە واقیعی تێکچوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان دەردەخات.**

خەباتی کرێکارانی سێکتەری پیشەسازی لە بەرامبەر سیاسەتەکانی ڕادەستکردنی کەرتی گشتی بۆ دەستی کەرتی تایبەتی و فرۆشتنی کۆمپانیاکانی ئەم سێکتەرە و لەسەرکار وەلانانی کرێکاران، لە ساڵی (٢٠٠٤-٢٠٠٦)، بۆ خۆی سەرەتای دەستپێکی سەرکردایەتیی ئەم توێژەی چینی کرێکار بوو بۆ سەرجەم خەباتی جەماوەری لە بەرامبەر تایبەتکردن و سیاسەتە نیولیبرالییەکانی دەوڵەتەدا، بەڵام بەداخەوە بە شێوەیەك گەشەی نەکرد کە کاریگەری بەرچاوی هەبێت لەسەر فراوانکردنی ئەم خەباتە تا هەوڵی توێژەکانی دیکەی چینی کرێکار لە شوێنە ئابووری و خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی دیکەدا، بگرێتەوە، کە ئەوانیش کەوتبوونە ژێر باری قورسی هەمان سیاسەتی ئابووریی نیولیبرالیی دەوڵەت.

عێراق لە تەواوی ماوەی ئەم ساڵانەدا، و بەتایبەتی لە ساڵی (٢٠١١)وە، واتە سەردەمی هەڵکشانی ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییەکان لە تونس و میسر، خاڵی نەبووە لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی گەنجان و زەحمەتکێشان و توێژە جیاوازەکانی چینی کرێکار، و لە بەرگری ژنان و نەوەی گەنجیان لە بەرامبەر کپکردنەوەی ئازادی و مافەکانیان و لە پێناو دەرفەتی کاردا، ئەم خەبات و ناڕەزایەتییە جەماوەرییانە بە ڕاپەڕینی (ئۆکتۆبەری ٢٠١٩) گەیشتنە لوتکە.

دوای سەرکوتکردنی ئەم ڕاپەرینە، ڕژێم توانی بەردەوامیی بەحوکمڕانییەکەی بدات، و ئەم هێزانەی دژە-شۆڕش توانییان چنگیان بەسەر حوکمی وڵاتدا توندتر بکەن. لەو کاتەوە و لەو قۆناغەی دوای ئەوەدا ئیتر ئەتوانیین بڵێین بوو بە سەردەمی بەرینتر بوونەوەی مەودای کۆنەپەرستی سیاسی و فراوانبوونی هەژموونی ئایدۆلۆژیی ئاینیی تایفی و نەتەوەیی بەسەر کۆمەڵگەدا، لەگەڵ سەپاندنی پاشەکشە بەسەر ماف و ئازادییەکانی ژنان و سەپاندنی "یاسای جەعفەریی".

بزووتنەوە ناڕەزایەتییە نوێیە فراوان و ڕۆژانە دووبارەبووەوەکانی ئێستا دژی بێکاری و بۆ دەستکەوتنی دەرفەتی کار و فەرمانبەریی (وظیفة)ی حکومی، و بزووتنەوەی دەرچووانی کۆلێج و زانکۆکان بۆ دامەزراندن، و ناڕەزایەتیی کرێکاران بۆ داواکارییە جیاوازەکانی پەیوەندیدار بە مووچە و بارودۆخی کارکردنی گونجاوتر، و ناڕەزایەتییەکان بۆ هەموارکردنەوەی پلەبەندی مووچە و هتد، شەپۆلێکی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کرێکاریی نوێ و فراوان پێکدەهێنن، کە درێژەپێدەری مێژوویەکی بەردەوامی خەباتی چینایەتیی پرۆلیتارییە لەم کۆمەڵگەیەدا، و قووڵیی پەیوەندیی قەیرانی ڕژێمی سیاسی بەم خەباتە چینایەتییە و بە واقیعی تێکچوونی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان دەردەخات.

ئەوە ڕوونە کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی کرێکاریی ئێستا لە گەرمەی پێشهاتەکانی جەنگی نێوان ئەمریکا و ئێران و ئاسەوارەکانیدا لەسەر عێراق بەڕێوە دەچێت، نەك هەر تەنها لە ڕووی ئابوورییەوە، بەڵکو لە ڕووی سیاسیشەوە، بەتایبەتی لەسەر هێزەکانی ڕژێم لە ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعی کە کەوتوونەتە ژێر گوشاری ڕێکخستنەوەی پێگە و سیاسەتەکانیان لە سایەی ئەم بارودۆخە جیوپۆلیتیکییە نوێیەدا.

ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئێستا لە عێراق، لە بنەڕەتدا ناڕەزایەتیی توێژەکانی پرۆلیتاریا و خەباتی کرێکارانی لە سەرکار و توێژەکانی زەحمەتکێشان و گەنجانی بێکارن لە کچ و کوڕ، و خەسڵەتیان ئەوەیە کە خەباتی داواکاریی ئابووریی چینی کرێکار و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەرین، و خەباتێکە کە دەتوانێت گەشە بکات بۆ بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوی چینایەتی بۆ وەدیهێنانی داواکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان و تەوژم بدات بە بەرزکردنەوەی هێز و توانای چینایەتیی پرۆلیتاری لە کۆمەڵگەدا و ڕۆڵی خۆی بگێڕێ لە هەڵکشانی ڕۆڵی سیاسیی چینایەتیی سەربەخۆی چینی کرێکار.

### سیاسەتی ئابووریی عەلی ئەلزەیدی وەڵام نییە بۆ قەیرانی سیستەمی سەرمایەداری لە عێراقدا، بەڵکو قووڵکردنەوەی زیاتریەتی!

سیاسەت و نەخشەی ئابووریی و تێزە ئابوورییەکانی عەلی ئەلزەیدی، سەرۆك وەزیرانی ئێستای عیراق، تەنها تێز و سیاسەت گەلێکی ئابووریی بۆرژوازیی بنبەستوون. تەواوی ئەوەی هەیەتی پەرەپێدانی سێکتەری تایبەت و نیولیبرالیزمی ئابووری زیاتر و فراوانکردنی بازنەی جێبەجێکردنی پرۆژەی "پەڕەی سپیی"یە! کە نیولیبرالیزمێکی بێ ئەملاولایە و ڕەها کراوە لەهەر کۆتوبەندێك، وە لە ئەنجامدا قووڵترکردنەوەی زیاتری جەمسەربەندیی ئابووریی چینایەتییە؛ کەڵەکەبوونی سەروەت و سامان لە جەمسەرێکدا، و کەڵەکەبوونی هەژاری و بێگوزەرانی لە جەمسەرێکی تردا.

پرۆسەی گەشەکردنی سەرمایەداری، وەك مارکس جەختی لەسەردەکا، پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایە و سەروەت و سامانە لە جەمسەرێکی کۆمەڵگەدا، و سەپاندنی هەژاریی ئابووری و بێگوزارانییە، لە جەمسەرێکی تریدا، و ئەمەش، بە سروشتی، یاساکانی جووڵەی سەرمایە و گەشەی سەرمایەداریی ئەمڕۆ لە تەواوی وڵاتاندا و لە سەر ئاستی جیهان پێکدەهێنن، و هەر ئەمەشە کە ڕەهەندی بەسام و کارەساتباری گرتۆتە خۆ لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیی هاوچەرخدا کە قەیرانی هەمەلایەنە و ئاوێتە زاڵە بەسەریدا.

عەلی ئەلزەیدی جەخت لەسەر ئابووریی بازار دەکاتەوە بۆ وەڵامدانەوە بە کێشە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی عێراق، وە ئەوە بە گەمژەیی لەقەڵەم دەدات کە "سۆشیالیزم"! چارەسەرێك بێت بۆ کێشە ئابوورییەکان، و دەوری دەوڵەت وەلادەنێ لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و هەر بوارێکی ئابووریشدا کە بە قازانجی جەماوەر بشکێتەوە، کەچی خۆی پەنا دەباتە بەر هەمان دەوڵەت، واتە دەزگای چینی بۆرژوازی بۆ چەوساندنەوەی چینی کرێکار، بۆ جێبەجێکردنی سیاستە ئابوورییە نیولیبرالییەکانی.

دیارە ئەو ، وەك نوێنەری سەرمایەو ڕژێم، یاساکان و دەسەڵات و داهاتی دەوڵەت بەکارناهێنێت بۆ وەڵامدانەوەبە پێداویستیەکانی دابینکردنی کار و باشترکردنی بژێوی و بارودۆخی کاری چینی کرێکار و جەماوەر، بەڵکو بەکاریان دەهێنێ بۆ فراوانترکردنەوەی شێوازێکی ئابووریی بونیاتنراو لەسەر بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی تایبەت و کەڵەکەبوونی. ئەمەش، فراوانتربوونی ڕووبەری گەندەڵی و پاراستنی هەرچی زیاتری بەرژەوەندییەکانی ڕەوت و حزبە سیاسییە ئیسلامی و ناسیۆنالیستە دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ خۆیدا دەهینی، لەسەر حیسابی سەختترکردنی باری ژیانی چینی کرێکار بە بەردەوامی، و گۆڕینی توێژگەلێکی هەرچی زیاتری دانیشتووان بۆ ناوەندەکانی پرۆلیتاریا کە دەرگیری مەینەتارییەکانی تێکچوونی ڕەوشی بژێوییان.

ئەم سیاستە ئابوورییانەی عەلی ئەلزەیدی کە ئامانجییان گەشەپێدانی سەرمایەدارییە لە عێراقدا، کە سەرمایەدارییەکی قەیراناوییە، لەسەر حیسابی بەهەژارکردنی بەردەوامی زۆربەی جەماوەر فەراهەمدێت، و لەم نیوەدا هەڵمەتە ڕووکەشەکانی بۆسەر گەندەڵی بەربڵاو لە پێکهاتەی سیستەمەکەدا، شتێك نییە جگە لە دەستخەرۆکردنی ئەم چینە و زۆربەی جەماوەر و لابردنی سەرنجیان لەسەر کێشە گەورەکانیان. هەر بەم پێیە، هێشتنەوەی پرۆلیتاریای گەنجی بێکار لەسەر باری هەژاریی خۆیان و فراوانترکردنی ڕووبەری بێکاری لە نێوانیاندا و هەموو بارقورسیەکانی تری بژێوی زۆربەی دانیشتوان.

لەم ڕێڕەوەدا، عەلی ئەلزەیدی وەك بەشێك لە هێزەکانی ڕژێم، دەیەوێت بەرهەمی هەموو ئەوەی کۆنەپەرستییە لە کۆمەڵگەدا دروێنە بکات بۆ خۆی و ڕژێمەکەی، لە باڵادەستیی ئاسۆی ناسیۆنالیستی و ئاینیی و تایفی و هەموو ئەوەی ئەم سیستەمە سەپاندوویەتی لە سەرکوتکردنی چینی کرێکار و ڕێگریکردن لە خەباتی بەکۆمەڵیان لەوانەش قەدەغەکردنی کاری سەندیکایی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەزگا ئابووری و خزمەتگوزارییەکانی. سەرەڕای ئەمە بەروبوومی سەپاندنی یاسا ئیسلامییە طائیفییە کۆنەپەرستییەکان و "یاسای جەعفەری" کە ژنان سەرکوت و بێماف دەکات و لەلایەن ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعییەوە سەپێنراون، دەچنێتەوە، لە نیویشیدا ئەوەی لەو یاسایانەوە دەکەوێتەوە لە لێکدابڕانی ڕیزەکانی خەباتی هاوبەشی چینی کرێکار و کپکردنەوەی ماف و ئازادییەکانی کچانی گەنجی پرۆلیتاریا.

ئەوەیە پەیوەندیی ئەم ڕژێمە سیاسییە و ستراتیژییە ئابوورییەکەی سەرۆکی حکومەتەکەی بە زۆربەی جەماوەرەوە، و هەر ئەوەشە کە قەیرانی سیاسیی ڕژێم قووڵتر و فراوانتر دەکاتەوە لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگاوە.

### قەیرانی ڕژێمی سیاسی و قەیرانی سەرمایەداری لە عێراقدا، پێکهاتەیەکی یەکگرتووی ئۆرگانیکن!

قەیرانی ڕژێمی سیاسی و قەیرانی ڕژێمی سەرمایەداری لە عێراقدا، و ئەو بارسەخەتییەی کە لە سیاستە ئابوورییە نیولیبرالییەکان کەوتووەتەوە بۆ سەر ژیانی کرێکاران و زۆربەی جەماوەر، پێکهاتەیەکی یەکگرتووی ئۆرگانیکن و یەکتری تەواو دەکەن.

بۆ ل٤ ◀◀

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

پاشماوەی ل٣ ▸▸

## ڕزگاربوونی کۆمەڵگە لە قەیران و چەقبەستوویی ڕەوشی ئێستا، لە ئاکامی کام ڕەوەند ؟

ئەو هەمەڕەنگیە زۆرەی کە هەیە لە پێکهاتەی هێزە سیاسییە ناسیۆنالیستی و ئیسلامییەکان و هێزە میلیشیاییەکانیاندا کە حوکمی وڵات دەکەن، و قووڵی و فراوانیی پشکپشکێنە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و تایفی و مەزهەبی، بۆ خۆیان دابەشکارییەکی لاوەکی و دابەشکردنی پێگە و ڕۆڵەکان پێکدەهێنێت لەناو ئەم قەوارە سیاسییە قەیرانواوییە گشتییەدا، وەك "گشتییەکەی" هیگل، کە دەوڵەتە، و سیستەمێکی سیاسییە کە گەندەڵی بە تەواوی بونیادەکەیدا بڵاوبووەتەوە و سێبەری بەسەر تەواوی ئەو بەشەنەدا کێشاوە و دەکێشێت، کە پێکهاتووە لێی.
ناکۆکییەکان و جیاوازیەکان و ململانێکانی نێو ئەم سیستەمە، واتە ململانێی نێوان بەشەکانی، واقیعیەتە، بەڵام مەیدانی یەکلاکردنەوەی ئەم ململانێیانە لە نێوان یەکتریدا نییە بەقەد ئەوەی لە قەوارە سیاسییە گشتییەکەدایە، واتە لەناو ڕژێمە سیاسیەکەدا. ئەمەش لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ سەپاندنی بەرژەوەندییەکانی هەر هێزێکی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی تایفی و هەر حزب و ڕەوتێك لە ڕێگەی بردنی پشکەکەی خۆی لە دەسەڵات و سەروەت و سامان، لە قەوارە گشتییەکە، لە دەوڵەت، واتە لە ڕژێمە دەسەڵاتدارەکە.

سەرەڕای ئەوانە، ئەم هێزانە درێژبوونەوەی هەرێمییان هەیە، هەربۆیە ڕژێمە سیاسییەکە بەرئەنجامی کۆکردنەوەی سادە و بیرکارییانەی بەشەکانی نییە، بەڵکو لەبنەڕەتەوە مۆرکی هەژموونی هەر یەك لە ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ڕژێمی ئێرانی پێوەیە. هەربۆیە ڕژێمە سیاسییەکە بەرئەنجامێکە (محصلة) کە ئاراستە سیاسییەکانی هەموار دەکرێنەوە و دەگۆڕدرێن بە گوێرەی ئەوەی هەر یەك لەو دوو دەوڵەتە تا چەند دەتوانن بەرژەوەندییە جیوپۆلیتیکی و جیوئابوورییەکانی خۆیان بەسەر ڕژێمی عێراقدا بسەپێنن.

قەیرانی ڕژێمی سیاسی و قەیرانی سەرمایەداری لە عێراقدا یەکتری تەواو دەکەن و بەردەوام کارلێك دەکەن، و بەردەوام کێشەیەك دەخولقێنن کە تەواوی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، و چارەسەرەکەشی بە ناچاری لەناو کۆمەڵگە خۆیدایە؛ وە وەك مارکس دەڵێت، مرۆڤایەتی هیچ کێشەیەك ناخاتە بەردەم خۆی ئیلا پێشتر چارەسەرکردنەکەشی دابین کردووە. پرۆلیتاریا کە هەردەم لە هەڵکشاندایە لە عێراقدا ئەو هێزە چینایەتییەیە کە لە ناو جەرگەی ئەم پرۆسەیەدا گەشە دەکات بە حوکمی لۆجیکی گەشەکردنی سەرمایە و سەرمایەداری، و لە ناوەڕاستی قەیرانێکی سیاسی و ئابووری وێرانکەردا کە کۆمەڵگە بەسەریدەبات.

ئەو سیاسەتە چینایەتییە پرۆلیتاریەی کە ئەتوانێ شۆڕشگێڕانە و گشتی بێت و چاوەڕوانییەکانی ئەم چینە عەکس بکاتەوە، ئەو سیاستەیە کە ئاڕاستەی خەباتی ئەم چینە لە بەرامبەر ڕژێمە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکە و دەوڵەت وەك گشتییەك، بەرقەرار بکات، و لە پێناو دامەزراندنی بەدیلە چینایەتییە کرێکارییەکەی لە بواری دەوڵەت و سیستەمی ئابووری و فیکری ئازادیخوازانەی پرۆلیتاری.

ڕەوتە فکرییەکان و حزب و ڕێکخراوە سیاسییە بۆرژوازییە نەتەوەییە نیمچە-لیبرالییەکان و حزبەکانی بۆرژوا ناوەند و بچووك کە بانگەشە بۆ چاکسازیی سیاسی و کۆتاییهێنان بە گەندەڵی، و گێرانی دەوری دەوڵەوت لە چاودێریکردنی کۆمەڵگە، و کۆکردنەوەی چەك لە دەستی دەوڵەتدا دەکەن، وە باس لە بونیادنانی دەوڵەتی مەدەنی دەکەن، بە ناوی چەپ یان هەر ناوێکی تر، لە بەرامبەر واقیع و گەورەییی ئەرك و ئاڵنگارییەکاندا خۆ ڕاناگرن. ئەوان بەم سیاسەت و کردەوەیان وەك ئەوەیە کە بەشداربن لە سیناریۆیەکدا کە زیاتر لە گاڵتەجاڕی بچێت، نەك بەشداریکردن وەك خودێکی کاریگەر لەسەر گۆڕینی جیهانی دەوروبەر.

سیاسەتی چینایەتیی پرۆلیتاری و بەرزکردنەوەی ئاڵای بەدیلی کۆمۆنیستی وەڵامەکەیە، و ئەوەیە کە دەتوانێت جیهانێکی ئازادکراو لە مەینەتی و سەرکوتکاری و جەنگ و خورافیات بەدەست بهێنێت.

### ڕزگاربوونی کۆمەڵگە لە چەقبەستوویی ڕەوشی ئێستا، ئاکامی ململانێی چینایەتییە؟

خاوەنی بەرژەوەندیی ڕاستەقینە لە باشترکردنی ڕەوشی کۆمەڵگە و ڕزگارکردنی لەم ڕەوشە ناهەموار و کارستبارەی ئێستا، جەماوەری چینی کرێکار و ڕەنجدەران و نەوەی هەڵکشاوی پرۆلیتاریای گەنجە کە سەر بە ڕیزەکانی ئەم چینە فراوانەن، کە خۆیان لە سایەی ئەم ڕەوشەدا کەوتوونەتە تەڵەی هەژاری و باری وێرانی ئابوورییەوە.

ئەوەی دەیەوێت کۆمەڵگە بونیاد بنێت و لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەی پێ بدات بە شێوەیەك کە خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دابین بکات و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وەدی بهێنێت، ئەم جەماوەرەیە، و ئەم هێزە چینایەتییەیە کە بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بە گشتی دێنەوە. ئەمە ئەو چینەیە کە لەسەر ڕێڕەوی گەشەکردنی مێژوویی کۆمەڵگەیە، و دەتوانێ بەردەوامی و گەشەکردنی کۆمەڵگا بپارێزێت، بەڵام ئەمە لە ڕێگەی بەهێزکردنی خەباتە چینایەتییە سەربەخۆکەی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییەوە بەرەوپێش دەچێت بۆ سەروسیمادان بە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئازادیخوازانە و ئابووریی کۆمەڵگە، بە ووشەیەك؛ بۆ وەدیهێنانی سۆشیالیزم.

ئەم چینە کەمی نەهیناوە لە بەرینی ناڕەزایەتییەکان، و لێکهەڵپێکرانی بەرژەوەندییەکانی خەباتە ئازادیخوازەکەی بە بەرژەوەندیی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگاوە، بەڵکو ئەوەی کەمی هێناوە، نەگۆڕانی بەدیلە سیاسی و ئابوورییە سۆشیالیستییەکەیەتی بۆ ئاسۆیەکی زاڵ لەناو خەباتە چینایەتییەکەیدا و لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا.

ئەم بزووتنەوە پرۆلیتارییەی کە پیویستە لە ڕووی تیۆرییەوە خاراو کرابیت و لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ بێت و لە ڕووی حزبییەوە ڕێکخراو بێت بە دەوری بەرژەوەندییە چینایەتییە سۆشیالیستییەکانیدا، لە ڕێگەی بەرنامەی ئامادەکراو لە دەرەوەی بزووتنەوەکە نایەتەدی؛ واتە بە پرۆژەی ئامادەکراوی گروپی دیماگۆگی نا-حزبیی و نا پرۆلیتاری لە دەرەوەی ڕیزەکانی خەباتی ئەم بزووتنەوەیە شکڵ ناگرێ، و بە کۆمەڵە بڕیارێکی پوخت داڕیژراو و ڕوون نایەتەدی، بەڵکو لەناو جەرگەی خەباتە پرۆلیتارییە بەردەوامەکانی ناو کۆمەڵگەدا و بۆ وەڵام بە ئامانجەکانی ئەم بزوتنەوەیە پەرەدەسێنی و سەر و سیمای خۆی کامڵ دەکات.

بە کورتی، ئەمە لە ناودڵی ئەم بزووتنەوە پرۆلیتارییە خۆیدا وەدی دێت، لە ڕێگەی یەکخستنی خەباتە ئابووری و سیاسی و فکرییەکەی لە یەك خەباتی چینایەتیی کۆمۆنیستیدا، و لەناو بزووتنەوەیەکی ڕێکخراوی حزبی کە بونیادەکەی و کۆڵەکەکانی لەناو بزووتنەوەکە خۆیدا جێگیر دەکرێن نەك لە دەرەوەیدا. ئەمەش کاکڵەی کێشە ئازادیخوازەکەی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت.
٢٠٢٦/٩/١٥

> **ئەم بزووتنەوە پرۆلیتارییەی کە پیویستە لە ڕووی تیۆرییەوە خاراو کرابیت و لە ڕووی سیاسییەوە سەربەخۆ بێت و لە ڕووی حزبییەوە ڕێکخراو بێت بە دەوری بەرژەوەندییە چینایەتییە سۆشیالیستییەکانیدا، لە ڕێگەی بەرنامەی ئامادەکراو لە دەرەوەی بزووتنەوەکە نایەتەدی؛ واتە بە پرۆژەی ئامادەکراوی گروپی دیماگۆگی نا-حزبیی و نا پرۆلیتاری لە دەرەوەی ڕیزەکانی خەباتی ئەم بزووتنەوەیە شکڵ ناگرێ، و بە کۆمەڵە بڕیارێکی پوخت داڕیژراو و ڕوون نایەتەدی، بەڵکو لەناو جەرگەی خەباتە پرۆلیتارییە بەردەوامەکانی ناو کۆمەڵگەدا و بۆ وەڵام بە ئامانجەکانی ئەم بزوتنەوەیە پەرەدەسێنی و سەر و سیمای خۆی کامڵ دەکات.**

## لە چیدا لێکناچن ... مەغریب و کوردستان!

**جەمال کۆشش**

دوای (٤٥) ڕۆژ لە کۆچی بەکۆمەڵی لاوانی مەغریب بۆ هەر دوو شاری ئیسپانیایی سویتا و مەلیلە (Ceuta – Melilla) – سبتة و مليلية (سەبتە وەك بەعەرەبی ناوی دەهێنن) کێشەی پەنابەران، ئاڵۆزترە لەوەی چاوەڕوان دەکرێت؟

کۆتایی (تەمموزی ٢٠٢٦)، لەگەڵ دەستپێکردنی پشوی هاوینە و جەژنی پادشایی وڵاتی مەغریب، دەنگۆی والآبوونی خاڵی سنوری "سویتا" سەرووی (٧٠) هەزار کەس لە لاوانی کوڕان و کچان و منالآن بە تەلبەندەکاندا هەڵگەڕان، یان ڕێگای ئاوی بەمەلەوانی بەپڕ مەترسیترین سەرکێشی دەپەڕینەوە، بەداخەوە نزیکەی (٨٠) کەس بەخەونی دەسپێکێکی نوێی ژیان گیانیان لە دەستدا، لەنێویاندا (فاتن بن عومەرئەلعەزیزی)، کچە وەرزشکاری یانەی تەتوانی و ئەتلەنتیك تانجە (طنجة).

فاتن ئەلعەزیزی ... گەورەترین ئازار و تێکشکانی خەونەکانی نەوەیەك بوو ڕۆشنایی ئومێدی ئەستێرەیەکی گەشی تۆپانێی ژنانی مەغریب، لە شەوی (٢٩) لەسەر (٣٠) مانگی (٧)ی ئەمساڵ (٢٠٢٦) لە سنورە ئاوییەکانی مەغریب/ئیسپانیا نزیك لە قەراخی بەری سویتا بە یەکجاری کوژایەوە. فاتن، چوارەم لە پێنجەمی منالی خێزانەکەی بوو، فاتن هەر لەمنداڵییەوە، خولیاو شەیدای تۆپانێ بوو، هەر بەتریکۆتەوە (جلی وەرزش) دەنوست و هەڵدەستا. فاتن لە تیپەکانی ئەتلەنتیك تانجە و تەتوانی مەغریبی بوو، لە شوێنی چەپی بەرگریکار یاری دەکرد و هەندێ جاریش کاپتن بوو، بەڵام وەك یاریکەری پیشەیی نەناسێنرابوو.

زۆر خەونی بوون بە وەرزشکارێکی ئەستێرەیی و باشبوونی ژیانی خێزانەکەییەوە دەبینی، چونکە دایك و باوکی لێك جیاببونەوە و زۆر دەستکورت و هەژار بوون، پێش پێنج (٥) ڕۆژ بەر لە مەرگی، ژوورۆچکەیەکی لاچەپیان لە حەوشەکەیان بۆ چێکرد کە هێشتا بزگوڕەکانی لەنێو عەلاگەکاندا ماوون وەك تەنها یادگارییەك! فاتن لە گۆڕستانی سەرووی ماڵی خۆیان کاری سەختی ئاودانی گوڵەکانی دەکرد، هەندێ جار هەر لە گۆڕستانەش دەنووست.

ئەوە دووەم جاری بوو کە هەوڵبدات بۆ دەرەوەی وڵات و تەنانەت فۆرمی داوای (فیزەی شەنگن)یشی پڕ کردبۆوە بۆ ئەوەی بەڵکە ئێ، بەخت یاوەری بێت لە یانەکانی ئیسپانیا!، بەڵام لەبەر بێمتمانەیی بەکارمەندەکانی دەوڵەت واستە و واستەکاری حەوسەڵەی چاوەڕوانی نەما. ئەو شەوە لەگەڵ برایەك و خوشکێکی بەگەڵ هەزارانی تر کەوتن. فاتن قەبارەی گەورەترین ئازار و ئاوات و هەوڵەکانی نەوەیەکی لەخۆیدا گوزارشت لێدەکرد.

### تەنگژەی دبلۆماسی دەرەوە بۆ شاردنەوە هۆکارەکانی ناوەوە

سەرۆك دۆناڵد ترامپ، کۆچەکەی بۆ بێتوانایی حکومەتی ئیسپانیا و دەستەپاچەیی سەرەك وەزیران سانشێز (Pedro Sanchez) گەڕاندەوە و سەرکۆنەی یەکێتی ئەوروپای کرد، کە بێدەنگن "حکومەتی سانشێز ڕەدی کردەوە خاکەکەی بۆ پەلاماری ئێران بەکاربهێنرێت". حکومەتی شانسێز، بە هەڵبەستنی زانیاری ناڕاست و هاندان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئیسرائیل و ڕوسیای لە پشت ئەم کۆچی بەکۆمەڵەوە ناساند. نەتانیاهۆ بەهۆی پشتگیری حکومەتی ئیسپانیا لە فەلەستینیەکان، وتبوی "دەبینیت چیت بەسەر دێت". یەکێتی ئەوروپا بە هەرە دیموکراسییەکانی ناویان، فینلاند و دانمارك تا نیو فاشیستەکەی ئیتالیا، هەڕەشەی سرکردن و دەرکردنی ئیسپانیایان لە ڕێککەوتنامەی شەنگن کرد. چەندان تێۆری تر، ڕەنگە ئەم ئەگەرانە هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە کاریگەر بن و لە شیکارییەکانی نێو میدیای کوردیشدا گوێمان گرت و خوێندمانەوە، وەلێ ئەوەی وون بوو، چیرۆك و خەون و کارەساتەکانی پەنابەران بوو.

سویتا و مەلیلە

سویتا شارۆچکەیەکە دەکەوێتە سەر دەریای ناوەڕاست و لە کیشوەری ئەفەریکادایە، چەندین سەدەیە بەشێکە لە خاکی ئیسپانیا و یەکیتی ئەوروپا بەسنوری خۆی دەزانێت. وە یەکێکە لە دەروازە گرنگەکانی سنوورە ئاوییەکان و ساڵانە کارەساتی خنکانی پەنابەران چەندین بارە دەبێتەوە. سویتا دانیشتوانەکەی (٨٥) هەزارکەس دەبن و شارێکی ڕەنگین و پڕ سیحرە. ستاتووە گەورەکەی هەرقل لە نێو دوو ستوندە گەورەکەیدا، سویتای بە پێکگەیشتنی دوو کیشوەر ئەوروپا و ئەفەریکا ڕازندۆتەوە.



گەشەی سەرمایە و داڕمانی خزمەتگوزارییەکان پێشکەوتنێکی بەرچاو لە گەشە و کەڵەکەی سەرمایەداری لە مەغریب بەتایبەت لە ساڵانی دوو هەزار بەدواوە دەستپێکردووە، بەڵام لە پێناو باشترکردنی ژیانی گشتیدا، ڕۆڵێکی تێکدەرانە و نێگەتیفی گێڕاوە، بێکاری لەنێو تەمەنی (٢٤ تا ٣٥ساڵیدا) لە سەدا (٣٧) و لەنێو دەرچوانی زانکۆدا لە سەدا بیست تێدەپەڕێت. سیستەمی تەندروستی لە داڕمانێکی تەواو دایە، ساڵی پار ئەم کاتانە هەشت ژن لە نەخۆشخانەی "حەسەنی دووەم" لە شاری ئەگادیر گیانیان لەدەستدا. بۆ هەر دە هەزار دانیشتوان (٧ تا ٨) پزیشك هەیە و ناوچە هەژارنشینەکان و لادێیەکان بەتەواوی فەرامۆشکراون.
لێکۆڵەرە کۆمەڵایەتییەکان، گەندەڵی بەخوێنبەربوونی ئابوری مەغریبی دەزانن. ڕاپۆرتی دەزگای چاودێری نەهێشتن و بەرەنگاربونەوەی بەرتیل مەزندە دەکات ساڵانە نزیکەی (٥٠ ملیارد درهەم بێت کە دەکاتە نزیکەی ٥.٣٣ ملیارد دۆلاری ئەمەریکی). ئەمەش یەکسانە بە بودجەی سەرجەم کەرتە کۆمەڵایتییەکان. ئەم هەلومەرجە وای کردووە ئازادی سیاسی و بەتایبەت ئازادی ڕۆژنامەگەری بەرتەسك بکرێتەوە و هەوڵبدرێت بەپێی یاسا ڕێگە لە دەستڕاگەیشتن بەزانیاری کۆنترۆڵ بکەن. بەپێی ڕاپۆرتی پەیامنیرانی بێسنوور مەغریب لە ڕیزی (١٢٠) دەوڵەتدا بوو بۆ ساڵی (٢٠٢٥).
نارەزایەتییەکان و خۆپێشاندانەکان نەوەیەکی نوێی پرۆلیتاری ئەمڕۆ لە مەغریبدا لەگەڵ بەشە هەژار و زەحمەتکێشەکەی کۆمەڵگادا، چەندین ساڵە خۆپیشاندانی بەردەوام لە دژی دەسەڵاتی گەندەڵ، لە دژی بێکاری و سەندیکاکرێکارییەکان بۆ مافەکانی کرێکاران و تەنانەت قوتابیان و بە دایك و باوك و کەسوکارییانەوە چەندین جار خۆپیشاندانی جەماوەریی فراوان و لە زۆربەی شارەکان بەتایبەت ڕەبات (رباط) و دارولبەیزا (دار البيضاء) بەرپاکردووە و تەنانەت تا هەڕەشەی تێهەڵچوونی گەورە و داوای دەستکێشانەوەی سەرۆك وەزایرانیان کردووە، بەڵام دەوڵەت لەبەرامبەر خۆپیشاندەراندا، سەرکوتی خوێناوی و زیندانی و گرتنی پەیڕەو کردووە.
لە کاتی هەوڵدان بۆ داگیرکردنی بنکەیەکی جەندرمەی شاهانەی مەغریب (دەرەك ئەلمەلەکی – درك الملكي) کە دامەزراوەیەکی ئەمنی و سەربازیی شاهانەیە، لە شاری قەلیعە (٣) گەنج کوژرا و (٤٠٩) کەسیان زیندانی کرد کە زۆربەیان مێردمناڵ بوون، (٢٨) کەسیان برینداركرد. دەوڵەت بەناچاری دەست بۆ هەندێك ڕیفۆرم لە کاتی خۆپیشاندان و کارەساتەکاندا دەبات، وەك بڕیاری تەرخانکردنی (١٥) ملیارد دۆلار بۆ کەرتی تەندروستی و پەروەردە.

### مامەڵەی ئیسپانیا لەگەڵ کۆچکردوان

ئیسپانیا لە بڕیارێکی ناوازەدا، پێدانی مافی مانەوەی یەکساڵی بە کەسانێك دا کە لە ناوەڕاستی مانگی (٦)ی (٢٠٢٥)ەوە لەنێو خاکی ئیسپانیا دەژین. بەم شێوەیە زیاتر لە نیو ملیۆن کەس سودمەند دەبن، بەڵام ملیۆنێك و دوو سەد هەزار کەس داوایان پێشکەش کردووە. ئەو کەسانە مافی مانەوەیان هەیە، فورسەتیان بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەڕەخسێنرێت. ئەمەش شانس بەهەزاران کرێکار دەدا کە بەر لەو بڕیارە بەدزی و کۆیلەیی کار لە کەرتەکانی کشتوکاڵی و بیناسازی و پاککردنەوە دەکەن. ئەم کەسانە کە لە کۆچکردوو، وە پەنابەرانن بەشێکی سەرەکیان ئەمەریکایی لاتینن و سەدا (١٣.٣) مەغریبین.

کەمپی فریاگوزاری بۆ پەنابەران، گواستنەوەی لاوان و منالآن و ژنان نزیکەی دە هەزار پەنابەر هێشتا لە سویتا دەژین، ئەوانەی دی گەڕانەوە.




پەنابەران لە قەراخ ئاوەکان و سەر گرد و دۆڵەکان و پارکەکانی شار و بندیوارەکان ڕۆژ دەکەنەوە لە توانای لۆجیستی و ئینسانی ڕێکخراوە ئینسانی و خەڵکە بەتەنگهاتووەکانی ئەم شارە گەورەترە. هەلومەرجێکی ئاڵۆز و پڕکێشەیی بۆ ئەم ناوچەیە خولقاند.

لایەنە ڕاستەکان و حزبە کۆنەپەپارێزەکان، قین و بێزاری لە سیاسەتی حکومەت دەردەبڕن و هانی خەڵك دەدەن لە دژی پەنابەران خۆپیشاندان بکەن. پەنابەرانیش لەبەرامبەر سەرما و برسیەتی و بێ جێگەوڕێگەیی و بە ئومێدی ڕزگاربونیان دەستیان بە ناڕەزایەتی دەربڕین کردووە.

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دەوڵەت (٤٠٠) ملیۆن یۆرۆی تەرخانکرد بۆ سویتا و یەکێتی ئەوروپا (١١٥) ملیۆن یۆرۆی بەخشی وەك پشتیوانی بۆ ئیسپانیا. ئەم پارانە بۆ دابینکردنی کەمپ و گواستنەوەی مێرمنداڵ و منالّ و ژنەکانە بۆ شوێنی تایبەت لەگەڵ بودجە بۆ لەشکری ئیسپانیا بۆ پاراستنی سنور و بۆ ڕێکخراوەی ﴿ئاژانسی پاسەوانی سنوور و کەنار ئاوەکانی ئەورووپا (فرۆنتێکس–Frontex)﴾ بۆ هەمان مەبەست.

### ئیسپانیا و یەکێتی ئەوروپا، وە ئیسپانیا و مەغریب

سیستەمی پەنابەری یەکێتی ئەوروپا لە مانگی شەشی ئەمساڵەوە (حوزەیرانی ٢٠٢٦) چۆتە پرۆسەی جێبەجێکردنەوەوە. بەگوێرەی ئەم یاسایانە، ئەو پەنابەرانەی دێنە سنورەکانەوە، هەر لەو جێگایانە لە کەمپەکاندا جێگیردەکرێن و دەخرێنە پرۆسەی خێرای وەڵامدانەوە بە داواکانیان، وە ئەگەر داواکانیان ڕەفزبوەوە، هەر لەوێ یەکسەر بۆ وڵاتی سێیەم یان وڵاتی دایك دیپۆرت دەکرێنەوە.

ئەگەر وەڵامی داواکاری پەنابەری پۆزەتیف بوو، پەنابەر دەگواسترێتەوە بۆ ناو ئەوروپا و دابەشدەکرێت بەسەر دەوڵەتەکاندا. وە تەواوی بایۆمەتری و دۆکیومنتە شەخسیەکانی لە سەنتەرێکی هاوبەشی ئەوروپادا کۆدەکرێتەوە بەناوی (ئیرۆدۆك–Eurodoc).

ماوەیەکی زۆرە ئیسپانیا و یەکیتی ئەوروپا لەگەڵ حکومەتی مەغریب بۆ پاراستنی سنورەکان و ڕێگری لە پەنابەرانی وڵاتانی ئەفەریکا، وەرگرتنەوەی پەنابەرانی دیپۆرتکراوە لێکتێگەیشتنیان هەیە، وەك ئەوەی لەگەڵ تورکیا و جەزائیر هەیانە، بەڵام بەگوژمێکی کەمتر.

### چارەنوسی تراژیدیایی و هاودەردی

کاتێ ناڵە و دادی باوکی لاوێکی (١٥) ساڵەم بینی لە سەنتەری بێسەروشوێنان لە سویتادا کە نەخۆشخانە نەماوە، بنکەی پۆلیس نەماوە نەگەڕێ، و تەلەفۆنی کوڕەکەی (٣) ڕۆژە داخراوە، هەمان ئەو ئاخ و حەسرەتانەم هاتەوە یاد کە چۆن دایکێك ڕۆڵەکەی لە بەردەمی خۆیدا ئاوی ئیجە دەیبات، چۆن کۆمەڵێك گەنج گۆرانییەکەی ئەردەلآن پێکەوە (٥) خولەك پێشنوقمبونی یەختەکەیان دەڵێنەوە، چۆن جەندرمەی تورکیا گوللەبارانی گەنجانی سلێمانی لەسەر سنوری شەڕناخ دەکرد، چۆن ئاگر لە لۆرییەکەی یۆنان بەربوو کە پڕ بوو لە پەنەباران، دەیان کارەساتی ڕەقبونە لە سەرما و خنکانی کەنداوی بەریتانیا و هەموو ئەوانەم هاتەوە یاد!

### تێکشکاندنی سنورەکان و ئازادی نیشتەجێبوون

چارەنوسی ملیۆنان لاو لەنێو بێکاری و هەژاریدا لەگەڵ سەرکوتی خوێناویدا بەرەوڕووە. لەم ماوانەدا لەنێو بزوتنەوەی سۆشیالیستیدا و لە خۆپیشاندان و گردبوەنەوەکاندا دروشمێك (شعارێك) دەڵێننەوە: بە ئاڵای جۆراجۆرەوە ... یەك خەبات! خەبات بۆ تێکشکاندنی سنورەکان و ئازادی نیشتەجێبوون.
سەرەتای ئەیلولی ٢٠٢٦

پاشماوەی ل١

# کوشتنی ژنان، لوتکەی شاخە بەفرینەکەی توندوتیژیی خێزانییە کە لە پشت هەواڵەکانەوە شاردراوەتەوە

شیرین عەبدوڵا

"المدونة الجعفرية"ی کە هەموارکردنەوەیەکی دژە ژنی یاسای باری کەسێتی (ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩) بوو، کاریگەرییە نیگەرانکەرەکانی بۆ سەر ژیانی ژنان و منداڵان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەردەکەون؛ لە بەهێزکردنی هەژموونی پیاوسالارییەوە تا کەمکردنەوەی مافەکانی ژنان لە جیابوونەوە، و بەخێوکردنی منداڵ، میرات و هاوسەرگیریپێکردنی کچانی منداڵ (القاصرات).

ئاشکرایە ئەم ژمارانەی بەردەستن، سەرەڕای سامناکیان، کە بە زۆری لە میدیاکان و سەرچاوەی نارەسمییەوە بە دەست دێن، تەنها بەشێکی بچووکی واقیعەکەن. ژمارە ڕاستەقینەکان زۆر زیاترن؛ جگە لەوەی بەشێك لە مردنەکانی ژنان تەنانەت بە فەرمی تۆماریش ناکرێن، هەندێکیش لەو مردنانەی بە "نادیار" ڕادەگەیەنرێن لە ڕاستیدا کوشتن یان خۆکوژین. هەندێك جار هۆکاری ڕاستەقینەی مردنەکە دەگۆڕدرێت یان دەشاردرێتەوە، یان فایلەکانیان دادەخرێن لەبەر پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتیی پیاوانی بنەماڵەکە و بۆ دوورخستنەوەیان لە لێپرسینەوەی یاسایی و پزیشکی دادوەری. صوڵحی عەشائیری یان ئاشتەوایی بە پێدانی پارە لە تاوانەکانی کوشتنی ژناندا هێشتا لە هەندێك شوێن پەیڕەو دەکرێت.

ڕاستییەکی تاڵیش هەیە کە دەبێت بیزانین: ئەویش ئەوەیە کە لە بەرامبەر هەر حاڵەتێکی کوشتن یان خۆکوژیدا، وە لە پشتی سەردێڕی هەواڵەکانەوە، شاخە بەفرینەیەکی شاردراوە هەیە. هەزاران ژن ڕۆژانە لە جەنگی مان و نەماندا و لە حاڵەتی دڵەڕاوکێ و بێ ئارامیدا، لە پشتی دەرگا داخراوەکاندا دەژین، لە سایەی توندوتیژیی خێزانی و دەسەڵاتی پیاوسالاریدا، کە ئاوات و ئامانجەکانیان بە ناوی دابونەریتەوە دەنێژرێن.

جگە لەمەش، پەتای بڵاوبووەوەی گێچەڵپێکردن، سووکایەتیی زارەکی، دەروونی و جەستەیی، چ لە جیهانی واقیعدا یان لە فەزای دیجیتاڵیدا، کە زۆربەی هەرەزۆری ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە وەك جۆری ڕەفتاری بە نزم سەیر کردن و بووە بە بەشێك لە "ڕۆتینی ژیان".

جا بەو پێیەی ژنان لە منداڵییەوە لەسەر ملکەچبوون، بێدەنگی، دانبەخۆداگرتن و قبووڵکردنی ئەم ئەمرە واقیعە، پەروەردە دەکرێن، ئەم دۆخی نزمتر و توندوتیژییە سیستماتیکە بەرامبەریان دەبێتە دیاردەیەکی ئاشنا و "ئاسایی" کە سەرنج ڕاناکێشێت، و دەبێتە جێی بێباکی کۆمەڵایەتی، بەڵکو بگرە چاو لێ پۆشین، لەلایەن تەواوی کۆمەڵگەوە.

هەرچەندە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئاسۆی نوێی لەبەرامبەر ژناندا کردۆتەوە بۆ هۆشیاربوونەوە و دەربڕینی دۆخی خۆیان و بەدەستهێنانی هاوپشتی و دۆزینەوەی ڕێگەی بەرەنگاربوونەوە، بەڵام دەبینین توندوتیژی بە ئاسانی خزێنراوەتە ناو فەزای دیجیتاڵییشەوە. لە ساڵانی دواییدا بینیمان چۆن ئەلگۆریتمەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نەك تەنها یارمەتیدەر بوون لە ئاساییکردنەوەی ڕق بوون لە ژنان و توندوتیژی بەرامبەریان، بەڵکو هاندان بە دژی ژن و بڵاوکردنەوەی ژەهری پیاوسالارییان کردووەتە ناوەرۆکێکی چێژوەرگرتن بۆ کات بەسەربردن و قازانجبەخش، و دەرفەتی بێپایانیان بۆ پیاوسالاران ڕەخساندووە بۆ کاریگەری دانان لەسەر گەنجان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شێوازە نەریتییە کۆنەپەرستەکان، بەجۆرێك فەزای دیجیتاڵی بوەتە ئاوێنەیەکی بە چەندین بەرامبەر خراپتر لە واقیع.

ڕەنگە یەکێك لە مەترسیدارترین ئەو شتانەی فەزای دیجیتاڵی بەرامبەر ژنان بەرهەمی هێنابێت لە چوارچێوەی ئاساییکردنەوەی دژە ژنیدا، ئەو ڕەوتە بێت کە پێی دەوترێت "مانۆسفیر" (فەزای پیاوانە)، کە گەنجان ڕادەهێنێت لەسەر شێوازەکانی سووکایەتیکردن بە ژنان و بەکارهێنانی وشەی فێڵبازانە بۆ یاریی دەروونی، تا دەگاتە جوێن و سووکایەتی و جۆرە کردارێك کە دەبێتە هۆی دەستدرێژی سێکسی و ئازاردان و لێدان، کە دەکرێت کۆتاییەکەشی کوشتن بێت.

ژیانی ئەو ژنانەی لە سایەی توندوتیژیدا دەژین، بایەخێکی کەمی میدیایی و سەرنجێکی کەمی کۆمەڵایەتییان پێدەدرێت، چونکە چیرۆکە ڕۆژانەییەکانیان بێزارکەر و دووبارەن و نەشیاون بۆ سەردێڕی هەواڵەکان؛ جا لە ناو جەرگەی کارەساتی مان و نەماندا، ئەو ڕووبەرە تا دێت بچووکتر دەبێتەوە کە ژیان و بوونیانی لەسەر وەستاوە. ڕاستییەکی تاڵی دیکەش ئەوەیە کە هەر یەکێك لەو ژنانە لەوانەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان چارەنووسی کوشتن یان خۆکوژی بێت و ببێتە ژمارەیەك و بچێتە سەر ژمارەی لیستی ساڵانەی قوربانیانی توندوتیژیی خێزانی و کۆمەڵایەتی.

## چ شتێک کوشتنی ژنان لە تاوانەکانی دیکەی کوشتن جیا دەکاتەوە؟

لە نێوان هەر پێنج ژنێکدا یەکێکیان بەدەست توندوتیژیی ناوخۆی خێزانەوە دەناڵێنێت، کە دیاردەیەکی بڵاوە لەسەر ئاستی جیهاندا و هەندێکیان بە کوشتن کۆتایی دێت. کوشتنی ژنان تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لە تاوانەکانی تری کوشتن جیای دەکاتەوە:

- کوژەرەکە کەسێکی نامۆ نییە: زۆربەی تاوانەکان لەلایەن ئەندامانێکی خێزان، یا بە یارمەتی ئەندامانی خێزان، وەیا کەسانێکی نزیك لە خێزان ئەنجام دەدرێن کە زۆربەیان پیاون. هۆکاری سەرەکیی کوشتنی ژنانیش تەنها ئەوەیە کە "ژنن". بێگومان پیاوانیش دەکوژرێن، بەڵام بە هۆکاری تەواو جیاواز کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم وتارەدایە.

- ### کوشتنی ژن ڕووداوێکی خۆبەخۆیی و کتوپڕ و ساتەوەختی نییە:

بەڵکو لەسەر پاشخانی کەڵەکەبوونی ساڵانێکی درێژ لە پەراوێزخستن، توندوتیژی، سووکایەتی و کۆنترۆڵی زۆرەملێ ڕوودەدات. کوشتن یەکەم یان تاقە ڕەفتاری توندوتیژی نییە کە پیاوی تاوانکار بەرامبەر بە ژنان دەیکات؛ بەڵکو زۆربەی جار ئەم پیاوانە مێژوویەکی درێژیان هەیە لە پەیڕەوکردنی ڕەفتاری کۆنترۆڵکردن و توندوتیژیی بەرامبەر ژنێکی دیاریکراو یان بەرامبەر ژنان بە گشتی هەیە. لە بەرامبەردا ژنەکە ساڵانێکی زۆر چەوسانەوەی چەشتووە و ئەوپەڕی هەوڵی خۆ گونجاندنی داوە، و هەوڵی زۆر گەورەی داوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەکە، و پەنای بۆ هەموو ڕێگەیەکی بەرگری بردووە بە هیوای ڕاگرتن یان کەمکردنەوەی ڕادەی توندوتیژییەکە، ئەمە لە لایەك، و لە لایەکی ترەوە هەوڵی داوە بۆ پاراستنی خۆی و منداڵەکانی و پاراستنی ژیانی هاوبەش و قەوارەی خێزانەکەی کە کۆمەڵگە تەواوی بەرپرسیارێتییەکەی دەخاتە سەر شانی ژن.

- ### سیستەمی کۆمەڵایەتی پاساو بۆ تاوانبار دەهێنێتەوە:

ئەوەی لە دیاردەی توندوتیژی و کوشتنی ژناندا سەرنجڕاکێشە و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ بەردەوامبوونی، ئەوەیە کە کردارێکی تاکەکەسیی کەسێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو کۆمەڵگە بە تەواوی پێکهاتە و دامەزراوەکانییەوە تێیدا بەشدارە. کوژەر کە هەڵدەستێت بە تاوانەکەی، دڵنیایە لە پشتگیریی کۆمەڵایەتی و شاردنەوەی تاوانەکە یان ئەنجامدانی سزایەکی سووکتر (ئەگەر هەبێت). لەوانەیە توندوتیژی لە ناو تایبەتمەندیی پەیوەندییە خێزانییەکان و لە پشتی دیوارەکاندا بە نهێنی ڕووبدات، بەڵام فەرهەنگی هەژموونی پیاوسالاری لە ناو سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ڕێگە بۆ ئەم توندوتیژییە خۆش دەکات و پاساوی بۆ دەهێنێتەوە، بەوەی کە ئەرکی پیاو دیاری دەکات بە تەمبێکردنی ژن و دەستەبەرکردنی ملکەچبوونی بۆ شێوازی باو کە بوونی ئەو دەسڕێتەوە و ڕێگە لە خۆبەدیهێنانی وەك مرۆڤ دەبەستێت، بەمەش ماف بە کوژەر دەدات لەسەر حیسابی "شەیتانندنی" ژنەکە.

## کێ زیاتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە و کێ کەمترین سزا وەردەگرێت؟



لە ناو کۆمەڵگای نایەکسانی ئێمەدا، هەر وەك هەموو لایەنەکانی تری ژیان، توندوتیژی بە نایەکسانی ڕەنگ دەداتەوە و لەگەڵ ئەوەدا کە قوربانیانی توندوتیژی و هەروەها تاوانباران لە سەرتاپای کۆمەڵگادا بە هەموو توێژەکانیەوە بوونیان هەیە، نایەکسانییەکی بەرچاو هەیە لە بەرکەوتنی توندوتیژی و لە ئاکامەکانیدا و هەروەها لە سزا وەرگرتندا:

- ### نایەکسانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و ئیستغلالکردن و توانای پاراستن لێی:

لە کاتێکدا ژنانی هەموو توێژەکان ڕووبەڕووی گێچەڵ و ئیستغلالکردن دەبنەوە لە ناوەندەکانی کار و دەرەوەی کاردا، ئەو ژنانەی کەمتر خوێندەوارن، وە ژنانی توێژە هەژار و ستەملێکراوەکانی دیکە؛ ڕووبەڕووی شێوازی دژوارتر یان دوژمنکارانەتری ئیستغلالکردن و جیاکاری دەبنەوە: وەك مووچەی زۆر کەم، کاری تاقەتپڕوکێن و ئاسانی دەرکردنیان لە کار، لە کاتێکدا ئەو ژنانەی کار لە وەزیفەی خاوەن مووچەی باشتر دەکەن یان خوێندەواری بەرزیان هەیە، ڕەنگە ڕووبەڕووی نایەکسانی و گێچەڵ ببنەوە، بەڵام لە ئاستێکی جیاوازدا، کە خۆی دەبینێتەوە لە –بۆ نموونە– جیاوازی مووچە بە بەراورد بە پیاوان یان لەدەستدانی دەرفەتی پلەبەرزکردنەوە یان ڕێگری لە زیادکردنی مووچە و هەراسانکردن.

- ### نایەکسانی لە توانای پاراستندا:

ژنی کرێکار و خاوەن داهاتی نزم ناتوانێت سکاڵا تۆمار بکات یان ژینگەی کار بگۆڕێت و بەهۆی لاوازی باری ژیانیەوە لەوانەیە ناچار بێت چەندین ساڵ قبووڵی ستەم و گێچەڵ و جیاکاری بکات، لە کاتێکدا ئەو ژنانەی لە ڕووی مادییەوە تواناداران دەتوانن خۆیان لە هەندێك جۆری گێچەڵ و ستەم بپارێزرێن یان داوای پشتیوانیی یاسایی بکەن.

- ### نایەکسانی لە سزاداندا:

ئیمتیازاتەکانی پیاوسالاری هەموو پیاوان بە یەکسان ناگرێتەوە؛ پیاوانی خاوەن دەسەڵات و هەژموون لە پارێزبەندیی گەورەتر بەهرەمەند دەبن، لە کاتێکدا یاسا بە توندی بەسەر پیاوانی توێژە پەراوێزخراوەکاندا جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش چونکە لەم سیستەمە سەرمایەدارییەدا ئیعتیبباراتی چینایەتی و تایەفەگەری و ڕەگەزپەرستی لە بەرژەوەندی بەهێزەکان دایە.

کۆتاییهێنان بە کوشتنی ژنان و توندوتیژیی خێزانی و ڕووبەڕووبوونەوەی بیری پیاوسالاری ئەرکێکی ئاڵۆز و دژوارە، پێویستی بە دەستنیشانکردنی ووردی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و ئیستغلالکردن، و پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ژنانی ڕزگاریخوازانەی بەرفراوان هەیە. ئەم بزووتنەوەیە پشت دەبەستێت بە گەڕاندنەوەی دەنگی سەرکوتکراوی ئەم سوپا گەورەیە لە ژنانی پەراوێزخراو، بۆ وەستاندنەوە لە بەرامبەر ئەم سیستەمە ڕەگداکوتاوە و هەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی.

ئەو ڕێگەیەی کە خەباتکاری ئازادیخوازی ژنان و کۆمۆنیست (ینار محمد) وەك پێشەنگێکی بەرجەستە بۆ گۆڕانکاری بەوپەڕی پەیگیری و سەقامگیرییەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ وە نەخشاندی، نموونەیەکی بەرزە لە خەبات لەم مەیدانەدا کە شایەنی پەیڕەوکردنە؛ ئەو بە عەمەلی پەیوەندی لە نێوان خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژن و یەکسانیی لەگەڵ خەبات لە دژی کۆیلایەتی سیستەمی سەرمایەداریدا بەرجەستە کردەوە. سەرباری ئاستەنگە گەورەکان، ئەم ڕێبازە بەردەوامە، ڕێگەی خۆی بەرەو ئایندە دەبڕێت و ڕۆژانە ئەزموونی زیاتر بەدەست دەهێنێت.

٣١-٨-٢٠٢٦

پاشماوەی ....ل١

# بەیاننامەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق، لە یادی هەشت ساڵەی دامەزراندنیدا

ئەمە و دووپاتیشی دەکەینەوە کە دەبێت حکومەتەکەی عەلی زەیدی دەستبەجێ بکوژانی هاوڕێ یەنار محمد دەستنیشان بکات و دادگاییکردنێکی ئاشکرایان بۆ ئەنجام بدات.

ئەمڕۆ ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی و بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئاستی جیهانیشدا ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری (تەحەددا) و ئەرکی گەورەن لەم سەردەمە مێژووییەدا، کە بە یەکێك لە قەیراناویترین قۆناغەکانی مێژووی سەرمایەداری دادەنرێت، کە هیچ شتێك لە سیستەمی سیاسی بۆرژوازی نێودەوڵەتی هاوچەرخدا تەنانەت بۆ ماوەیەکی کاتییش سەقامگیر نییە، وە هیچ ئاسۆیەکیش لەبەردەم بۆرژوازی جیهانیدا نییە کە دڵنیایی بدات لە بارودۆخێکی جێگیر بۆ جووڵەی سەرمایە و سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی، چونکە کێشمەکێش لەسەر کۆنترۆڵکردنی بازاڕی جیهانی، ململانێی جیۆ-سیاسی و جیۆ-سەربازی و شەڕی بەهەدەردان دینێتەئاراوە بە بەردەوامی لە زۆرێك لە ناوچەکانی جیهاندا، بێ ئەوەی هیچ ئاسۆیەکی کۆتایی پێهێنانیان لەئارادا بێت.

دوای ئەوەی هێزە ئیسلامی و قەومییەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسیدا دەستیان بەسەر چارەنوس و بەرژەوەندییەکانی جەماوەردا گرت لە عێراق، و سیستەمی سیاسی گەندەڵی ئێستایان دامەزراند لەسەر بنەمای پشکپشکێنە و دابەشکردنی کۆمەڵگە بەپێی پەیوەندی ئایینی و نەتەوەیی و تائیفی، ئیتر ئەم سیستەمە لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بۆتە ئامرازی بەردەوامییدان بە نفوز و کاریگەری هەریەك لە ئەمریکا و جمهوری ئیسلامی ئێران بەسەر عێراقدا.

بەپێی گۆڕانی هاوسەنگی هێز لە نێوان ئەم دوو جەمسەرە دژبەیەکە و ڕێژەی کاریگەریی هەریەکەیان لەناو عێراقدا، ئەم سیستەمە بەردەوام درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و هێزە پێکهێنەرەکانیشی ئاڵوگۆڕی لە پێگە و بارودۆخی خۆیاندا دێننەدی. ئەمە سیستەمێکە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی سەراپای بناغەکەی داگرتووە، و هێزە پێکهێنەرەکانیشی تا ئێستا بەردەوامن لە تاڵانکردنی ئەو سەروەت و سامانە زۆر و زەبەندەی کۆمەڵگا بە شێوەیەك کە لە جیهاندا بێ وێنەیە و بۆتە زیادبوونی بێکاری و هەژاری و تەنگەژەی هەرچی زیاتری قەیرانی تەندروستی و خزمەتگوزاری و خوێندن و پەروەردەیی بۆ جەماوەر لە عێراق.

لە هەلومەرجی شەڕی ئیمپریالیستی ئێستای ئەمەریکا و ئیسرائیل دژ بە ئێران، و ئەو تاوانانەی جمهوری ئیسلامی بەرامبەر بە جەماوەر لە ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەنجامی دەدات، عێراق بە تایبەت لەم شەڕەی دواییدا بووەتە گۆڕەپانی ئەم شەڕە، و ڕژێمە سیاسییەکەشی بە قەیرانێکی سیاسی خنکێنەردا تێدەپەڕێت بەهۆی پەرەسەندنی ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێران، بە جۆرێك گرژی ناکۆکییەکانی نێوان باڵەکانی ئەم ڕژێمە پەرەی سەندووە، بەتایبەت لەناو ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی شیعە و میلیشیاکانیدا.
جا لە چوارچێوەی ئەم پێشهاتانە و قەیرانی حزبەکانی ئیسلامی سیاسیی شیعە و ڕێکخراوەکانیان، و ئەو تۆڕە بەرفراوانەدایە لە کەسانی سودمەندانی دەوروبەری ئەم ڕژێمە پشکپشکێنەیە، کە عەلی فالح زەیدی بە سەرۆك وەزیران دادەنرێت لە لایەن "چوارچێوەی هەماهەنگی"یەوە، ئەویش لەژێر فشاری ڕاستەوخۆی ترەمپ و ئیدارەی ئەمەریکادا. هەروەها ئەم دانانی سەرەك وەزیرانە لە کاتێکدایە کە ئەم ڕەوت و حزبانە نیگەرانییەکانیان لە زیادبووندایە لە لەدەستدانی پێگەیان و زیانگەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان لەو هەلومەرجە نوێیەدا کە نفوزی ئەمریکا و هەڕەشەکانی لە ناوخۆی عێراق لە هەڵکشاندایە، باسی ئەو مەترسیانەش ناکەین کە ئەم حزبانە ڕووبەڕووی ڕاپەڕینێکی دیکەی جەماوەرین کە فەرمانڕەوایەتییەکەیان دەڕووخێنێت.

هەڵمەتە ڕووکەشەکەی ئێستای عەلی زەیدی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، هەوڵێکی چاکسازی جوانکارییە بۆ گۆڕینی ڕوخساری ڕژێمەکە بێ ئەوەی دەست لە بناغەکەی بدات، ئەمەش بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی جەماوەری و سەرقاڵکردنی خەڵك بەو کارە ڕووکەشە و لە قاڵبدانی ناڕەزایەتییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراو دژ بەم ڕژێمە و سەرکوتکاران و چەوسێنەرانی ئەو جەماوەرە.
خودی سەرۆك وەزیران کە سەرکردایەتی ئەم هەڵمەتە دەکات، سورە لەسەر زیاتر چەسپاندنی ئابوری بازاڕی سەرمایەداری لە عێراق، و دورخستنەوەی هەر مۆدێلێکی ئابووری لە ستراتیژەکەی خۆیدا کە خۆشگوزەرانی مرۆڤ تەوەرەی گەشەسەندنی ئابوورییەکەی بێت، وە بە ئاشکرا و بە هەمان شێوەی ترەمپ و هاوشێوەکانی ڕایدەگەیەنێت کە "ئابووری سۆسیالیستی" شتێکی ڕابردووە.

عەلی زەیدی لە ڕێگەی کردنەوەی دەرگا بەڕووی سەرمایەی جیهانی و ئەمریکی و ناوخۆییدا هەنگاو دەنێت بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژە ئابوورییەکەی، لەگەڵ گرتنەبەری ڕێکاری تر بۆ کێشکردنی دەوڵەت و یاسا و دەزگاکانی، بۆ پیادەکردنی. هەڵمەتی ڕووکەشانە دژ بە گەندەڵی تەواوکەری ئەم سیاسەت و ستراتیژەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە کەمکردنەوەی سەختییەکانی نەهامەتی ئابووری و بێکاری و خراپبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستی گشتی و پەروەردە و خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە نییە کە جەماوەر بەدەستیانەوە دەناڵێنێت لەسەر دەستی ئەم ڕژێمە و لە ئاکامی هەمان ئەو سیاسەتە ئابوورییە نیولیبراڵییەی کە عەلی زەیدی ئێستا بە جۆش و خرۆشەوە دەیگرێتەبەر.

تینوویەتی جەماوەر لە عیراق بۆ کۆتاییهێنان بەگەندەڵی جێگای تێگەیشتنە، بەڵام ئەوەی دوای ئەم ڕژێمە و عەلی زەیدی دەکەوێت و هیوا و ئاواتی پێیەتی، شتێك نییە جگە لە پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکان لەبەرچاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراو کە دەبێتە دوورخستنەوەیان لە زەرورەتی خەباتی سیاسی چینایەتی سەربەخۆ و خەباتی ڕێکخراو و هۆشیار بە بەرژەوەندییە چینایەتییەکان لە بارودۆخی بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و لە جەرگەی قەیرانی سیاسی بۆرژوازی لە عیراقدا.
چینی کرێکار چینێکی کۆمەڵایەتییە و خاوەن سەربەخۆیی و ستراتیژیی تایبەت بە خۆیەتی؛ هیوای خۆی نابەستێتەوە بە چاکسازییەکی نیوەناچڵ و بێ بەهای ڕژێم لە سەرەوە، بەڵکو لە هەوڵدایە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە بناغەی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بهێنێتە ئاراوە، ئەمڕۆ ئەم چینە ڕووبەڕووی نوێنەرێکی سەرمایە بووەتەوە کە دوژمنێکی ڕاشکاوی ئابووریی سۆسیالیستە، کە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بەم چینەوە.

ئەو ئەرکانەی لە بەردەم ئەم جەماوەرە پرۆلیتارییە و لەبەردەم ئەوانەدایە کە لەگەڵیاندا چوونەتە سەنگەرەوە لە کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان و ئازادیخوازان، ئەوە نییە کە لە دەوری نوێنەرێکی ئەم ڕژێمە کۆببنەوە، بەڵکو یەکخستنی خەباتی سەربەخۆیانە و هەوڵدانە بۆ قۆستنەوەی دژایەتی و ناکۆکیی نێو ڕیزەکانی هێزە بۆرژوازییە دەسەڵاتدارەکان و پاشەکشە پێکردنیانە لە بەرامبەر جەماوەر لە بەرژەوەندیی خۆیان، بە سەپاندنی پاشەکشەی هەرچی زیاتر بەسەریاندا و تیژکردنەوەی خەباتی چینایەتیی سەربەخۆ و مسۆگەرکردنی چاکسازیی زیاتر.

ئێمە ماوەی هەشت ساڵە وەك ڕەوتێکی کۆمۆنیستی ڕێکخراو کە هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی دەدات، بەردەوامیشین لە خەباتماندا لە پێناو کۆتاییهێنان بە سیستەمی گەندەڵی دامەزراو لە عێراقدا، ئەمڕۆش بە خەسارەتێکی گەورەوە کە لە ڕیزەکانمان کەوتووە بە لەدەستدانی هاوڕێ یەنار محەمەد، و لە بارودۆخێکی نوێدا، بە هەموو هێز و خۆڕاگریمانەوە بەردەوام دەبین لە کاروانی خەباتمان، و هەوڵدەدەین تا بتوانین کاریگەری ئەو خەسارەتە کەم بکەینەوە لەسەر خەباتمان.
٢٥ی تەممووزی ٢٠٢٦

# بەیاننامەی کۆتایی حەوتەمین کۆنگرەی نائاسایی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق

## شۆڕشی یەنار محەمەد بەردەوامە! خەبات بۆ ڕزگاری ژن و یەکسانی و دادپەروەری بەردەوامە!






لە ٧ی ئاب/ئۆگستی ٢٠٢٦، (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق) لە بارەگای سەرەکیی ڕێکخراوەکە لە بەغدا، حەوتەمین کۆنگرەی نائاسایی خۆی ئەنجامدا. ئەم کۆنگرەیە لە هەلومەرجێکی نائاساییدا بەڕێوەچوو بەهۆی ئەو بارودۆخە نائاساییانەی کە ڕێکخراوەکە پێیدا تێپەڕی دوای تیرۆرکردنی (یەنار محەمەد) سەرۆکی ڕێکخراوەکە و یاوەری کاروانەکەی، هەروەها بەهۆی ئەو ئاستەنگە ئەمنی و ڕێکخراوەیی و داراییانەی کە کاریگەرییان لەسەر بەڕێوەچوونی ڕێکوپێکی کار و بەرنامەکانی ڕێکخراوەکە هەبوو.

ئەم کۆنگرەیە پێویست بوو بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم قۆناغە و چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی کارەکانی ڕێکخراوەکە بوونەتەوە، وە پێویست بوو بۆ ڕێکخستنەوەی دامەزراوەکانی ڕێکخراوەکە و دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی بە شێوەیەك کە بەردەوامیی چالاکییەکانی و ڕۆڵگێڕانەکەی مسۆگەر بکات.

لەم کۆنگرەیەدا ژمارەیەك میوانی بەشدارییان تێدا کرد، کە بریتی بوون لە چالاکوانانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ژنان و ئەندامانی ڕێکخراوەکە، و چالاکوانانی مافە مەدەنییەکان، و میوانانێکیش کە لە ڕێگەی پەیوەندیی ئەلیکترۆنییەوە بەشدار بوون، لەوانە ئەندامێکی بنەماڵەی (یەنار محەمەد)ی ئازیزمان.

کۆنگرەکە خوێندنەوەی ژمارەیەك پەیامی پیرۆزبایی و هاوپشتیی لەخۆگرتبوو لەلایەن هەریەك لە:

- تۆڕی ٨ی مارس (کە ٢٥ ڕێکخراو لە خۆ دەگرێت، لە ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان)
- ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان لە کوردستان
- یەکێتیی شورا و سەندیکا کرێکارییەکان لە عێراق
- نامەیەك لە لایەن چالاکوانی بزووتنەوەی ژنان (طيبة سعد).
- پەیام و وتەی چەندین میوان و بەشدار بووی کۆنگرەکە چ بە ئامادەبوون و چ لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە.

پاشان لێژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە دەستی بە کارنامەی خۆی کرد، کە لەلایەن ئامادەبووانەوە کارنامەکە پەسەند کرا و ئەم خاڵانەی لەخۆگرتبوو:

### • یەکەم: دەستپێکی کۆنگرە

پارێزەر (محەمەد جومعە) ڕوونکردنەوەیەکی وردی پێشکەش کرد کە تێیدا پێداگری کردە سەر ئەوەی ئەم کۆنگرەیە مەرجە یاساییەکانی خۆی پڕکردۆتەوە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق)، پاشان بە خولەکێك بێدەنگی بۆ بەرزڕاگرتنی یادی هاوڕێ و خەباتکاری خۆشەویستمان، (یەنار محەمەد)، سەرۆکی ڕێکخراوەکە، کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد و بە وتەیەك بەخێرهاتنی میوانەکان و ئامادەبوانی ژن و پیاوی کۆنگرەکە کرا.

### • دووەم: ڕاپۆرتەکان و تەوەرە سەرەکییەکان

پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەیی لەسەر چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا، کە لەلایەن: سەما فەلاح و نەجلا بەهجەت و محەمەد شەنانەوە ئامادەکرابوون و پێشکەشیان کرد.

### گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێک بە ناونیشانی:

ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق و (یەنار محەمەد): شوێنە مێژووییەکەی ئەو لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەی ژنان لە عێراق و جیهاندا، وە کاریگەریی تیرۆرکردنی لەسەر بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەی ژنان و لەسەر بزووتنەوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە عێراقدا. کە لە لایەن: نوور سالم و نەجلا بەهجەتەوە پێشکەش کرا.

### خستنەڕووی بوارەکانی کار و چالاکی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق)، لەوانە:

- ڕادیۆی یەکسانی (إذاعة المساواة)
- ڕۆژنامەی یەکسانی (جريدة المساواة)
- شەڵتەرەکان (دور الإيواء)
- یانەی ڕۆشنبیریی ڕۆژی دووشەممان (منتدى الإثنين الثقافي).
- لقەکانی ڕێکخراوەکە لە بەسرا و کەرکووك.
- گفتوگۆکردن لەسەر ئەولەویەت و ئەرکەکانی (ڕێکخراوی ئازادیی ژنان لە عێراق) بۆ قۆناغی داهاتوو، گفتووگۆ و گۆڕینەوەی بیروڕا لەسەریان.

بەدوایدا پشویەك ڕاگەیێندرا.

### سێیەم: هەڵبژاردنی کۆمیتەی کارگێڕی

- o کردنەوەی دەرگای کاندید بۆ ئەندامێتیی کۆمیتەی کارگێڕی
- o ئەنجامدانی هەڵبژاردن
- o ژماردنی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان

هەڵبژاردنی کۆمیتەی کارگێڕی ڕێکخراوەکە لە کەشوهەوایەکدا بەڕێوەچوون کە تایبەتمەند بوو بە شەفافیەت و دەستپاکی، لەژێر چاودێریی پارێزەر محەمەد جومعە و بە ئامادەبوونی ئەندامانی (ئەنجومەنی گشتیی ڕێکخراو)ەکە و هاوڕێکانی. هەڵبژاردنەکە بووە هۆی هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێی کۆمیتەی کارگێڕی، کە بەرپرسیارێتی سەرکردایەتیکردنی کارەکانی ڕێکخراوەکە لە قۆناغی داهاتوودا، وە جێبەجێکردنی بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی کۆنگرەکە لە ئەستۆ دەگرێت، بەمەش کاری دەستەجەمعی و دامەزراوەیی بەهێزتر دەبێت و بەردەوامی پێشکەوتنی ڕێکخراوەکە مسۆگەر دەکات.

### چوارەم: بڕگەی کۆتایی کۆنگرە

– پەسەندکردنی ڕاسپاردە و دوا بڕیارنامەکانی کۆنگرەکە.
– گرتنی وێنەی بە کۆمەڵی ئەندامانی ژن و پیاوی کۆنگرە و میوانانی ئامادەبووی کۆنگرە.
پشووی نانخواردنی نیوەڕۆ

کۆنگرە جەختی لەوە کردەوە کە تیرۆرکردنی (یەنار محەمەد) نابێتە هۆی پاشەکشەکردن یان ڕاگرتنی خەباتی ڕێکخراوەکە، بەڵکو پاڵنەرێك دەبێت بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو ڕێگایەی کە ئەو ژیانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو. هەر لەو چوارچێوەیەشدا، کۆنگرە داواکارییەکەی خۆی دووبارە ڕووبەڕووی حکومەتی عێراق و دەسەڵاتدارە پەیوەندیدارەکان کردەوە بۆ ئاشکراکردنی بکوژانی (یەنار محەمەد) و کێشکردنیان بۆ دادگا و کۆتاییهێنان بە دۆخی لێ نەپرسینەوە لە تاوان، چونکە ئاشکراکردنی ئەم ڕاستیانە و لێپرسینەوە لە بەرپرسانی تاوانەکە بابەتێکی بنەڕەتییە بۆ دەستەبەرکردنی سەلامەتیی چالاکوانان و بەرگریکاران لە مافەکانی ژن و لە ئازادییەکانیان.

هەروەها کۆنگرە پابەندبوونی دووبارەی (ڕێکخراوی ئازادیی ژن لە عێراق)ی ڕاگەیاندەوە بە ڕێبازی ڕێکخراوەکە بۆ خەباتکردن لەپێناو ئازادکردنی ژنان و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، وە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، جیاکاری، چەوساندنەوە و بازرگانیکردن بە ژنان، و داکۆکی کردن لەو ژنانەی کە هەڕەشە و مەترسییان لەسەرە. ئەمە و جەختیش لەوە کرایەوە کە دابینکردنی پاراستن ئەو ژنانەی لە ژێر هەڕەشەدان کارێکی کاتی نییە، بۆیە پێویستە ئەولەویەتی سەرکی قۆناغی داهاتوو چالاککردنەوەی ڕۆڵی شەڵتەرەکان بێت، چونکە ئەم شەڵتەرانە بناغەیەکی سەرەکیی کارەکانی ڕێکخراوەکەیە و وەڵامدانەوەیەتی بۆ ئەو ژنانەی کە پێویستیان بە پاراستن و پشتیوانییە.

لە ڕووی ڕێکخراوەییشەوە، کۆنگرە جەختی کردە سەر دووبارە چالاککردنەوەی دامەزراوەکانی ڕێکخراوەکە، و توندوتۆڵکردنەوەی بەڕێوەبردن، و شەفافیەت و سەقامگیریی دارایی، و کارکردن بۆ گەڕاندنەوە و چالاککردنی بەشی دارایی شان بە شانی پەرەپێدانی پەیوەندیی بەردەوام و شەفاف لەگەڵ لایەنەکانی بەخشەر و پشتیوانکارانی مالی، بەجۆرێك کە بەردەوامیی بەرنامەکانی ڕێکخراوەکە و سەربەخۆییی کارەکانی مسۆگەر بکات.

هەروەها بڕیاردرا بەشی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکە کارابکرێتەوە، لەوانەش ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی فەرمی، ڕۆژنامەی ئەلموساوات، ڕادیۆی ئەلموساوات، و پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکانی و لاپەڕەکانی سۆشیال میدیاکانی، چونکە میدیا ئامرازێکی بنەڕەتی گرنگە بۆ گەیاندنی دەنگی ڕێکخراوەکە، و داکۆکیکردن لە پرسەکانی ژنان، و کارلێکردن لەگەڵ بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە پەیوەندیدارەکان.

کۆنگرە دەرکردنی ئەم بەیاننامە کۆتاییەی پەسەند کرد، لەگەڵ کۆمەڵێك بەیاننامەی دیکەی کۆنگرە کە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی ڕێکخراوەکەن لەسەر ئەو پرسانەی کە کاریگەرییان لەسەر ژنان، ئازادییەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەیە.

وە لە کۆتایی کارەکانیشیدا، حەوتەمین کۆنگرەی نائاسایی جەختی لەوە کردەوە کە (ڕێکخراوی ئازادیی ژنان لە عێراق) بەردەوام دەبێت لە کار و خەباتی خۆی، و باشترین وەفا و دڵسۆزی بۆ کاروانی خەباتی (یەنار محەمەد) بەرزڕاگرتنی ئەو پرەنسیپانە کە ئەو خەباتی بۆ دەکرد، لەگەڵ بەردەوامبوون لە کارکردن لەپێناو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر.

بژی ئازادی و یەکسانی

ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق

بەغدا ٧ی ئاب/ئۆگستی ٢٠٢٦

# ژن کوشتن، قێزەونترین و پڕ ئازارترین وشە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا



**سروە ساڵەیی**

ژن و کۆمەڵگە و هەموو بنەماکانی ژیان پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و بنەڕەتییان پێکەوە هەیە، چونکە ژنان نیوەی کۆمەڵگەن و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە پەروەردەکردنی نیوەکەی تریشدا. بەبێ بەشداریی ڕاستەقینەی ژنان، هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت بەرەو پێش بچێت و گەشە بکات و هەمەلایەنەیی بەخۆییەوە ببینێت.
سەرەڕای پێشکەوتنەکانی جیهانی ئەمڕۆ، هێشتا ژنان لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکاندا (بە تایبەت لە کۆمەڵگە نەریتییەکان) دەناڵێنن بەدەست توندوتیژی خێزانی و کۆمەڵایەتی، دابونەریتی کۆنەپەرستانە و ڕووبەڕووی ڕێگری لە خوێندن و جیاکاری لە دەرفەتی کار و کەمتربوونی مووچە بەراورد بە پیاوان دەبنەوە لە هەندێك سێکتەردا، کە بەگشتی لەمپەر دادەنێن لەبەردەم پێشکەوتنی ژنان.
بەهۆی بەسیستەمکردنی ژیانی ئەمڕۆمان ژن وەك هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ خۆ گونجاندن و ژینکردن توشی دەیەها چەرمەسەری دەبێت، کە بەهۆی تێنەگەیشتن و نەفامی بگرە خۆشباوەڕییەوە زۆر ئاسان بەرکەوتنی لەگەڵ مرۆڤگەلێکی جیاواز دەبێت و چەندەها کێشەی لابەلای بۆ دروست دەکەن و بەهۆی کاڵفامی و کەمتر باوەڕ و پشتگیری خێزانەوە بەرەو لێواری مەرگی دەبەن.

بڕێکجار ژنان دەبنە قوربانی داب و نەریتی بەسەرچووی کۆمەڵگە و نەفامی و کورتی بیرکردنەوەی خانەوادەکانیان لەسەر هەڵسوکەوتێکی ساکارانە و بێ مەرام دەکەونە تۆڕی مەرگ و دەستی بێبەزەیی نامرۆڤانەی تاکە دڕندەکانەوە. ژن کوشتن یەکێك لە قێزەونترین و پڕ ئازارترین وشەیە کە دەیبیستین لەو ڕۆژگارە پڕ شەڕانگێزەیەی ئەمڕۆماندا.

ناکرێ گۆڕانکارییەکان تەنها لە سیستەمی ژیان و دەوروبەر بکرێ و لایەنی پەروەردە و بنەما دەرەکییەکانی خێزان هەروەکو پێشینان چەقبەستوو بمێنێتەوە. دەبێ زیاتر لە ئاکاری ڕۆژانەی تاکەکانی خانەوادەکانمان و کچ و کوڕەکانمان هاوڕێیانە ورد بینەوە. ڕۆژانە چەندەها جار لە دەنگوباس و کوچە و کۆڵانەکانی شار گوێ بیستی هەواڵی نەخواستراو و دڵتەزێن دەبین کە زۆر بەیان پەنجەی تۆمەت و ڕق و قینەن، هۆشیاری تاك لە جلکوبەرگ و ئوتومۆبیل دەرناکەوێت، بەڵکو لە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی دەردەکەوێت. دەشێ بڕێکجار ڕاست بن بەڵام گەر مرۆڤانە بیر بکەیەوە و هۆشیارانە بۆ ئەنجام بڕۆین بەهیچ شێوەیەك کارەسات نەخوڵقێنین و هێمنانە چارەسازانە کارەساتەکان بچوك بکەینەوە.

پێشخستنی کۆمەڵگە بەندە بە دابینکردنی مافە یاسایی، سیاسی، و ئابوورییەکانی ژنان و پاراستنی کەرامەتیان لە هەموو جۆرە توندوتیژییەك. ئایا دەمانەوێ بە کۆمەڵگەیەکی چەقبەستوو هەژماربکرێین کە هەمیشە جیاکاری لەنێوان تاکەکانی و دەستوەردانی یاسا بکرێت و ڕێچکەی باب سالاری بەردەوام بێت؟ وێڕای خەباتی پێکەوەیی و دەستەجەمعی دەبێت ئێمەی ژنانیش برا بەش بێنە سەر مێزی چەلەحانی و یاسا و دەستوری ڕەوا لە خوێندن و کار و گوزەران و سیستەمی ژیان و لە هەموو سێکتەرەکاندا بمان بینن و دەنگی ئازادیخوازانەمان ببیستن.
لە کولتوری کوردەواریدا هەر لە دێر زەمانەوە ژن خاوەن بیروباوەڕی پتەو دەسەڵات بووە، لە میرنشین و سامان و سەرمایە بێ بەش نەبووە، خاوەنداریەتی چەندەها پلانی جۆراوجۆر و دەستڕۆیشتوو بووە لە کاربەڕێوەبردن. ژنان خاوەن خەون و هیوای لە بن نەهاتوون بۆ بونیاتی خێزان و پشکۆیەکن دژ بە نەریتە دواکەوتوەکان بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە، بەربەستکردنیان کۆمەڵگە بەرەو چەوتبوون و لاڕێ دەبات.
با بارستایی و کێشی یەکدی بزانین کەوا (مەل بەباڵێك نافڕێت)؛ کارەکانی خاتوونی بەڕێوەبەری ماڵەوە پێویستە بەهەند وەربگیرێت و کات بۆ پشوو بۆ هیواکانی تەرخان بکرێت، گەر خاتوونی خاوەن کار و بڕوانامە هەڵسوڕێنەی پیشەیەکە لە کۆمەڵگە با بەهەند بزانرێ ....هتد. چیدی خۆشباوەڕی و دژایەتی یەکدی ئامانج و کردەوەمان نەبێت. کۆمەڵگە پێویستی بە هەردوو ڕەگەزە بێ جیاوازی، واتا مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی.
ژنان هەر لە دێر زەمانەوە شانبەشانی پیاوانی کۆمەڵگە لە جەنگ و بنیاتنانی کۆمەڵگەدا بەشدار بوون، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەمان بەها و هەندیان بۆ دابنرێت، لەترس و دڵەڕاوکێ و تەڵەزگەی مەرگ پارێزراو بن بە یاسا و دەستوری پتەوی نە گۆڕدراو کار و گوزەرانیان بەڕێوە ببرێت وەك هەر هاوڵاتییەك.

ئەو زەوییەی ملیۆنەها ساڵە جێگای بونەوەرە جیاوازەکانە با وا بمێنێتەوە و نەبینە هۆکار دڕندەئاسا بۆ لەناوبرنی یەکدی، با وردبینانە تر لە تاکەکانی کۆمەڵگە نزیك بینەوە دەنا با ئازادانە ڕێگا بۆ یەکدی چۆڵ بکەین، ژن کوشتن و ئازاردانی لە بەرژەوەندی هیچ کەسێك نیە، با هۆشیارانە لە چارەسەر و هۆکار بکۆڵینەوە، نێرەکانمان فێر بکەین و پەروەردە یاسا ڕێگاسازمان بێت. لە چوارچێوەی تەسك و تروسکی کولتووری دواکەوتووانە دەرچین و ئازادانە پەروەردەی سایکۆلۆژی و فیزیایی نەوەکانمان بکەین. مرۆڤ چیدی نێچیری دەستی مرۆڤگەلێکی دڕندە نەبێت کە خاوەن هۆشێکی چەقبەستوون، لە قوتابخانەکان و زانکۆ و بگرە باخچەی ساوایانەوە هۆشیاری پەروەردەیی و یەکسانی نێوان ژن و پیاو وانەیەکی سەرەکی بن، چیدی کەسیان خۆراکی ئەویدیان نەبێت و هێز و ماسولکە بڕیار لەسەر داهاتووی مرۆڤ نەدەن.

# نەجلا بەهجەت: لە نزیکترین کاتدا (ڕێکخراوی ئازادی ژن) خەبات و چالاکی و کارەکانی خۆی بەهێزتر دەستپێدەکاتەوە

**ڕەوت: کاندید و پاشان هەڵبژێردراوی کۆنگرەی حەوتەمی ڕێکخراوی ئازادی ژن، نەجلا فەتحی وەک سەرۆکی ڕێکخراوەکە، لە پەڕاوێزی کۆنگرەدا، لێدوانێکی دا بۆ ڕۆژنامەکەمان:**

**نەجلا بەهجەت:** سەرەتا سوپاس بۆ گرنگیدانی ڕۆژنامەی (ڕەوت) بە (ڕێکخراوی ئازادی ژن)، وە ئەوە زۆر بایەخدارە و دڵخۆشم دەکات. ئێمە لەژێر دروشمی "شۆرشی یەنار محمەد بەردەوامە" کارەکانمان بەهێزتر دەگەڕێتەوە و (ڕێکخراوی ئازادی ژن) لە نزیکترین کاتدا خەبات و چالاکی و کارەکانی خۆی بەهێزتر دەستپێدەکاتەوە.

کۆنگرەی نائاسایی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) بەڕێوەچوو، لەو کۆنگرەیەدا دەستەی بەڕێوەبەرایەتی نوێ هەڵبژێردرا، دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرەکە بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە کە تیایدا هەندێك بابەتی گرنگ ڕوونکراوەتەوە سەبارەت بە کارنامەی داهاتوو و خەبات و تێکۆشانمان. کۆنگرەی نائاسایی یەکەم هەنگاو بوو بۆ چارەسەری دۆخێکی نەخوزراو کە بەدوای تیرۆری هاوڕێ (یەنار)دا پێشهات بۆمان.

**هادی تەشکیلی:** لە ئێستادا کۆڕبەندی دوو شەممەی ڕۆشنبیری گەورەترین کۆڕبەندە لە سەر ئاستی بەغدا و عێراق، ئەرکی پێشکەشکردنی ڕۆشنگەرییە بۆ بەرەنگاری ناشیرینی و تاریکی و وێرانکارییەکانی ئەم قۆناغە
هەروەها هەر لە پەڕاوێزی کۆنگرەکەشدا لێدوانێکمان لە بەڕێز هادی تەشکیلی وەرگرت سەبارەت بە (کۆڕبەندی دوو شەممەی ڕۆشنبیری) کە لە لایەن هاوڕێی ئازیزمان (یەنار محەمەد)ەوە پشتیوانی لێ دەکرا.

**هادی تەشکیلی:** سڵاوێکی گەرم بۆ هاوڕێیانم لە ڕۆژنامەی ڕەوت. لە ساڵی (٢٠٢١)ەوە لە لایەن هاوڕێیانی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) ڕاسپێردرام بۆ بەڕێوەبردنی (کۆڕبەندی دوو شەممەی ڕۆشنبیری) و بەردەوام بووین لە پێشکەشکردنی باس و لێکۆڵینەوەی ئاست بەرز و چەمکی پڕکواڵێتی بەدیدگایەکی چەپی پێشکەوتووخواز لە ئەدەب و کۆمەڵناسی و مێژوو و فەلسەفە و فیزیادا.

ژمارەی ئامادەبووان هەر لە سەرەتاوە زۆر بوو بە پاڵپشتی و هاندانی هاوڕێی ئازیزمان (یەنار محەمەد)، لە ئێستاشدا گەورەترین کۆڕبەندە لە سەر ئاستی بەغدا و عێراق و هەموو دووشەممەیەك ئێوارە کۆڕێکی خۆی بەڕێوە دەبات.

دید و ئەرکی ئێمە پێشکەشکردنی ڕۆشنگەرییە کە بەرەنگاری ئەو ناشیرینی و تاریکی و وێرانکارییە بێتەوە کە لەم قۆناغەدا ئەزموونی دەکەین، هەروەها پیشاندانی دەستکەوتی داهێنەرانەی عێراقییەکانە، بەتایبەتی ئەو نووسەرانەی کە لەلایەن دامەزراوە نادادپەروەرەکانی حکومەتەوە پەراوێزخراون کە بەپێی سیستەمی قێزەونی پشکپشکێنەی تائیفی و قەومی کاردەکەن.

ئێمە لەم تێکۆشانە ماندوو نەناسە بۆ هەمیشە بەردەوام دەبین، لەسەر ئەم پلاتفۆڕمە ئازادەی (ڕێکخراوی ئازادی ژن) بۆ بڵاوکردنەوەی چەمکی ڕۆشنگەری و بیروباوەڕی پێشکەوتووخوازانە و دوورکەوتنەوە لە دابونەریتی دواکەوتووانەی بیابانی و خۆسەپێنی.

کۆڕبەندی دووشەممەی ڕۆشنگەر سەکۆیەکی ئازادە بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی عەلمانیەت وەك شێوازێکی ژیان.

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# ڤیان مائی: ژن کوشتن مەرج نییە بە چەقۆ و تفەنگ بێت، هەموو ڕۆژێک بە قسەکردن ژن دەکوژرێت!



لێدوانی (ڤیان مائی) دەرهێنەری سینەمایی و بەرگریکاری مافەکانی ژنان بۆ ڕۆژنامەی ڕەوت

ڤیان مائی: زۆر سوپاس بۆتان، ئارەزوو دەکەم لە بارەی کوشتنی ژنانەوە بۆتان بدوێم، چونکە تا دێت هەر زیاد و زیاتر دەبێت. ئێمەی هونەرمەند پێویستە چالاکتر بین. من سینەماکارم و لەو ڕاستایەشدا چەندین بەرهەمم هەیە. فیلمی "بوکە سپی" کە زۆر خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە. من نوسەر و دەرهێنەری فیلمی "بووکە سپیم"، وە مەسرەفیشی لەسەرخۆم بوو. دەمەویست لە ڕێگای ئەم فلمەوە گفتوگۆیەکی فراوان دروست بێت، کوڕێکم بینی کە فیلمەکەی بینیبوو بەمنی ووت: ئیدی هەرگیز ناتوانم دەستم بچێتە خوێنی خوشکم، بەڵام فلمەکە بەداخەوە کوردستان نەخرایەڕوو.

ئەم فلمانە پێویستە لێبدرێت، لە کۆمەڵگا، لە قوتابخانەکان، بەڵام لێنەدرا، نازانم بۆ نیشاننەدرا، ئەو کەسانەی لەم بوارە کاردەکەن و کاریان کردووە بۆ نەهێشتنی کوشتنی ژنان، زۆر نین، فیلم بێت، تابلۆ بێت، نوسین بێت، گرنگە ئەمانە بڵاوببنەوە. لە فیلمی "بووکە سپی"دا، دێم باس لەوە دەکەم کە مەرج نییە ژن کوشتن بە چەقۆ، بەتفەنگ یان بەدەمانچە بێت، بەڵکە هەموو ڕۆژێك ژن دەکوژرێت، دەکوژرێت بە قسەکردن.

لەو فلمەدا دیارە کە من لە ژیانی خۆمیشدا بینوومە، ڕۆژی بووکێنی من براکانم لە ماڵ چوونەدەرەوە چونکە پێیان شەرم بوو، بەڵام کاتێك برایەکم ئاهەنگی هاوسەرگیریی دەگێڕا من وەك سەرخۆش هەڵدەپەڕم و سەرچۆپیم دەگرت و گۆرانیم دەوت، چونکە برایەکەم زاوایە. برا هیچ کات بۆی شانازی نەبوو کە ئەو (برای بوك)ێ بێت، بەڵام بۆ (خوشکی زاوا) ئەوە جێگەی شانازی بوو کە براکەی زاوا بێت. لە فلمێکی تردا "مەرگ و ناموس" کە ئەویش درامایەکی ترمە، نەمانتوانی نیشانبدەین لەبەرئەوەی کچەکەی ڕۆڵی دەبینی تۆزێك لەناو گوڵەکان بوو، تەنها دیار بوو، هەندێك لەنێو گوڵاندا دەرکەوت. ژنان بۆیان نییە قسە بکەن، بۆیان نییە هونەرمەند بن، لە فیلم بەشدار بن، بۆیان نییە هاوڕێیان هەبێ، بۆیان نییە بنێشت لەدەرەوە بجوون. بۆی نییە بۆی نییە... ئەمانە هەمووی توندوتیژی و کوشتنن.

لەلایەکی تروە هەستێکی خۆپەرستی (ئەنانی) زۆر قورسە، بۆ ئەوەی من بژیم دەبێ تۆ بکوژم. ئەوە زۆر خۆپەرستییە (ئەنانیتە)، پیاوێك کچەکەی یان کوڕێك خوشکەکەی بکوژێت بۆ ئەوەی خۆی هەست بەسەربڵندی بکات!ئەمە ئەوپەڕی خۆویستییە.

چاوپیکەوتنم لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا کردبوو کە کردبوویان بەمانشێت، ووتبووم، ((ئەگەر من ناموسی تۆ بم، بەبێ من تۆ چیت؟)) خزمێکی نزیکم تەلەفۆنی بۆکردم ووتی: ئەو قسەیە مانای چیە؟ پێموت: وتومە ئەگەر من ناموسی تۆ بم، کەوایە بەبێ من تۆش هیچ نیت. من ناموسی تۆ نیم، ناموسی هیچ کەس نیم. "بێناموس" زۆر وشەیەکی زۆر ناخۆش و لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. من هەموو کێشەکە دەگەڕێنمەوە بۆ پەروەردە، پەروەدەی ئێمە هەر لەسەرەتاوە ژنان وەك لاواز و بێدەسەڵات و فەقیر پەروەردە دەکات. پێویستە پەروەردەی مناڵەکانم لەسەر بنچینەی باوەڕبەخۆبون، ئازاد، بەهێز و یەکسان بێت.

# خەباتی پرۆلیتاریا و چەپی کۆمەڵگەی مەدەنی



نووسینی: ڕزگار عوسمان (هاوڕێ)

خەباتی پرۆلیتاریا توخمێکی شۆڕشگێڕییە کە لەناو دەورانێکی ئاشکرا و بەردەوام لە ناکۆکی و ململانێی توندی چینایەتی دا شێوەی گرتووە. هەر ئەم ململانێییە کە لە سەردەمێکەوە بۆ ئەوی تر کاریگەریی دادەنێ لەسەر ژیانی هەموو کۆمەڵگە و هاوکێشە سیاسییەکانی سەردەمی خۆی دیاری دەکات.

بەو شێوەیە کە شێوازی بەرهەمهێنانی ئەم سەدەیە هاوچەرختر و گەشەسەندوترە بووە لە ڕابردووی خۆی؛ هەر بەو شێوەیەش خەباتی پرۆلیتاریا گەشەسەندوتر بووە. ئەزموونی ململانێ هاوچەرخیەکەشی وای کردوە پرۆلیتاریا هۆشیاریی و هێزی خۆی بەدەستبهێنێ بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. پێچەوانەی ئەوەی میدیا ساختەکانی سەرمایەداری هەرای بۆدەکەن؛ "هاوچەرخبوون" نە خۆشبەختی و ئاسودەیی هێناوە لە گەڵ خۆی و نە پێویستبوونی خەباتی چینایەتی لەناو بردووە. ژیان قورستر و پێکدانە چینایەتییەکان بە ئاستێك گەیشتووە کە ئەگەر لەم سەدەیەدا یەکلای نەبێتەوە، ئەوا وێرانکارییەکان بە هەموو جۆرێکییەوە فراوانتر دەبێ، وەك چۆن لە ئێستا دا جەنگ، بێکاری، برسێتی، هەژاری، پیسبوونی ژینگە، سەرهەڵدانی فاشیزم و فاشیزمی ئایینی...هتد، فراوانتر بوون. ڕاستە ئەو فراوانبوونانە دەرهاوێشتەی سیستەم و کەلەکەی سەرمایە خۆیەتی، بەڵام هەموو ئەمانە لە ڕێگەی دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتی سەرمایەدارییەوە لە چەندان فۆرمی جیاوازدا دووبارە دادەڕژرێنەوە بۆ هێرشی ڕاستەخۆ لە دژی پرۆلیتاریا و زۆرینەی کۆمەڵگە. مەبەستەکەش تەنها دورخستەنەوەی مەترسییەکانی شۆڕشی سۆشیالیستییە.

قەیرانی سەرمایەداری بەجۆرێك قووڵبووەتەوە کە سیستەمی گەیاندۆتە خاڵی کۆتایی و بنبەست. بڕستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە ئەم ململانێیە یەکلایی دەکاتەوە بەتەنها هەر قەیران نییە، میکانیزمە سەرەکییەکەی هۆشیاریی و ڕێکخستنەوەی پرۆلیتارییایە لە هەر شوێنێکی سەرزەووی دا.

چونکە پرۆلیتاریا وەك هێزێکی ماددیی بەرجەستەی ناو کۆمەڵگە، سەرباری شکستەکانی ڕابردووی، وەك مارکس وێنای دەکات؛ بە هۆشیارییەکی شۆڕشگێڕییەوە لەسەر شانۆیی مێژوویی دەردەکەوێتەوە. ئەم سەدەیە پرۆلیتاریا تەنها لەسەر خاڵە ڕیفۆرمیستییەکان و داواکارییە سەرەتاییەکان ڕاناوەستێ. چونکە تەنها وەستان لەسەر ئەو خاڵانە، خەباتی چەندان هەنگاو بۆ دواوە دەباتەوە.

ئەم سەدەیە سەردەمی ریفۆرمە ئابوورییەکان نییە و سەرمایەداری لەم سەدەیەدا دەورانی گەشانەوەی پشتی سەرناوە. بۆیە سەدەی شۆڕشی پرۆلیتاریا و دەستبردنی خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵگایە بۆ هەموو پایەکانی سەرمایەداری و هەڵتەکاندنی. وەك مارکس ئاماژەی پێ کردووە لە ڕەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵدا: دەبێ هێزێکی ماددی هێزێکی ماددی تر لەناوبەرێت... هێزی کۆتاییهێنان بە سەرمایەداریش تەنها پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕە.

زۆرێك لەو بیروباوەڕ و تیۆریانەی کە ئاڵای کۆتایی ململانێی چینایەتی و سۆشیالیزمیان بەرزکردبوویەوە، خاڵی کۆتاییان بۆ پرۆسەی مێژوویی دانا و سەرمایەداریان بە دوا بژاردە بۆ مرۆڤایەتی دیاری دەکرد، بەڵام لە دوای تەنها قەیرانێکی ئابووریی و چەند مانگرتنێکی کرێکاران؛ تیۆریەکانیان کەوتنە کەنارەوە و کەڵکی دەربازکردنی سەرمایەدارییان لە تەنها قەیرانێکیش، نەما.

## ئاراستەکانی چەپی بۆرژوازیی ؛

سەرباری ناکۆکییان لەگەڵ دۆخی خراپی کۆمەڵگە، بەڵام خۆیان ناتوانن ڕیفۆرم، ڕیفراندۆم، پەرلەمانتاریزم و کۆمەڵگەی مەدەنی و خێرخوازی... تێپەڕێنن بەرەو شۆڕشگێڕی، لە پراکتیکدا لەناو هێزی مادی و بەرژەوەندی بۆرژوازی دان. ئەوەی کە ئەوان بڕوایان پێ نییە خەباتی پرۆلیتارییایە، ئەگەر کارێکیش بۆ مەرامە ڕیفۆرمیستییەکانی خۆیان بکەن ئەوا هەر لەسەرەوەی کۆمەڵگە دەیکەن، و لە چوارچێوەی یاسای بۆرژوازیی خۆیدا.

بەتایبەت لە جۆرەکانی چەپی کۆمەڵگەی مەدەنی و خێرخوازی، بەهیچ جۆرێك بەشێك نین لە خەباتی سۆشیالیستی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیستی. نەك تەنها ئەوەش کە بەشێك نین، بەڵکو ڕاستەوخۆ پارچەیەکن لە کەرەستەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازیی. خراپتر لەوەش هاوشێوەی خێرخوازە ئایینییەکان خەریکی بڵاوکردنەوەی وەهمی لەناوبردنی جیاوازیی چینایەتین، بەو ڕێگە پووچەی شکاندنی شکۆی خەڵکی هەژار و خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵگە، دەیانەوێت خوارەوەی کۆمەڵگە بەرنە ژێر سێبەریی دەسەڵات.

باڵی چەپی بۆرژوازیی لە ڕێگەی میکانیزمەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خێرخوازییەوە، ڕاستەوخۆ کار بۆ لاوازکردنی بنەمای مێژوویی خۆڕزگارکردنی پرۆلیتاریا دەکات. ئەو بنەمایەی کە ١٦٢ ساڵ لەمەوبەر لە پەیڕەوی ئینتەرناسیۆناڵی یەکەمدا هات --ڕزگاری چینی کرێکار دەبێت بە دەستی چینی کرێکار خۆی بەدەست بهێنرێت.

پرۆژەکانی ئێنجیۆ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیوی سێکۆلاریزم و ئازادییە ڕووکەشەکانی یاسایین. ئەوان خەبات و ململانێی بەرجەستەی چینایەتی دەگۆڕن بۆ ناکۆکییە نابەرجەستە و لاوەکییەکان، لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی دژە سەرمایەداری ئاراستە دەکەن بۆ ئەو جێگەی کە هێز و شکۆی کۆمەڵگەی لێ خاڵی ببێتەوە، لە ڕاستیدا لەو ڕێگەیەوە سەرمایەداریی و دەسەڵاتەکەی لە تورەیی کۆمەڵگە دەپارێزن.

بەتایبەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی شێوەیەك لە ئابووریی دەستبەسەرداگرتن و مووچەخۆریی بووەتەوە، کە دەسەڵاتدارەکان، بژێوی و ژیانی خەڵکیان کردووە بە چەکێکی سیاسی تا خەڵك لە بکەرێکی سەربەخۆ بگۆڕن بۆ تاکێکی دەستەمۆکراو، و لە شکۆبەرزەوە بگۆڕن بۆ شکۆ شکاو... ئەگەر ئەو دۆخە ئابوورییە میکانیزمێك بێت، لە پاڵ میکانیزمەکانی تری؛ میلیشیا و هێزی زەبر و میدیای ساختە، ئەوا هاوکات کۆنەپەرستی و خێرخوازی ئایینی و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ماوەیەکی زۆرە بە ئاشکرا جێگە پەنجەیان دەبینرێ.

ئێستاش بەرەی چەپی بۆرژوازی بە پێویستی خۆیان چوونەتە ناو ئەو ئەرکەوە... ئەرکێك کە هەموو ئەوانی تر جگە لە بەجێهێشتنی جێگە پەنجە، نەیانتوانی ملکەچی بکەنە کولتوور و هەژموون بەسەر کۆمەڵگەدا.

کەچی ئەو چەپە تازە خەریکە بەناوی مرۆڤدۆستی وخێرخوازییەوە؛ سیاسەتی ریفۆرمیستی خۆیان لە وەهمدا هەژموون بکەن. بەڵام قامچییە مێژووییەکەی پرۆلیتاریا ڕێگە بەوان نادات کە بنەما ماددیەکانی هەژاری و جیاوازی چینایەتی لە ژێر هیچ بیانوویەکدا بشارنەوە.

کارل مارکس لە دژی ڕۆژنامەی کۆنەپەرستی بیۆباختەر، بە تەنزەوە وتارێکی نووسی بەناونیشانی کۆمۆنیزمی ڕۆژنامەی بیۆباختەر؛ ڕۆژنامەکە خەریکی ئەوەبوو لە ژێر ناوی مرۆڤدۆستی و خێرخوازیدا ملکەچی بەسەر کۆمەڵگە و بەسەر چینی کرێکاردا هەژموون بکات.

مارکس نووسی:

**بەڵام پرۆلیتاریا نایەوێ وەک بێدەسەڵات و بێشکۆ تەماشا بکرێ. پرۆلیتاریا پێویستی متمانەبەخۆبوون و شکۆ و هەستی سەربەخۆبوون هەیە، تەنانەت زیاتر لە نانی ڕۆژانەی... پرۆلیتاریا شۆڕشگێڕە.**

سەرەنجام تەنها پرۆلیتاریا جیهان لەم ململانێ چینایەتییە دەرباز دەکات.

هیچ ڕێگەیەکی تر نییە جگە لە سۆشیاڵیزم

# چینە کۆمەڵایەتییەکان، پێویست و ناپێویست ڤێرژنی پاکنوسکراو

## فریدریک ئەنگڵس (١٨٨١)

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: پێگەی سۆشیالیزم

ئەم پرسیارە زۆر جار کراوە: چینەکانی ناو کۆمەڵگە تا چ ڕادەیەك بەسوود یان تەنانەت پێویستن؟ وەڵامەکەش بەپێی هەر سەردەمێکی مێژوویی، بەشێوەیەکی سروشتی جیاوازبووە. بێگوومان سەردەمێك هەبووە کە ئەرستۆکراسیی خاوەن زەوی توخمێکی ناچاریی وە پێویستی کۆمەڵگە بووە. بەڵام ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەکی زۆر زۆر دوور.

پاشان سەردەمێك هاتە کایەوە کە چینی ناوەڕاستی سەرمایەدار، یان وەك فەرەنسییەکان پێی دەڵێن بۆرژوازی، بە هەمان شێوە وەك پێویستییەکی ناچاریی سەریهەڵدا، کەوتە ململانێ لەگەڵ ئەرستۆکراسیی خاوەن زەویدا، وە هێزی سیاسی ئەوانی تێکشکاند و لەبەرامبەردا بوو بە چینی باڵادەستی ئابووری و سیاسی، بەڵام لەوەتەی چینەکان سەریان هەڵداوە، هیچ کاتێك کۆمەڵگە نەیتوانیوە بەبێ چینی کارێکار بمێنێتەوە. ناو وە پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم چینەی گۆڕاوە؛ کۆیلەی زەوی (سەپانی) جێگەی کۆیلەی گرتەوە، وە ئەویش لەلایەن کرێکاری ئازادەوە جێگەی گیرایەوە... ئازاد؛ بە واتای ئازاد لە کۆیلایەتی بەڵام لە هەمان کاتدا ئازاد لە هەبوونی هیچ چەشنە موڵك و خاوەندارێتییەك جگە لە هێزی کاری خۆیان. ڕوونە کە سەرەڕای هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێك، لە چینەکانی سەرەوە یان نابەرهەمهێنەرانی کۆمەڵگە ڕووی بدایە، کۆمەڵگە نەیدەتوانی بەبێ هەبوونی چینێکی بەرهەمهێنەر درێژە بە ژیانی خۆی بدات، کەوابوو لەهەر بارووودۆخێکدا هەبوونی ئەم چینە پێویستە، هەرچەندە کاتێك دێ کە ئیتر وەك چینێك نامێنێتەوە، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگە لە خۆ دەگرێ. لە ئێستادا چ پێویستێك بە هەبوونی ئەم سێ چینە هەیە؟

سەبارەت بە ئەرستۆکراسیی خاوەن زەوی، لانی کەم لە ڕووی ئابوورییەوە بوونیان لە ئینگلتەرا بێسوودە، لە کاتێکدا لە ئێرلەندا وە سکۆتلەندا بوونەتە مایەی ئازار و زیانێکی ڕاستەقینە، بەهۆی ئەو مەیلەی کە هەیانە بۆ کەمکردنەوەی دانیشتووان. دەرکردنی خەڵك بۆ ئەوبەری زەریا یان بەرەو برسیکردنیان.وە لە جیاتی خەڵك، پڕکردنەوەیان بە مەڕ و ئاسکی کێوی --ئەوە هەموو چاکە و لێهاتوویەك بوو کە خاوەندارە ئێرلاندی و سکۆتلاندیەکان شانازیان پێوە دەکرد. هەر کە کێبڕکێی ئەمریکا لە بواری بەرهەمە خۆراکییە گیایی و ئاژەڵییەکاندا کەمێکی تر پێشکەوت، ئەرستۆکراسیی خاوەن زەویی ئینگلتەراش هەمان کار دەکەن؛ مەگەر ئەو بەشەیان نەبێ کە دەتوانن خۆیان ڕابگرن بە پشتی موڵکە گەورەکانیان لە ناو شارەکاندا.

کورت وە پوخت کێبڕکێی ئەمریکا لە بواری خۆراکدا بەم زووانە ئێمە لەم چینە ڕزگار دەکات. وە ئەمەش شتێکی زۆر باشە. چونکە لە ئێستادا، ئەرکی سیاسی ئەم چینە لە هەردوو ئەنجومەنی خانەدانەکان و ئەنجومەنی گشتیدا بووەتە سەرئێشەیەکی ڕاستەقینە.

بەڵام ئەی چینی ناوەڕاستی سەرمایەداری، ئەو چینە ڕۆشنبیر و لیبراڵەی کە ئیمپراتۆریەتیی داگیرکاریی بەریتانیای دامەزراند وە بەریتانیای ئازادی بنیاتنا؟ ئەو چینەی کە چاکسازیی پەرلەمانیی لە ساڵی ١٨٣١ی بەدیهێنا، یاساکانی دانەوێڵەی هەڵوەشاندەوە، و یەك لە دوای یەك باجەکانی کەم کردەوە؟

ئەو چینەی کە کارگەی گەورەکانی دامەزراند، وگەورەترین کەشتیگەلی بازرگانی و تۆڕی هێڵی ئاسنی ئینگلتەرای بەڕێوەبرد؟ بەدڵنیاییەوە چینێکی وا، کە وڵاتەکە لە پێشکەوتنەوە بەرەو پێشکەوتنێکی تر دەبات، دەبێ لانی کەم هێندەی چینی کرێکار پێویست بێت.

ئەرکی ئابووریی چینی ناوەڕاستی سەرمایەداری بریتی بووە لەوەی کە سیستەمی مۆدێرنی پیشەسازی و گواستنەوە و گەیاندنی هەڵمی دابمەزرێنێ، وە هەموو ئەو کۆسپ و ڕێگرییە ئابووریی و سیاسییەکان لابات کە ڕێگر بوون لە گەشەکردنی. تا ئەو کاتەی چینی ناوەڕاستی سەرمایەداری ئەم ئەرکەی جێبەجێ دەکرد بە پێی بارودۆخی ئەوکات، چینێکی پێویست بوو، بەڵام ئایا ئێستاش هەروایە؟ ئایا هێشتا ئەرکە بنەڕەتییەکەی جێبەجێ دەکات، کە بریتییە لە پەرەپێدانی بەرهەمی نەتەوەیی ﴿ناوخۆیی﴾ بۆ سوودی گشتی کۆمەڵگە؟

با بزانین، با لە ئامرازەکانی گەیاندنەوە دەستپێبکەین؛ تەلەگراف لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدایە، هێڵەکانی ئاسن و زۆربەی کەشتییە هەڵمییە زەریا بڕەکان ئیتر موڵکی سەرمایەداری تاك نین کە خۆیان کارەکانیان بەڕێوەببەن. بەڵکو موڵکی کۆمپانیا پشکدارییەکانن، ئەمانە لەلایەن کارمەندانی مووچەخۆرەوە بەڕێوە دەبرێن. واتە خزمەتکارانێك کە لە پێگەی کارێکاری باڵادەستدان وە کرێی باشتر وەردەگرن. لەم کۆمپانیانەدا خاوەن پشکدارەکان و بەڕێوەبەرەکان بە باشی دەزانن: کارەکان باشتر بەڕێوە دەچن ئەگەر کەمتر خۆیان هەڵقورتێنن لە کاروباری یەکتردا.

بەم شێوەیە، تاکە ئەرکی چاودێری کە بۆ خاوەنەکان ماوەتەوە، چاودێرییەکی ڕووکەشانەیە. کەواتە تاك ئەرکیان بووتە ئەوەی کە شەش مانگ جارێك پسووڵەی سوودی پشکەکانیان وەربگرن وە نەختی بکەنەوە. لێرەدایە کە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی سەرمایەداری گواستراوەتەوە بۆ کارمەندی مووچەخۆر، لە کاتێکدا سەرمایەدارەکە خۆی بەردەوامە لەسەر وەرگرتنی سوود لە بەرامبەر ئەنجام نەدانی هیچ کارێکدا.

بەڵام بۆ ئەو سەرمایەدارەی کە لە کارەکەی داماڵراوە، پیشەیەکی دیکەی بۆ دەمێنێتەوە: قومارکردن لە بۆرسەدا بە پشکەکانەوە. سەرمایەدارە بەسەرچووەکە، یان ڕاستترە بڵێین ئەوەی کە چیتر پاساوێك بۆ بوونی نەماوە، بەهۆی بێکارییەوە ڕوو لەم پەرستگە زێڕینە دەکات و لەوێ خۆی بە قومارەوە خەریك دەکات.

ئەوان بە ئەنقەست دەچنە ئەوێ بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەن؛ هەمان ئەو پارەیەی کە هێشتا وا خۆیان نیشان دەدەن گوایە بە کارکردن بەدەستی دەهێنن. ئەمە لە کاتێکدایە کە وا دادەنرێ سەرچاوەی هەموو سامانێك 'کار وە پاشەکەوت بێ. ڕەنگە سەرچاوەکە هەر ئەوە بێت، بەڵام بێگومان دەرەنجامەکەی وا نییە.

چ دووڕووییەکە کە قومارخانە بچووکەکان دادەخرێن، لە کاتێکدا کۆمەڵگەی سەرمایەداریی ئێمە ناتوانێت بەبێ قومارخانەیەکی گەورە لە ناوەندەکەی خۆیدا هەڵبکات؛ قومارخانەیەك کە ملیۆنانی تێدا دەدۆڕێنرێت وە دەبرێتەوە!

لێرەدا هەبوونی سەرمایەدارێکی خانەنشینی پشکدار، نەك هەر تەنها زیادە وە بێ سوودە، بەڵکو دەبێتە مایەی زیان و سەرئێشەیەکی ڕاستەقینە.

ئەوەی بۆ هێڵی ئاسن و کەشتییە هەڵمییەکان ڕاستە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بۆ هەموو دامەزراوە گەورەکانی پیشەسازی و بازرگانیش ڕاست دەردەچێت. واتە خستنەڕووی پشکی دامەزراوە تایبەتە گەورەکان بۆ کۆمپانیای پشکداری بەرپرسیاری سنووردار، .. ماوەی زیاتر لە دە ساڵە بووەتە باوی ڕۆژ.

لە کۆگا گەورەکانی ناوەندی بازرگانیی مەنچستەروە تا کارگەکانی ئاسن و کانە خەلووزەکانی وێڵز و باکووری ئینگلتەرا، هەروەها کارگەکانی لانکشایەر، هەموویان یان کراون بە کۆمپانیای پشکداری یان خەریکە دەکرێن.

لە هەموو ئۆلدهام، دەگمەن کارگەیەکی ڕستن و چنین لە ژێر خاوەندارییەتی تایبەتی تاکە کەسدا ماوەتەوە، بەڵکو تەنانەت وردەفرۆشەکانیش زیاتر لە جاران لە جێگەیان بۆ فرۆشگا هاوبەشەکان چۆڵ دەکەن، کە زۆربەی هەرە زۆریان تەنها بەناو هاوبەشن. --لە دەرفەتێکی دیکەدا لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین.

بەم شێوەیە دەبینین کە گەشەی بەرهەمهێنان لە پێکهاتەی سەرمایەداریدا دەبێتە هۆی ئەوەی سەرمایەداری ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لەدەست بدات، هەروەك چۆن ئامێری هەڵمیی ڕستن، ئەرکی جۆلا دەستییەکانی لەناوبرد. بەم جیاوازییە: جۆلا دەستییەکە مردنێکی هێواش وە بێدەنگ بوو لە برساندا، لە کاتێکدا سەرمایەدارە بێئەرکەکە سزاکەی مردنێکی هێواش و بێدەنگە لە تێر و پڕیدا. ئەم دوو کەسە بە گشتی یەك خاڵی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هیچیان نازانن، لەگەڵ خۆیاندا چی بکەن. کەواتە ئاکامەکە ئەمەیە: گەشەسەندنی ئابووریی کۆمەڵگەی هاوچەرخ، زۆرتر و زۆرتر بەرەو چڕکردنەوە و بەکۆمەڵایەتیکردنی بەرهەمهێنان دەڕوات لە دامەزراوە گەورەکاندا، تا ئەو ڕادەیە کە تاکە سەرمایەدارێك بە تەنها ناتوانێ بەڕێوەی ببات. هەموو ئەو قسە پووچ و بێمانایانە سەبارەت بە چاوی خاوەنکار وە ئەو کارە سەرسوڕهێنەرەی دەیکات، هەر کە دامەزراوەیەك لە قەبارەیەکی دیاریکراو گەورەتر بووەوە، دەبێتە قسەیەکی پووچ. جا وەرە باسی چاوەی خاوەنکاری هێڵی ئاسنی لەندەن وە باکووری ڕۆژئاوا بکە!

بەڵام ئەوەی خاوەنکار ناتوانێ بیکات، کرێکار واتە کارمەندی مووچەخۆر، دەتوانێ بیکات و سەرکەوتووانەش ئەنجامی دەدات. کەواتە سەرمایەدار ئیتر ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات کە قازانجەکەی بریتییە لە کرێی چاودێریکردن، چونکە ئەو چاودێریی هیچ شتێك ناکات، با کاتێك داکۆکیکارانی سەرمایە ئەم دەستەواژە پووچە بە گوێماندا دەدەن، ئەو خاڵەمان بیر بێت کە ئەوان هیچ ناکەن.

ئێمە لە ژمارەی هەفتەی ڕابردوو لە (the La-bour Standard) هەوڵماندا نیشانی بدەین کە چینی سەرمایەدار ئیتر تواناى بەڕێوەبردنی سیستەمە گەورەکانی بەرهەمهێنانی ئەم وڵاتەی نەماوە؛ لە لایەکەوە بەرهەمهێنانیان ئەوەندە زۆرتر کردوە کە بەرهەمەکان لافاویان هەڵساندووە لە بازنەی بازاڕەکاندا، وە لە لایەکی تریشەوە هەتا بێت زیاتر ناتوانن لە بەرامبەر کێبڕکێی دەرەکیدا خۆیان ڕابگرن.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئێمە نەك هەر دەتوانین پیشەسازییە گەورەکانی وڵات بەبێ دەستتێوەردانی چینی سەرمایەدار بەڕێوەببەین، بەڵکو دەستتێوەردانەکانیشیان بووەتە سەرئێشەیەکی ڕاستەقینە.

دیسان پێیان دەڵێینەوە: بڕۆنە لاوە! دەرفەت بدەن با چینی کرێکاریش نۆرەی خۆی تاقی بکاتەوە.

-*-*-*

لە بڵاوکراوەکانی پێگەی سۆشیالیزم

Social Classes Necessary and Superfluous
Frederick Engels (1881)
Source: Reproduced from the newspaper;
Written: early August 1881;
Published: No. 14, August 6, 1881, as a leading article;

# لێکەوتەکانی جەنگی ئەمریکا-ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، هاوپەیمانی سەربازیی سعودی-تورکی-پاکستانی وەک نموونەیەک!



عەبدوڵڵا ساڵح

**ووتراوە: "جەنگ سیاسەتە کاتێک وشەکان شکست دێنن، ئابوورییە کاتێک بەرژەوەندییەکان بەریەک دەکەون، و کارەساتە کاتێک بێتاوانەکان باجەکەی دەدەن".**

جەنگی ئەمریکا–ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، وەک درێژەپێدەری ئەو هێرشە تێرۆریستییە دێت کە بزووتنەوەی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی ساڵی ٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل ئەنجامی دا، بە پاڵپشتی و پشتگیری و هاندانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و دەستوپێوەندەکانی لە ناوچەکەدا، ئەوەشی بە دوایدا هات لە تاوانەکانی پاکتاوکردنی دانیشتوانی کەرتی غەزە لەلایەن حکومەتی فاشیستی ڕاستڕەو لە ئیسرائیل و هێنانی هەموو ئەم تراژیدیایە بۆ سەر فەلەستینییەکان، پاشان جەنگی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، کە بە نۆرەی خۆی بارودۆخێکی سیاسی و سەربازیی نوێی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێنایە کایەوە بە شێوەیەک دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی ئەوەی کە هەندێک پێی دەڵێن "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ".

دیارە لێکەوتەکانی ئەم شەڕە چەند ڕەهەندێکی گرنگ لە خۆی دەگرێ لەپێشیانەوە ڕەهەندە ئابوورییەکان، کۆمەڵایەتییەکان و ئەمجا سیاسییەکان. ئەگەر بەکورتی بەلایەنە ئابوورییەکەیدا بچین دەبینین کە کاریگەری ئەم شەڕە نەک تەنیا کەوتۆتە سەر وڵاتانی ناوچەکە، بگرە سەر تەواوی ئابووری لە جیهاندا و نرخی کاڵاو شمەکی تا ڕادەیەکی بەرچاو بەرز کردۆتەوە، ئەویش بەهۆی بەستنی گەروی هۆرمزەوە لەلایەن ئێران و کەمکردنەوەی هەناردەی وزە لەسەر ئاستی جیهان. لەباری کۆمەڵایەتیشەوە، جگە لە بارگرانییەکی بێ وێنە بۆسەر خەڵکی ئێران بەتایبەتی، هەڕەشەی لە گرێژنە چونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوە جیا لە سەرکوت و زیندان و سێدارە. ئەم شەڕە کاریگەری، تا ئەندازەیەک، بەرچاوی لەسەر دانیشتوانی ناوچەکەش دروست کردوە بەجۆرێك کە خەڵکی لە دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدا ڕاگرتووە.

ڕەهەندە سیاسییەکانیش کە کرۆکی ئەم باسەن، ڕوون و ئاشکرا دیارن، یەکێك لەوانە سەرەتای پرۆسەی بەرەو ئاوابوونی ڕۆڵی میلیشیاکان لە دەستوەردان لە سیاستەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، واتە ئەوەی بە زمانی سیاسی پێی دەوترێت "دەوڵەتی قووڵ"؛ وەك حەماس لە غەززە، حزبوڵلا لە لبنان، میلیشیا شیعییەکان لە عێراق، هەروەها ڕەوەندی بەرەوئاوا بوونی ڕۆڵی، بزوتنەوە چەکدارەکان، ئەوەی پێی دەوترێ "خەباتی چەکداری" وەك (پەکەکە لە تورکیا، هەسەدە لە سوریا..).

ئەوەی زۆر زەق و ئاشکرایە لەم ڕەهەندە سیاسییە فەشەلی ڕۆڵی ئەمریکایە لە پاراستنی ئەمنیەتی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، واتە چەتری پارێزگاری ئەمریکا، بەتایبەت بۆ وڵاتانی کەنداو نەیتوانی چەترێکی جێگای متمانەی تەواو بێ. ئامانجی ئێمە لەم نوسینە، تیشکخستنە سەر دەرئەنجام و ئاسۆی ڕەهەندە سیاسییەکانی ئەو شەڕەیە، کە یەکێك لە دیارترینیان دامەزراندنی هاوپەیمانی سەربازیی سێقۆڵیی ئاماژەپێکراوە.
لە ٧ی ئابی ٢٠٢٦، سعودیە، تورکیا و پاکستان هاوپەیمانەتییەکی سەربازیان واژۆ کرد بە ناوی "ڕێککەوتنامەی مەککە بۆ بەرگریی هاوبەش" کە چوارچێوەیەکی بەرگریی سێقۆڵییە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر هێرشێکی چەکداری بۆ سەر یەکێك لەم سێ دەوڵەتە بە هێرش بۆ سەر دەوڵەتەکانی تر ئەژمار دەکرێت، ئەمەش سیفەتێك دەبەخشێتە ئەم هاوپەیمانییە کە لە ماددەی پێنجەمی پەیماننامەی "ناتۆ" دەچێت.

ئەوەی سەرەتا بە مێشکدا دێت ئەم پرسیارەی خوارەوەیە: هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەم هاوپەیمانییە چیین؟ و چییە ئەوەی هەر یەکێك لەم سێ دەوڵەتە هەوڵی بۆ دەدات لە پشتی چوونە ناو ئەم هاوپەیمانییە و ڕۆڵی هر یەکێکیان چییە؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێت سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ ڕاستییەك کە جەنگی ئێستا سەلماندویەتی، ئەویش شکستی سەربازی و سیاسی ئەمریکا لە دەست گەیشتن بەو ئامانجەی شانبەشانی ئیسرائیل و حکومەتە ڕاستڕەوەکەی نەخشەیان بۆ کێشابوو، نیشانەکانی ئەم شکستە لە سەرەتای جەنگەکەوە دەرکەوتن کاتێك ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە تێکشکان و خاپوور کردنی بەرنامە ئۆتۆمییەکەی ئێران، گۆڕا بۆ ئامانجێك، کە ڕەنگە ئەوەندە لە بەرچاو نەگیرابێت، ئەویش داخستنی گەرووی هورمزە لە لایەن ئێرانەوە کە بووەتە گرێ کوێرەیەك بۆ ترامپ و هاوپەیمانەکانی، هەروەها کردنەوەی گەروەکەش بووەتە یەکێك لە پێشینەی ئامانجەکانی ئەم جەنگە و هەر ئەوەشە کە بۆ ئێران بۆتە کلیلی سەپاندنی مەرجەکانی بەسەر ئەمریکادا بۆ ڕاگرتنی جەنگەکە. ئەم جۆرە لە شکست، بێگومان بۆ ئەمریکا، دەشکێتەوە بەسەر تەرازوی ململانێی لەگەڵ ڕکەبەرە نێودەوڵەتییەکانیشی لە ناوچەکە وەك چین و روسیا.

بێگومان، زەرەرمەندی سەرەکی لەم تەنگژەیەدا، جگە لە جەماوەری ماندو وە برسیکراو سەرکوتکراوی ئێران بە تایبەتی و جەماوەری ناوچەکە بە گشتی، وڵاتانی کەنداون، ئەوان سەرچاوەی سەرەکی ئەو دەرامەدە زەبەلاحەی هەیانە لە ڕێی هەناردەی ئەو نەوت و گازەیە کە سەرچاوەی سەرەکیی ئابوورییانە، ئەویش کەوتووەتە ژێر پەلاماری ئێران و تێپەڕبوونی بە گەروی هۆرمز بەستراوەتەوە بە ڕەزامەندیی و ئۆکەی ئەو، سەرەڕای ئەوەش ئەم وڵاتانە بوونەتە ئامانجێکی سەربازیی "نەرم" بۆ ئێران کە هەرکاتێك بیەوێ هێرشیان دەکاتە سەر، بە بیانوی بوونی بنکەی سەربازیی گەورەی ئەمریکی لەسەر خاکەکەیان.
دەربارەی ئیسرائیلیش، هاوپەیمانی جێکەوتوی ئەمریکا، کە دەستی واڵا بۆتەوە، لە ڕووی سەربازییەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەر کاتێك بیەوێت پەلامار دەدا و هێرش دەکاتە سەر بەشێك لە دراوسێکانی (غەزە، لوبنان، سوریا) و خاکەکانیان داگیر دەکا بەبێ هیچ ڕێگریەك، بەمەش ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە دەکات بە گشتی.

لە دوای ئەم گۆڕانکارییانە، کە بە گۆڕانکاریی ستراتیجی هەژمار دەکرێن، پێویستیی دروستبوونی ئەم هاوپەیمانییە دەرکەوت، ئەگەرچی وەك دەزگا ئیعلامییەکانی ئەو سێ دەوڵەتە باسی دەکەن گوایە ئەم هاوپەیمانییە ئەنجامی نزیکەی دوو ساڵ لە دانوستان بووە و ئامانجی، بەپێی ئیدعای لایەنەکانی، بریتییە لە "بونیادنانی سیستەمێکی ئاسایشی هەرێمیی سەربەخۆ کە هاوسەنگی لە نێوان پێداویستییەکانی هەرسێ دەوڵەتەکەدا بپارێزێت". هەروەها وەك پاشەکشەی متمانە بە ئەمریکا لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە لە چنگ ئێران و دواتر ئیسرائیل ئەمەش وای لەو سێ دەوڵەتە کردووە کە بە دوای ڕێکارە بەرگرییە سەربەخۆکاندا بگەڕێن.

"ڕێککەوتنامەی مەککە بۆ بەرگریی هاوبەش" وەك سێ دەوڵەتەکە ئاماژەی پێدەدەن، سەرلەنوێ دارشتنەوەی هاوسەنگیی هێزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەویش بە تێکەڵکردنی تەکنەلۆجیا و پێشەسازیی سەربازیی پێشکەوتووی تورکی لەگەڵ پاڵپشتیی دارایی سعودیە و توانای سەربازیی و ئۆتۆمی پاکستانی، ئەمەش هاوکێشەیەکی هێزی نوێ دەسەپێنێت کە ئامانجی شکاندنی قۆرخکاریی سەربازیی ئیسرائیلە لەلایەك و سنوردانانێکە بۆ ئەجێندا و خەونەکانی جمهوری ئیسلامی لە ناوچەکەدا لە لایەکی ترەوە، ئەم ڕێککەوتنە هەڵبژاردنێکی ئاسایشی سەربەخۆ بە سعودیە دەبەخشێت کە پێویستی بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل و چوونە ناو ڕێککەوتنەکانی ئابراهام کەم دەکاتەوە بەو شێوەیەی کە ترەمپ هەوڵی بۆ دەدا.
هێزی ئەتۆمیی پاکستان دەبێتە بەربەستێك بۆ هەر لایەنێك کە بەنیازی بەزاندنی "هێڵە سوورەکان" بێت لە هێرشکردنە سەر وڵاتانی هاوپەیمانی، ڕەنگە ئەم چەکە، لەلایەکی ترەوە، بشبێتە هۆی سەقامگیری سیاسی و سەربازی! لە بەرامبەردا، پاکستان سوودمەند دەبێت لەو سەرمایە زۆرەی سعودیە بۆ ڕێگری لە دارمانی ئابوورییە بێتواناکەی، سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ پاراستنی هاوسەنگیی ستراتیجی لە ململانێ مێژووییەکەیدا لەگەڵ هیندستان.

سەبارەت بە تورکیا، کە وڵاتێکە لە پەیمانی ناتۆ و بەهێزترین سوپای ناوچەکەی هەیە، بەردەوام بەرژەوەندییەکانی بە هەڕەشە لێکراو دەبینێت لەلایەن ئیسرائیلی هاوپەیمانی ئەمریکاوە، ئەویش بەهۆی سیاستەکانی حکومەتی ئیسرائیل بەرامبەر سوریا کە بە گرنگترین هاوپەیمانی تورکیا لە ناوچەکەدا دادەنرێت (دوایین هێرشی سەربازییان بۆ سەر فرۆکەخانەی "أبو الضهور" لە ئیدلیبی ڕۆژهەڵاتی سوریا لەسەر سنووری تورکیا بوو). لەبەر ئەوە، تورکیا پێویستی بە هێزی ئەم هاوپەیمانییە هەیە بۆ پاراستنی هاوسەنگیی ستراتیجی، سیاسی و سەربازی لەگەڵ ئیسرائیل. لە لایەکی ترەوە، دوو هاوبەشەکەی تر، بە تایبەتی سعودیە، دەبێتە بازاڕێکی بەرچاو بۆ کڕینی پیشەسازییە سەربازییە پێشکەوتووەکانی تورکیا.

سەبارەت بە سعودیەش، کە متمانەی بە ئەمریکا وەك هاوپەیمانێکی ستراتیجی، بەتایبەتی لەبەرامبەر ئێراندا، بە جۆرێك لە جۆرەکان، لەق بووە، دەیەوێت ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت بەدوور لە گۆڕانکارییەکانی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان. لەبەر ئەوە، لە ڕێگەی ئەم هاوپەیمانییەوە هەوڵ دەدات پەیامێك ئاڕاستەی هەر لایەنێك بکات کە مەبەستی بێت زیانی پێ بگەیەنێت و بڵێت: "ئێمە خاوەنی چەتری ئەتۆمی و هێزێکی سەربازیی گەورە و ئایدۆلۆجیایەکی ئاییینین کە لەگەڵ دوو هاوپەیمانەکەی تردا کۆمان دەکاتەوە، و بەمەش هەوڵ دەدەین تەنیا پشت نەبەستین بە چەتری ئەمریکی".

پرسیارێکی تر کە لێرەدا خۆی دەسەپێنێت ئەوەیە: ئەی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی ئەم کێشمەکێشەدا چیان بەسەر دێت و چی چاوەڕێیان دەکات لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەدا؟
ئاشکرایە عێراق وە هەرێمی کوردستانیشی لەگەڵ بێ، لە دوای داگیرکاریی ئەمریکا و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، بڕیاری سیاسیی سەربەخۆیان لەدەستداوە و لە کەشتییەك دەچن کە شەپۆلەکان یارییان پێ دەکەن؛ چونکە هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەستی واڵایان هەیە لە داڕشتنی سیاسەتەکانیان. ئەم جەنگەش بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردوە، بە شێوەیەك کە سیاسەتی "بەدەستەوە گرتنی دارەکە لە ناوەڕاستەوە" بووە بە یەکێك لە ناکارامەترین و فاشیلترین سیاسەت.

لەو کاتەی عەلی زەیدی، ئەو ملیۆنێرە تازەپێگەیشتووەی لە ناو ژینگەیەکی سیاسی تائیفی و قەومی و ژینگەیەکی ئابووری گەندەڵی، مەحسوبییەت و بەرتیلخۆریدا هەڵتۆقیوە و بە پاڵپشتیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا هاتۆتە سەر دەسەڵات، وەك کۆپییەکی تەواوی حکومەتەکانی پێشوو لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، هەژمار دەکرێ، ئەویش بە پابەندبوونی بە "پەڕەی سپی"ی نیولیبرالییەوە، واتە سەپاندنی ژیانێکی کولەمەرگی و خنکێنەر بە سەر کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگەدا و واڵا کردنی دەستی کەرتی تایبەت بۆ چنینەوەی سود و قازانجی بەربڵاو.

لە دەستپێکی کارەکانی ئەم دەسەڵاتەدا چووە ناو جۆرێك لە ململانێی نوێوە؛ لادان بەرەو ئەمریکا و هەوڵدان بۆ دوورکەوتنەوە لە هەژموونی ئێران، ئەویش لە سیاسەتی (کۆکردنەوەی چەك لە دەستی دەوڵەت)دا ڕەنگی دایەوە، ئەمەش کەشوهەوایەکی ئاڵۆزی لە نێوان بڕیار بەدەستەکان لە وڵاتدا دروست کرد (چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعی) کە زۆربەی لایەنەکانی خاوەنی میلیشیای چەکدارن و ئەم سیاسەتەش دەچێتە خانەی چەککردن و تێکەڵبوونیان لەگەڵ هێزە سەربازییە فەرمییەکانی دەوڵەتدا. پرۆسەی ئەم چەکداماڵینە ناکرێ وەك کارێکی ئاسایی سەیر بکرێ بەڵکو قۆرت و پێچی زۆری لەبەر دەمە، هەر ئێستا دەنگۆی (شاردنەوەی چەکەکانیان نەك ڕادەستکردن) وەك بژاردەیەك هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش دەبێتە ئۆلگۆیەك بۆ دەرکەوتنەوەیان لە فۆرم و شکڵێکیتردا.
ئەم بارودۆخە کاریگەریی نەرێنی لەسەر سیاسەتێکی تری دەوڵەت دروست کرد کە بریتی بوو لە "ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی"؛ سیاسەتێك بە ڕاوی ماسییە بچکۆلەکانی گەندەڵیی دەستی پێ کرد دوور لە حوتە زەبەلاحەکان. لە بارودۆخێکی وەهادا، ئەم حکومەتە ئەو دارعەسایە سیحرییەی پێ نییە کە وڵات بەرەو سەربەخۆیی لە بڕیارداندا ببات، ئێستا عێراق لە نێوان هەردووك بەرداشی ئێران – ئەمریکا تلاوتلیەتی، سەرەڕای ئەوەش لە گەڵ ئەو قەیرانە داراییە خنکێنەرەدا دەست و پەنجە نەرم دەکا کە بەهۆی شەڕی ئەمریکا و ئێرانەوە دروست بوە سەرباری گەندەڵیی بێوێنە کە دەمێکە بەرۆکی عێراقی گرتووە.

سیاسەتی عێراق، بەپێی ئیدعای بەرپرسان، لە: "بێلایەنی، هاوسەنگی و دیپلۆماسی، لەگەڵ پێدانی ئەولەویەت بۆ بەرژەوەندیی نیشتمانی، سەروەری و سەقامگیری"دا خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش بۆخۆی هیچ نییە جگە لە دروشمێك کە حکومەتەکانی پێشوو بەرزیان کردبۆوە و ئەنجامەکەشی دەرکەوت؛ لەبەر ئەوە، ئومێد بەستن و هەڵچنینی هیوایەك بەم سیاسەتانە بازێکە لە بۆشاییدا.
کوردستانیش، وەك بەشێکی دانەبڕاوی عێراق کە هەمان ئەو بارودۆخە دەیگرێتەوە، لەباری سیاسییەوە، لەلایەك دەست و پەنجە لەگەڵ ململانێ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار نەرم دەکا و پاشاگەردانییەکی ئابووریش کە باجەکەی بۆتە بارگرانییەکی قورس بەسەر شانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کەمدەرامەدی کۆمەڵگا، ئەمە و سەرباری سەرکوتی سیاسی و خەفەکردنی دەنگی ئازاد. لەلایەکی ترەوە ئۆپۆزۆسیونی پرۆ دەسەڵاتیش لە کوردستان جگە لە هاشوهوش و بۆڵە بۆڵ بەمەبستی بەدەستەوە گرتنی چەمکێکی دەسەڵات ناکرێ و ناتوانێ شتێکی تری لێ چاوەڕوان بکرێ.

حزب و ڕێکخراوە چەپەکانیش بەتایبەت، باڵە پرۆ ناسیۆنالیستەکەی چەپ، کە ئۆلگۆی کوردستانی سوریای وەك ئامانجێك بەدەستەوە گرتبوو بانگەشەی بۆ دەکرد، ئێستا و دوای جوڵە لۆژیکییەکەی (هەسەدە) لە چوونە ژێر عەبای ئیسلامییەکان، بۆیە دەڵێین لۆژیکی چونکە ئەو، واتە (هەسەدە)، وەك حزبێکی چینی بۆرژوازی، قازانجی چینەکەی لەم ڕێڕەوەدا بەدیکرد بۆیە ملی لێنا، ئەمەش ناکرێ وەك شکست هەژمار بکرێ، تاکە شکستێك کە لەمنێوەدا هەبێ ئەوە وەهم و خۆشخەیاڵی چەپی پرۆ (هەسەدە)یە.
ئەم گێژاوەی ئەمڕۆ عێراق و کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێ، هیچ ڕێگەیەك بۆ تێپەڕاندنی نییە جگە لە ڕێکخستنی ڕیزەکانی کرێکاران، زەحمەتکێشان، بێکاران لە گەنجانی کوڕ و کچ، و سەرجەم توێژە چەوساوەکان، ژنان و پیاوان، لە ڕیزێکی خەباتکارانەی سەربەخۆی یەکگرتوودا و جیاکردنەوەیان لە ڕیزەکانی پێکهاتەی چینی دەسەڵاتداری باڵادەست (واتە بۆرژوازی)، بەرەو هەڵچونێکی شۆڕشگێڕانە کە دەسەڵات و مافەکان بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکانی بگەڕێنێتەوە و ئازادی و ژیانێکی شایستە بۆ سەرجەم کۆمەڵگا دابین بکات لە ژێر ئاڵا و ئاسۆی سۆشیالیزمدا بەدوور لە هەر ئاسۆیەکی نەتەوەیی، ئاییینی، مەزهەبی، ڕەگەزپەرستانە و جێندەری.
٦ی ئەیلولی ٢٠٢٦

# دروست نییە هەر زوو بە "هەڵمەتی دژە گەندەڵی" لە عێراقدا خۆشخەیاڵبین!



عەلی محمەد ئەمین

ماوەی چەند مانگە لەلایەن سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراقەوە (عەلی زەیدی) هەڵمەتێك بەناوی دژایەتی گەندەڵی و ڕیشەکێشکردنییەوە ڕاگەیەنراوە، پێش ئەوەی باس لە دەسپێکی هەڵمەتەکە و دەستگیرکراوان و پارەوپول و سەروەت و سامانەکانیان بکەین، باشتر وایە ئەگەر کەمێکیش بێت باس لە زەمینەی دەستبەکاربوونی سەرۆك وەزیرانی نوێ و پێشینەی بارودۆخەکە بکەین.
پاش ئەوەی شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەك و کۆماری ئیسلامی ئێران ڕوویدا و بەتایبەت زۆرێك لە دارودەستەکانی کۆماری ئیسلامی لە فەلەستین و لوبنان و یەمەن و تەنانەت عێراقیش دا گورزی کەمەرشکێنیان بەرکەوت و لە سوریاش سەرۆکی نوێ (ئەحمەد شەرع)ی کۆنە داعش بووە جێنشینی (بەشار ئەسەد) ی دۆستی کۆماری ئیسلامی ... ئەمریکا بۆ چنینەوەی بەرهەمی کار و تەقالاکانی لە عێراقدا، لەشەڕی دژی کۆماری ئیسلامی و شەڕی دژی داعش و شەڕی دژی پاشماوەکانی ڕژێمی بەعسدا، هەوڵیدا هەرچی زیاتر دەوڵەتی عێراق لەژێر ڕکێفی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربهێنێ، بە شێوەیەك زەمینە خۆشبێت بۆ ئەوەی حکومەتی نوێ لە عێراق لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوری، دارایی و ئەمنییەکانی ئەمریکادا تەباو گونجاوبێت و هەرچی زیاترە خۆی لە کۆت و بەندی کۆماری ئیسلامی بپچڕێنێت.
ئەوەی کە تا ئێستا ئەمریکا بۆی نەکراوە، دەیەوێ لە ڕێگەی سەرۆك وەزیرانی نوێوە زەمینەیەکی ساز و گونجاو بۆ هاوکاری و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتە جێ متمانەکانی ئەودا بەدیبێنێ، لەم نێوەدا (زەیدی) ڕاسپاردووە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز و سوپایەکی یەکدەست و لە ناوبردنی میلیشیا چەکدارەکان، بەتایبەت ئەوانەی سەر بە ئێرانن و لە دژایەتیکردنی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانیدا ڕۆڵی بەکرێگیراوی ئێران دەبینن، ئەوەتا ئەمریکا نەیهێشت (مالیکی) و یاوەرانی سەرۆکایەتی حکومەت بگرنە دەست و (عەلی زەیدی)یەکیان هێنا، کە نە لە ڕێگای هەڵبژاردن و نەلە دامەزراوەیەکی یاسایی دادوەری و لیژنەی دەسپاکی ... پێشینەی هەبوو، بەڵکو لەچالاکی سیاسیش دا ناسراو نەبوو، کردیانە سەرۆکی حکومەت و بانگهێشت کرا بۆ ئەمریکا و نزیکەی (٥٠) ڕێکەوتننامە و گرێبەستییان لەگەڵ دا واژۆ کرد، بوار بۆ دەیان کۆمپانیای نەوت و بازرگانی ئەمریکا ... ڕەخسا، کە عێراق ببێتە مەیدانی کار و چالاکی و وەبەرهێنانیان.
هاوکات هەر لەگەڵ ئەم پشتگیرییەی ئەمریکادا بۆ (زەیدی)، داواکراوە کە شەفافییەت لە سیستمی حوکمڕانی دا پەیڕەوکات و لەدژی گەندەڵکاران بجەنگێ، تەنانەت هەندێك لەو بڕوایەدان کە زۆرینەی ناوی گەندەڵکارەکان، ئەمریکا خۆی داویەتی بە (زەیدی) و لیژنەی دەسپاکی عێراقی و دەسەڵاتی دادوەری عێراق.
جا کاتێك زەمینەی هاتنەسەرکاری ئەم حکومەتە و بڕیارەکانی لەم جۆرە دەبینین، چۆن نابێ بپرسین: ئایا ناوی ئەم تۆمەتبارانە بەگەندەڵ، کە وەك دەڵێن لە هەزار کەس تێدەپەڕن گشتگیرن؟ لایەنگرانی هەموو لایەن و پارتە پێکهێنەرەکانی حکومەتی تێدایە؟ یاخود تەنها کۆمەڵێکن سەر بە هەندێ لایەن و ڕەوتی سیاسی دیاریکراو؟ ئایا هەڵمەتەکە سەرانی لایەنە سیاسی و تایەفی و نەتەوەییەکان لە عێراق و کوردستان دەگرێتەوە؟ بەتایبەت کە ئێستا دەست بۆ هەندێ کەسی سەر بە ئەوان ئەبرێ، بۆچی پرۆسەکە وابە هێواش دەڕواو لەکۆی وەك دەڵێن هەزار کەس، تا ئێستا سەد تۆمەتبارێك دەستگیر کراوە؟ ئایا ئاساییە ناوی هەندێ تۆمەتبار نەبرێ و ڕووبەڕوی دادگا نەکرێتەوە؟ گوایە لەبەر ئەوەی هەندێ پارەوپول و چەندان کیلۆ ئاڵتون وسەروەت و سامانی دزراوی تری گێراوەتەوە، هۆکار چییە تائێستاش پەرلەمان لە عێراق کارایە و بەتایبەت کە لە درێژەی دەسەڵاتیدا لە بواری چاودێریکردنی حکومەتدا هیچ ڕۆڵێکیان نەگێڕاوە و بگرە زۆرێکیشیان بە بەڵگە وە لە گەندەڵی تێوە گلاون؟
لە هەموو ئەمانە گرنگتر گرێنتی چییە ئەم هەموو سەروەت و سامانە دزراوە کە دەگەڕێتەوە دەچێت بۆ کوێ و لە چیدا خەرجدەکرێتەوە؟ چی زامنی ئەوە دەکات، دەم و چاوی هەندێ دز و گەندەڵکار ناگۆڕێتە دەم و چاوێکی تر؟ و تەنها ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سودمەند دەبن و ئاشی ئەوان ئاویان لێدەگەڕێ.
هاوکات ئەوەش دەڵێم بەهۆی ئەوەی پشکی شێری گەندەڵی لەبواری نەوتدا کراوە، بەڵام بوارەکانی تریش لە پەروەردەوە بیگرە تا تەندروستی و گەشتوگوزار و سوپا و ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانووبەرە و باج و گومرك و دەروازە سنورییەکان و کارەبا و شارەوانی ... هەموو ئەمانەش زامدارن بەهۆی بەهەدەردانی سەروەت و سامانێکی زۆرەوە.
ئەمانەی کە لێی دواین دەمانگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی کە سەرەڕای ئەوەی زۆرێك تۆمەتبار دەستگیرکرا و دەست بەسەر ملیۆنەها دۆلار و ملیارەها دینار و سەدان کیلۆ ئاڵتون و زێڕ و زیودا گیراوە و دەیان ئۆتۆمبیلی مۆدێل نوێ و کۆشك و تەلار و ڤێلا و هەزاران دۆنم زەوی گەڕێنراوەتەوە بۆ دامودەزگای بەرپرس و پەیوەندیدار بەم هەڵمەتەی دژی گەندەڵییەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، درووست نییە هەرزوو بەم هەڵمەتە خۆشخەیاڵبین، بەتایبەت کە پێکهێنەرانی حکومەت لە عێراق لەسەر بنەمای بەشبەشێنە و تایەفی و ڕەگەزی و مەزهەبی دامەزراوە و هیچ یەك لەمانە نەك بەرژەوەندیان لەگەڵ ڕیشەکێشکردنی گەندەڵیدا نییە، پێناچێت ئامادەشبن ئەو سەروەت و سامانەی کە دەگەڕێنرێتەوە بیخەنە خزمەتی بەشێکی زۆری ئەو خەڵکەی کەدەیان ساڵە ژیانی مەمرەومەژی بەسەرئەبەن و لەمێژە بەدەست بێکاری و گرانی و بێ خانە و لانەیی و نەبوون یا کەمی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانەوە دەناڵێنن.
ئەگەرچی زۆرێك لە پێکهێنەرانی دەوڵەت و سەرکردەی پارتە سیاسییەکان هەرزوو بەسەر زارەکی پشتگیری خۆیان بۆ هەڵمەتەکە و بەردەوامی ڕاگەیاند، بەڵام ڕوونە ئەگەر کاتێ سەرە بگاتە سەر کەسانێکی دەستڕۆشتوو، کەسانێك کە جێ و ڕێی هەستیار و قایمیان لە دەسەڵاتدا هەیە و، تەنانەت خاوەن چەکدار و میلیشیاشن، ڕاستەوخۆ دژی هەڵمەتەکە ڕادەوەستن و بە بەهانەی پاراستنی یەکڕیزی نیشتمانی و دژایەتی ئەمریکا و زایونیزم و دەیان قەوانی سواوی لەم بابەتە، ڕێگری لەم هەڵمەتە دەکەن و ئەوەی لەدەستیان بێت دەیکەن و دوور نییە لە بەردەوامی ئەم بارودۆخەشدا هەندێك لە وێنەی (عەلی زەیدی)ش ببنە قوربانی.
١٨ – ٨ – ٢٠٢٦

ڕەوت

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# کۆسمەتیک/ کاڵاکانی ئارایش

## گۆشەی تەندروستی

### کاڵا و ماوەی بەسەرچوونی (ئێکسپایەر)

ئامادەکردنی گوڵاڵە پشدەری



کۆسمەتیک بەو کاڵا یاخود کەرەستانە دەوترێت کە بۆ ئاراییشکردن/ نەخشاندن و خەملاندنی ڕووخسار و لەشن.

ئەو بەرهەمە جوانکاریانە لە ژیانی ئێستاماندا و لەم سەردەمەدا بوونە کاڵایەکی زەروری ژیان و بایەخێکی گرنگیان هەیە. لە هەموو توێژەکاندا وەکو: ژنان، پیاوان، گەنجان، منداڵان و بەساڵاچووان.

ڕۆڵی ئەو کاڵایانە ئەوەیە کە مرۆڤ بە بەکارهێنانیان بتوانێت، خۆی پاك و خاوێن ڕابگرێت، خۆی بپارێزێت لە زیان، خۆی بنەخشێنێ و برازێنێتەوە، هەستی خۆش و متمانە بە خۆی بدات و لە کۆتاییدا تەندروستی خۆی باش ڕابگرێت.

هەموو کەس ڕۆژانە بە دڵنیایی کەڵك لە هەندێك لەوانە وەردەگرێت وەکو شامپۆ، سابوون، هەویری ددان، بۆن-عەتر، کەرسەتەی ئارایەشکردن، کەفی ڕیشتراشین، کرێمی دەست و پێ و لەش، دژەڕۆژ، دەموچاو...هتد.

زۆربەی ئافرەتان و هەتا پیاوانیش ڕۆژانە کەڵك لەم کەرەستانە وەردەگرن، بەڵام زۆرینەی خەڵك نازانن کە ئەو کاڵایانە ماوەیان بەسەر دەچێت هەروەکو خۆراك، ئەو کاتە هەندێك جۆر باکتریا و قارچکەکان خۆیان دەخزێننە ناو پێکهاتەی بەرهەمە کۆسمەتیکەکەوە و زیان بە مرۆڤ دەگەیێنن، بۆیە هەندێك خاڵی گرنگ و تەندروستی هەیە لەوبارەوە ڕەچاو بکرێت.

لەسەر زۆربەی پاکەتەکاندا مێژووی بەسەرچوونی تێدایە. چی بکەین و چۆن مێژووی بەسەرچوونەکەی بزانین و ئەگەر تێیدا نەنووسرابێت چی بکەین تاکو پێستمان تووشی زیان و نەخۆشی نەبێت؟

تۆ لەوانەیە کەسێك بی کە ڕۆژانە لەو کاڵایانە (پرۆدۆکتانە) کەڵك وەرگری؛ وەکو قەڵەمی چاو، ماسکارە، پۆدرەی سەرگۆنا، جەلی قژ، کرێمی سەر....هتد، بەڵام ناشزانی ئەو کاڵایە ماوەکەی بەسەرچووە یان نا؟ وە تاکو کەی دەمێنێت؟

ئەگەر کاڵا ماوەکەی بەسەرچووبێت بە ئاسانی باکتریا بە خۆیەوە دەگرێ و مرۆڤ تووشی نەخۆشییەکانی پێست دەکات.

ماوەی ڕاگرتنی کاڵای کۆسمێتیك

ماوەکەی سود لێ وەرگرتنی کاڵا، دەبێ لە لایەن کارگەوە دەستنیشان کرابێت بۆ نموونە بە نەکراوەیی یان بە کردنەوەی سەرقەپاغی کاڵایەکە تاکەی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، بە چ شێوازێك و چۆن کاڵاکە بەکار دێت و لە چ پلەیەکی گەرمادا پێویستە هەڵبگیرێت.

زۆربەی ئەو کاڵایانە بۆ ماوەیکی درێژ ڕادەگیردرێن، بەڵام هیچکات بێ ماوەش نابێت و هەر بەسەر چوونیان هەیە.

ڕاددەی ماوەی ڕاگرتنی کۆسمێتیك: هەموو کەس نایزانێ

ناوەندی توێژینەوەی زانستی بریتانی (Opinium Research) لە لیکۆڵینەوەیەکیدا ڕایگەیاند کە لە نێوان (٣٨٠٠) ژن کە بەشدار بوون دوو لەسەر سێ (٣/٢) واتە (٦٦٪)یان نەیاندەزانی کە کاڵای ماوە بەسەرچوویان بەکار هێناوە، وە یەك لەسەر حەوت (٧/١) واتە (١٥٪)یان نەیاندەزانێ کە ماوەی بەسەرچوون هەیە لەسەر کاڵاکانی کۆسمێتیك و نزیکەی سێ چارەگییان واتە (٧٣٪) یان هەر نەیان دەزانی پێکهاتەکانی ناو کەستەکە چییە کە خۆیانی پی دەنەخشێن و دەخەملێنن. ئەوانە نەشیاندەزانی کە کاریگەرییە خراپەکانی کەستەی ئارایەشکردن کە ماوەی بەسەر چووبێت چی زیانێك لە پێست دەدات. هەروەها لە هۆڵەنداش هەربە و شێوەیە گەڕانێکی بەدوادا کراوە و هەمان ئەنجامی هەبووە.

ماوەی کاڵاکان چۆن بزانین؟

لەسەر پاکەتەکە یاخود کاڵاکە دەبێ هێمای (PAO) – (Period After Opening) نووسرابێت واتا دوای کردنەوەی بۆ ماوەی چەند دەشێ بەکاربهێنرێت. وە بۆ پێشکردنەوەی هێمای (PNO)، و (M) بۆ نیشاندانی چەند مانگە و هەروەها ئەگەر نووسرابێت بۆ نموونە بە نەکراوەدوایی تا (٣٠) مانگ ئەوە دەتوانی بێ کێشە کەڵکی لێ وەرگیردرێت.

تایبەتمەندی: ئەگەر هاتوو ئەو هێمایە لەسەر پاکەتی کاڵایەکە نەبوو:

1. به نەکراوەی ماوەی (٣٠) مانگ، ئەگەر کرایەوە بەرواری لێ بنووسرێت،
2. بۆ یەکجار بە کار دێن،
3. پێکهاتەی ئەلکوحولی وەکو بۆن،
4. لە پاکەتێکدان کە ناکرێنەوە وەکو بطڵی میتاڵی یاخود سپرای (سپرای قژ)،
5. تێکچوونیان نییە.

ماوەی ڕاگرتنی کاڵاکان: بە شێوەیەکی گلۆباڵ

- کرێمی دەم و چاو (ڕۆژ و شەو): دوای کردنەوەی (٦) مانگ
- کرێمی لەش: (١٢) مانگ
- تۆنیکی پاککردنەوە: (١٢) مانگ
- سکروب یاخود کرێمی سمارتەکردن: (٦) مانگ
- سابوون: (١٢)مانگ

کەرستەی ئارایەش، خەملاندن

- بۆن،عەتر: (٢٤) مانگ
- گلۆزی لێو بریقەدار: (٦) مانگ
- ماتیکی لێو: (١٢) مانگ
- قەلەمی لێو: (٢٤) مانگ
- ماسکارا: (٦) مانگ
- پۆدرە/بلوس: (٢٤) مانگ
- بۆیەی نینۆك: (٢٤) مانگ
- قەلەمی چاو: (٢٤) مانگ

تێبینی: هەرگیز کەرستەکانی ئارایشکردنی خۆت بە هیچ کەس بە قەرز مەدە و لە هیچ کەسیش وەریمەگرە! هەروەك چۆن فڵچەی ددان شۆرینت بە کەس نادەی و فڵچەی ددان شۆرینی کەسیش بەکارناهێنی.

سەرچاوە:

http://mens-en-gezondheid.infonu.nl/beauty/68721-let-op-de-houdbaarheid-van-cosmetica.html

http://mens-en-gezondheid.infonu.nl/beauty/40488-cosmetica-hoe-lang-is-make-up-creme-en-parfum-houdbaar.html

٢٠١٦/٩/٦

ئامستردام

# سیستەمی سەرمایەداری چی بەسەر جامی جیهانی ٢٠٢٦دا هێنا؟



ئامادەکردنی ڕاپۆرت

### لاو حەمید (لوولە): یاریزانی پێشووی تۆپی پێ لەسەر ئاستی وڵات خولی عێراقی

لە قۆناغێکدا کە پێناسەی وەرزش، بەتایبەتتریش پێناسەی تۆپی پێ دەکرا، هەر هەڵبژاردەیەك بە تایبەتمەندییەکانیەوە دەناسرایەوە، بۆ نمونە دەوترا هەڵبژاردەی ئیتالیا بەهێڵی بەرگری، بەڕازیل بە تەکنیك و جووڵەی یاریزانەکان، ئەڵمانیا بە بەرگری کردن و کۆڵنەدان تاکو کۆتا چرکەی یاری و تیپەکانی ئەفەریقا بە توانای جەستەی و شۆککردنی جەماوەر بە ئەنجامەکانیان.

بەڵام لە ئێستادا بەهۆی ئەوەی وەرزش بەگشتی و تۆپی پێ بەتایبەتی بۆتە بازاڕێك بۆ سەرمایەگوزاری و قازانج بەشێوەیەکی چڕ و سەرتاپاگیر، هەمانکات بەهۆی ئەوەی لە ئێستادا فەزای کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و سیستەمی سەرمایەداری بەلای ڕاستدا وەرگەڕاوە، بۆ قسە کردن لەسەر تایبەتمەندییەکانی وەرزش و تۆپی پێ بەتایبەتی هەمان ئەو بۆچوونانەی دەرهاویشتەوە کە بنەما ئابورییەکانی سیستەمەکە تێیکەوتووە لە وەورچەرخان ڕووەو ڕاست و قوڵبوونەوە لە شیکاری ڕاسیستانە و قوڵترکردنەوەی قڵشتەکانی نێوان نەتەوە و پێکهاتەکان و مرۆڤەکان، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە سەرخانی کۆمەڵگە ڕەنگدانەوەی ژێرخانە ئابورییەکەیەتی.

ئەم بینراوانەش لە جامی جیهانی تۆپی پێی ئەمساڵی (٢٠٢٦) زیاتر خۆی بەرجەستە دەکات، بۆ لایەنگری لەهەر هەڵبژاردەیەك گەڕانەوە بۆ مێژووی ئەو وڵاتە و ڕۆڵی دەسەڵاتەکەی لەناو هاوکێشە جیهانییەکاندا دەبێتە پێوەر بۆ دژایەتی یان لایەنگری، هەمانکات زۆر جار هەندێك لە کێشە چارەسەر نەبووەکانی وەك کێشە نەتەوەیی یان ئایینی یان جوگرافییەکان دەکرێنە سەرچاوەی هۆکاری لایەنگری و دژایەتی بردنەوەی یان دۆڕانی هەڵبژاردەکان لە کاتێکدا لە پێشتردا ئەم دیاردەیە بەم جۆرە زەق و بەرچاو نەبووە سەرەڕای بوونی هەمان ئەم کێشانە.

سەرهەڵدان و بوونی دەیان کێشە و قەیران لە سەرەتای جامی جیهانی ئەمساڵ (٢٠٢٦) کە لە (ئەمەریکا، کەنەدا، مەکسیك) بەڕیوەچوو، کە بەشی زۆری ئەو کێشە و قەیرانانە لە (ئەمەریکا) سەریهەڵدا وەك وڵاتێك کە دەرگیرە لەگەڵ قەیرانی ئابوری و لەدەستدانی پێگەی جیهانی و ململانێ ئابورییەکانی لە ئاستێکی فراواندا، هەڵسوکەوت کردنی وەك دەزگای پۆلیسی لە سەرجەم بوارەکاندا و سەپاندنی پاوانخوازی لەڕووی ترساندن و هێزەوە.

ڕەخنە و ئاڵنگاری زۆری لۆجستی و ڕامیاری کە بۆتە هۆی وروژاندنی گفتوگۆیەکی زۆر لە ناوەندە ڕامیاری و ڕاگەیاندن و جەماوەرییەکان لەسەرەتای کێبرکێکەوە، لەوانە قەیرانی پێدانی مۆڵەتی فیزا (تەئشیرات) و بەربەستە سنورییەکان کە لەشێوەی بێسەروبەرەیەك دەردەکەوت، لەمبارەوە هاندەران و بەرپرسان و ناوبژیوانەکان و تەنانەت یاریزانەکانیش ڕووبەڕوویان دەبوویەوە لە فرۆکەخانەکاندا، هەر وەك چۆن ڕێگری کرا لە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی سۆماڵی (عمر عەبدولقادر ئەرتان) کە بچێتە ناو ئەمەریکا و گەڕاندنەوەی لەکاتێکدا هەموو بەڵگە یاساییەکانی هەبوو لەلایەن (فیفا)وە.

لێکۆڵینەوە و ڕاگرتنی هەندێك لە هەڵبژاردەکان بۆ نموونە (عێراق، ئێران، سنگال) لەگەڵ پشکنین و بەدواچوونی جۆراوجۆر، هەڵوەشاندنەوەی گەشتی چەندین هاندەری وڵاتان بەهۆی نەدانی فیزەوە لەوانە (اسکتلندا، جەزائیر، سنگال) لەکاتێکدا خەرجیەکی زۆریان بۆ دابین کردنی بلیتی یارییەکان و میوانخانە کردبوو.

یەکێك لە تایبەتمەندییە شەرمەزارهێنەرەکانی مۆندیالی (٢٠٢٦) بریتی بوو لە زیادکردنی ژمارەی هەڵبژاردەی وڵاتەکان بۆ ٤٨ هەڵبژاردە، لەکاتێکدا ئەم فراوانکردنە ئاستی مۆندیالەکەی هێنایە خوارەوە لەبەر ئەوەی فراوانکردنەکە تەنها هۆکاری قازانج و سەرمایەگوزاری بوو نەك پێشخستی وەرزش و بواری کلتوری و تێکەڵاوبوونێکی زیاتری گەلان، دانانی دوو کاتی پشوو لە نێوان گێمەکاندا ئامانج لێی تەنها بەدەستهێنانی داهات بوو لەڕێگەی ڕیکلامەوە نەك پشوودانی یاریزانەکان و پاراستنی تەندروستیان، هەمانکات بەکارهێنانی منداڵێکی حیجابکراو بۆ ڕەزامەندی دەوڵەتی سعودیە و قەتەر بوو کە باشکرا دەردەکەوت لەم مۆندیالەدا بەخاتری قازانج و بەرژەوەندی کۆمپانیا و وڵاتەکان مافی مرۆڤ و منالان پێشیل کرا.

جێگای سەرسوڕمان نییە ئەگەر بوترێت کە (ئەمەریکا) چۆن لە ئاستی جیهاندا خۆی وەك پۆلیسی پاراستنی سەرمایەداری و قازانج دەبینێت، هەمانکات لەم مۆندیالەشدا بەهەمان سیاسەت و پلانەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ چۆنیەتی دابەشکردنی کۆی گشتی یارییەکانی مۆندیالەکەی کردووە، بۆ نموونە ژمارەی سەرجەم یارییەکانی جامی جیهانی (٢٠٢٦) بریتیە لە (١٠٤) یاری، لەم (١٠٤) یارییە تەنها (١٣) یاری لە هەریەك لە (مەکسیك و کەنەدا) ئەنجام دەدرێت و (٧٨) یاریش لە ئەمەریکا ئەنجام دەدرێت، کۆی گشتی قازانج و سەرمایەگوزاری (٧٨) یاری دەچێتە خەزێنەی کۆمپانیاکان و سەرمایەداران و دەوڵەت لە ئەمەریکا.

هەمانکات هەر لەم مۆندیالەدا کۆمەڵێك دەستتێوەردانی بەرپرسان دەبینرا کە پێشتر نموونەی نەبینراوە، وەك هەڵوەشاندنەوەی کارتی سوری یاریزانێکی (ئەمەریکی) بەبڕیاری (دۆناڵدترامپ)، سەبارەت بەڕێژەی قازانج لەم مۆندیالەدا تەنها لە کۆتایهاتنی قۆناغی یەکەمی پاڵەوانیەتەکە لە قۆناغی (٤٨) وە بۆ قۆناغی (٣٢) دەیکردە کۆی گشتی قازانجی یارییەکانی پاڵەوانیەتی (٢٠٢٢) لە قەتەر پێش یاری کۆتایی، ئاستی بەرزی قازانج لەم مۆندیالەدا زۆر پێوەری تێپەڕاندوە کە هەندێك جار سەرسوڕهێنەر باس دەکرێت، بۆ نموونە بەپێی ڕاپۆرتێکی فەرەنسی نرخی هەر بلیتێکی یاری کۆتایی گەشتوەتە (٩٧١٧) یۆرۆ وە هەرزانترین بلیتیش نرخەکەی (٣٤٩٦) یۆرۆبووە، وە نرخی شوێنە تایبەتەکان کە جێگای بەرپرسان و پادشا و سەرۆکەکان و دەوڵەمەندەکانە گەشتۆتە نرخێکی زۆر بەرز (سەرچاوە: آر آم سی سپورتی فەرەنسی)

لەم مۆندیالی جامی جیهانی (٢٠٢٦)دا بەشێوەیەکی باڵا نرخی جێگەی نیشتەجێبوون و هاتوچۆی ناوخۆ لە نێوان ئەو (٣) وڵاتەی یارییەکانی تێدا ئەنجام دەدرا (ئەمەریکا، مەکسیك، کەنەدا) بەرز بوو بەجۆرێك کارێکی کرد کە پاڵەوانیەتییەکە وەك مۆندیالی دەوڵەمەندەکان سەیربکرێت و ئەوگیانە فراوانەی وەرزش لەناو جەماوەردا هەیەتی لەدەستی بدات، سەختی هاتووچۆ بۆ یاریزانەکان لەنێوان هەر (٣) وڵاتی ئەنجامدەری پاڵەوانیەتییەکە لەڕووی دورییەوە کاریگەری خراپی دانابوو لەسەر توانای یاریزانەکان و شکستەبوونیان.

ڤیستیڤاڵی کردنەوەی جامی جیهانی (٢٠٢٦) لە مەکسیك نمایشێکی جوان و سەرسوڕهێنەری پێشکەش بە جیهان کرد، بەتایبەت بەشداری گۆرانیبێژینی بەناوبانگی جیهانی (شاکیرە) ڤیستڤاڵەکەی ڕازاندوە بە سەما و گۆرانیەکانی، دەکرێت ئەم نمایشە وەك خاڵێکی پۆزەتیڤ سەیر بکرێت.

دۆسییەی مافی کرێکاران و ئاسایش لە مەکسیك

ڕێکخراوەکانی مافی نێودەوڵەتی وەکو (یەکێتی کرێکارانی نێودەوڵەتی بیناسازی و داروتەختە) بەشیوەیەکی شیلگیرانە گفتوگۆیان کرد سەبارەت بە تۆمارکردنی ئەو کرێکارانەی کە تۆمارنەکراون، لەڕێگای چەند ڕاپۆرتێکەوە دەرکەوت کە بەڵێندەرەکانی نۆژەنکردنەوەی یاریگاکان وەکو یاریگای (ئەزیتکای مێژووی لە مەکسیك) پەنابەرانی نایاسایی خەڵکی (هایتی و فەنزویلا)یان بەکارهێناوە وەك کرێکار بەبێ ئەوەی مافە تەندروستی و سەلامەتییان بۆ دابین بکەن، هەمانکات باسی ئەوە دەکرێت کە (فیفا) تۆمەتبارکراوە بەوەی کە ڕێگری دروستکردوە بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ژیان و مافەکانی کرێکارەکان، هەمانکات ترس و دڵەڕاوکێییەکی زۆر سایەی کێشا بەسەر هەندێك لە شارەکانی مەکسیك وەکو (غوادەئەخارا) بەهۆی پەلاماردانی گروپە چەتەئاساکانەوە.

یەکێکی تر لە دەرهاویشتەکانی مۆندیالی (٢٠٢٦) سەرکوتکردنی ئەو خۆپیشاندانە بوو کە لە مەکسیك بەڕیوە چوو لەلایەن (یەکێتیەکانی مامۆستایان) کە چەند کاتژمێرێك پێش کردنەوەی مۆندیالەکە ئەنجامدرا، ئەم خۆپیشاندانانە بۆیە هۆکار بۆ ئەوەی دەوڵەتی مەکسیك هەزاران لە هێزەکانی ئەمن و دژەئاژاوە لە دەوروبەری فرۆکەخانە و یاریگاکان کۆبکاتەوە، هۆکاری ئەم خۆپیشاندانەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە (یەکێتیەکانی مامۆستایان) ڕەخنەی لەوە دەگرت کە داهاتێکی خەیاڵی و سەرسوڕهینەر بۆ ئەم مۆندیالە خەرجکراوە لەکاتێکدا ئاستی گوزەرانی خەڵك لە مەکسیك خراپە.

دوا وشە

مۆندیالی (٢٠٢٦) بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرمایەداری چیتر بە کاڵاکردنی کار و سروشت ڕازی نییە، بەڵکو دەستی بۆ بە کاڵاکردنی وەرزش و کولتوور و تەنانەت هەستی مرۆڤیش درێژکردووەتەوە. ئەوەی بڕیار بوو بۆنەیەك بێت بۆ کۆکردنەوەی خەڵك و بەرەوپێشبردنی بەهاکانی هاودەنگی و ئاشتی، بووەتە گۆڕەپانێك بۆ فراوانکردنی کاریگەریی سیاسی زلهێزەکان و زۆرترین قازانجی کۆمپانیا قۆرخکارەکان و چەسپاندنی نایەکسانی کۆمەڵایەتی. گەڕاندنەوەی وەرزش بۆ ڕۆڵی مرۆیی خۆی پێویستی بە ڕزگارکردنی لە لۆژیکی زۆرترین قازانج و باڵادەستی سەرمایە و گەڕاندنەوەی بۆ ئەرکە ڕەسەنەکەی خۆی وەك مافێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و مرۆیی کە خزمەت بە خەڵك دەکات، نەك ئامرازێکی نوێ بۆ کەڵەکەکردنی سامان و بەهێزکردنی هەژموونی چینایەتی.

لە ژێر سیستەمی سەرمایەداریدا، ئیتر مۆندیال تەنها پاڵەوانێتی تۆپی پێ نییە؛ بووەتە ئاوێنەیەك کە ڕەنگدانەوەی دژایەتی و قەیرانەکانی ئەم سیستەمە، و پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە خەبات بۆ وەرزشی دادپەروەرانە لە خەباتی فراوانتر بۆ کۆمەڵگایەکی دادپەروەرتر و دادپەروەرانەتر و مرۆڤدۆستانەتر جیا ناکرێتەوە.

# بارودۆخی ژیان و گوزەرانی کەمئەندامان و خواستە بنەڕەتییەکانیان



ئامادەکردنی ڕاپۆرت: مەسعود ئەنوەر

پێشەکی: مافی ژیانێکی سەربەرزانە و گونجاو مافێکی بنەڕەتیی هەموو مرۆڤێکە. خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەن، بەڵام ڕۆژانە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی جۆراوجۆر دەبنەوە کە کار دەکەنە سەر ئاستی ژیان، دەروون، و بەشداریی کۆمەڵایەتییان. ئەم ڕاپۆرتە تیشك دەخاتە سەر گرنگترین ئاستەنگەکان و پێشنیازەکانی چارەسەر.

ئاستەنگە سەرەکییەکانی ژیانی ڕۆژانە داهات و پاڵپشتی دارایی

زۆربەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەهۆی کەمی یارمەتییە مالییەکان یان نەبوونی هەلی کاری گونجاو لە دۆخێکی سەختی ئابووریدان. دەرماڵە و هاوکارییە حکومییەکان بەشی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی وەك دەرمان و ئامێری یارمەتیدەر ناکەن. کەرتی تەندروستی و دەرمان: دابینکردنی دەرمانی بەردەوام، کەلوپەلی پزیشکی، و ڕاهێنانی جەستەیی (سەنتەری چارەسەری سروشتی) تێچوویەکی زۆری دەوێت کە بارگرانییەکی گەورەیە لەسەر شانی خێزانەکانیان.

ژێرخان و هۆکارەکانی گواستنەوە

شەقام، کۆڵان، دامودەزگا حکومی و تایبەتەکان، و هۆکارەکانی گواستنەوە بە شێوازێك ڕێك نەخراون کە هاتووچۆی کەسانی کەمئەندام ئاسان بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕانیان لە کۆمەڵگە

ڕەخساندنی هەلی کار

نەبوونی ڕاهێنانی پیشەیی گونجاو و کەمبوونەوەی دەرفەتی کار لە کەرتی گشتی و تایبەتدا وایکردووە تواناکانی ئەم توێژە بەفیڕۆ بڕوات.

داواکاری و پێشنیازەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار پێداچوونەوە بە هاوکارییە مالییەکان

پێویستە مووچە یان دەرماڵەی مانگانەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ڕێك بخرێتەوە بەپێی ئاستی هەڵئاوسان و تێچووی ژیان.

گونجاندنی شوێنە گشتییەکان ناچارکردنی دامودەزگاکان و ڕێگەوبانەکان بە دروستکردنی شۆستە و ڕێڕەوی تایبەت (Ramp) و ئەسەنسۆری گونجاو.

خزمەتگوزاری پزیشکی

دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بێبەرامبەر: دابینکردنی دەرمانی بەردەوام، ئامێرەکانی بزواندن (کورسی پێاوڕواتن، دارشەق)، و خزمەتگوزاری ڕاهێنانی جەستەیی.

کۆتای کارپێکردن

دیاریکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە هەلی کار لە کەرتی گشتی و تایبەتدا بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بەپێی تواناکانیان.

زۆر ئارەزوی ڕۆیشتن دەکەم بەقاچەکانی خۆم!

لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا (محمد جەنگی محمد) کە لاوێکی کەم ئەندامی تەمەن هەژدە ساڵە و ئەندامی (کۆمەڵەی ژین)ە، هاتە لام و وتی زۆر ئارەزوی ڕۆیشتن دەکەم بەقاچەکانی خۆم، بەڵام لەبەرئەوەی خواستی زەروری تری ژیان هەیە و ئێمە لێی مەحروومین چوونکە حکومەت هەڵنەساوە بە ئەرکی خۆی بەرامبەرمان، بۆیە ئەم ئارەزووە و زۆر ئارەزووی تریشمان لەبیر دەباتەوە، جا تکایە لە ڕاپۆرتەکەتدا بنوسە پێویستە حکومەت ئاوڕێکی مرۆڤ دۆستانەمان لێبداتەوە نەك بەچاوێکی بەزەییانە بۆمان بڕوانێت! وە داوای کرد وێڕای ئەو خواستانەی سەرەوە ئەم خواستانەش یاداشت بکەم لە ڕاپۆرتەکەمدا: هاوکاری کردنمان لە زانکۆکان چەند کورسیەك بۆمان دابین بکرێت لە قوناغەکان و بەشەکانی زانکۆ. دابین کردنی سوتەمەنی.پێدانی زەوری یان شوققە. کۆمەگی وەرگرتن و پێدانی سەیارەی تایبەت بە خاوەن پێداویستە تایبەتەکان.

دوا وشە

ژیان و گوزەرانی ئێمەی کەمئەندامان یەکێکە لە بابەتە کۆمەڵایەتی و مرۆییە گرنگەکان چونکە ئاستی پێشکەوتوویی و شارستانیەتی هەر کۆمەڵگەیەك بە پێی گرنگیدانی ئەو کۆمەڵگەیە بە مافەکانی ئەو توێژ و بەشە کۆمەڵایەتییانەی کە یان لەژێر سەرکوت و چەوسانەوەدان وەك ژنان یان لاوازی جەستەیی و دەرونیان هەیە وەیا کەمئەندامن. ئەم پێوەرە لە دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ ئەو توێژ و بەشانە، ڕاددەی پێشکەوتن و ئینسانی بوونی کۆمەڵگەی پێ دەپێورێت.

کەمئەندامان بەشێکی دانەبڕاون لە کۆمەڵگە، بەڵام ڕۆژانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگ و ئاڵۆزی دەبنەوە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر کوالێتی ژیانیان دەبێت ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم کەمئەندامان ئاستەنگی ژینگەیی و ڕاژەسازی نەبوونی ڕێگەوبان و شوێنی گشتی گونجاو، مانۆڕی خاوەن پێداویستی تایبەت لە زۆربەی دامودەزگاکان قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکان، ئازادی لە جوڵە و هاتووچۆیانی بەسەردا سنوردار کردووە دۆخی ئابووری و هەلی کار نەبوونی ڕەخساندنی هەلی کاری بەراوردکراو بە تواناکانیان یان پشتیوانی دارایی نەگونجاو لەلایەن حکومەتەوە وایکردووە بەشێکی زۆریان دووچاری ئاستەنگی دارایی و کۆمەڵایەتی و دەرونی و لەدەستدانی سەربەخۆیی ئابووری ببینە، برێك لە تێڕوانینە هەڵەکان و ڕوانینی بەزەیی لەبری هاوکاری و ڕێزگرتن لە تواناکانیان دەبێتە هۆی دابڕانیان لە کۆمەڵگە و کاریگەری نەرێنی لەسەر باری دەرونیمان دروست دەکات.

هەرچەندە کەمئەندامان یاسای تایبەت بەخۆیانیان هەیە کە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١٢)یە بەناوی (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندانی کوردستان) و لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و پەسندیش کرایە، بەڵام حکومەتی هەرێم پابەند نەبووە بە یاساکەوە و هەڵنەساوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی و یاساکە جێ بەجێ ناکات بە تەواوی.

وەنەبێت لەبەرامبەر ئەم بارودۆخە ناهەموارە و کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێمدا ئەم توێژە کۆمەڵایەتییەی کەمئەندامان دەستەوستان ڕاوەستا بن، بەڵکو هەمیشەش بۆ بەرگری لە مافە ڕەواکانی خۆیان نارەزایەتییان دەربڕیووە و هاتوونەتە مەیدان، وە ئەوە هێزی ڕێکخراو بوون و ئاگابوونە بە مافەکان و یەکرێزییە لەگەڵ بزووتنەوەی نارەزایەتیی توێژە جۆراوجۆرەکانی مامۆستایان و کارمەندان و کرێکاران کە بەرپرسانی پەیوەندیدار و حکومەت ناچار دەکات وەڵام بە داخوازییە ڕەواکانمان بداتەوە.

سەرەتای ئەیلولی ٢٠٢٦

# کۆمۆنیزم دەبێ ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی سۆشیالیستی و پرۆلیتاری بە عەمەلی بخاتە بەردەم کۆمەڵگە



نادر عەبدولحەمید

## 1. هەرێم لە پرۆسەیەکی مێژوویی جیهانیدا

لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستەوە (١٩٩١) کۆمەڵگەی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق و لە ڕێگەی کێشمەکێشێکی جیۆ-سیاسی و جیۆ-سەربازی زلهێزە ئیمپریالیستەکانی جیهانەوە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ئاڵوگۆڕێکی هەمە لایەنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بینیووە، و وەك باقی وڵاتان و کۆمەڵگەکانی تری جیهان، لەو کاتەوە چووەتە ناو جیهانێکی تازەی یەك جەمسەری ئیمپریالیستی و تێکەڵبوون بە بازاڕی سەرمایەداری جیهانی و باڵادەستی نیولیبرالیزم لە هەموو بوارێکی ئابووری، سیاسی، فکری و کلتووری و مۆڕاڵیی و ....هتد.

ئەم ڕەوەندە، ڕەوەندێکی جیهانییە و لە هەر وڵاتە و هەر کۆمەڵگەیەکدا پرۆسەیەکی تایبەت و دیاریکراوی بەڕێکردووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا کرۆکی ئالوگۆڕە مێژووییە جیهانییەکەی ئەو سەردەمەی لە خۆیدا ڕەنگ پێ داوەتەوە

ئەڵبەتە ئەم پرۆسە مێژووییە جیهانییە لە باڵادەستی نیولیبرالیزم لە بنبەستدایە، و جەمسەری تری ئابووری و سیاسی و سەربازی ئیمپریالیستی دەرکەوتوون لە جیهانی ئەمڕۆدا، بەڵام هێشتا نیولیبرالیزم و بلۆکی ئیمپریالیستی ڕۆژاوا، بەتایبەت هەژموونی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لەگەڵ پاشەکشەی بەردەوامیدا باڵادەستی خۆی لەدەست نەداوە، سەردەمی ئێستا قۆناغێکی ڕاگوزەرە وەك قۆناغی نێوان جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم (١٩٢٠-١٩٤٠).

هەرێمی کوردستانی عێراق، لەو ڕەوەندە مێژووییە جیهانییە باڵادەستییەی نیولیبرالیزمدا، پرۆسەیەکی تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەبووە و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە کە هەر قۆناغە تایبەتمەندی خۆی هەبووە و دابەش بووە بەسەر چەند قۆناغی بچووکتردا. لەوانە قۆناغی (١٩٩١-٢٠٠٣) لە ڕاپەڕینەوە تا ڕووخانی ڕژێمی (بەعس)ی فاشیست و لە وێشەوە تا ڕاگەیاندنی (سیاسەتی سەربەخۆیی ئابووری کوردستان) واتا ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٤) و لەو کاتەشەوە تا ئێستا (٢٠١٥-٢٠٢٦).

وتارەکە چوونە ناو باسی ئەو قۆناغبەندییانە نییە، بەڵکو ئاماژەدانە پێیان بۆ خستنەبەرچاوی تابلۆ گشتییەکە، کە چۆنچۆنی بورژوا ناسیونالیستی دەسەڵاتداری هەرێمەکە، بە فشار و گوڕ و تینێکی بەهێزەوە پاڵی ناوە بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە بۆ ناو جەرگەی ئەو پرۆسە جیهانییە و چارەنوسی ملیۆنەها ئینسانی زەحمەتکێشی هەرێمەکەی گرێداوە، بە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی و برابەشەکانی لە بورژوازی دەوڵەتانی ناوچەکە و وڵاتانی ئیمپریالیستی. ئەم بارودۆخەی کە ئێستا لە ئارادایە بەرهەمی ئەو پرۆسە مێژووییەیە.

## 2. خەباتی جەماوەری زەحمەتکێش و مێژووی هەرێمەکە

لەم پرۆسەیەدا، سەرمایەداری لە کوردستان گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کۆمەڵگەی کوردستانی دابەش کردووە (وەك هەموو کۆمەڵگەکانی جیهانی ئەمڕۆ لە ئاسیا، ئەفریکا، ئەوروپا و ئەمریکا)، بەسەر چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاجیادا و لە بنچینەشدا بەسەر دوو چینی زۆرایەتی جەماوەرێکی زەحمەتکێش و کەمایەتییەکی مشەخۆری سەرمایەدار.

تەواوی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی کۆمەڵگەکەی، وەك هەر کۆمەڵگەیەکی تری جیهان، تەنها لە شکڵ و فۆرم و شێوازی دەرکەوتن و پەرەسەندنیاندا تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لە ناوەڕۆکدا کێشەی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری و دەسەڵاتی چینە باڵادەستەکەی بورژوا-ناسیونالیستییە.

بەدرێژایی ماوەی سی و پێنج ساڵی ڕابردوو، جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانی عێراق بە توێژە جیاجیاکانی مووچەخۆران، فەرمانبەران و مامۆستایان و توێژە جۆراوجۆرەکانی کرێکاران، کوڕان و کچانی خوێندکار و بێکار، ژنان و ئازادیخوازان بەردەوام لە دەربڕینی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان و ڕاپەڕیندا بوون دژ بە دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە.

ئەم ناڕەزایەتییانە چەندین جار لە پەرەسەندنی خۆیاندا بوونەتە بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی جەماوەری نەك هەر بە خواستە پیشەیی و ئابوورییەکانیاننەوە، بەڵکو بەرزیش بوونەتەوە بۆ ئاست شەپۆلێکی سیاسیش بە دژی حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکانی و نەك هەر بە زەبروزەنگ سەرکوت کراون، بەڵکو زۆرجاریش شەلاڵی خوێن کراون، ئەمە جگە لە تیرۆر و گرتن و شکەنجەدان و ڕاوەدوونانی چالاکوانان.

بەم شێوەیە مێژووی ئەم هەرێمە مێژووی کێشمەکێش و خەباتێکی جەماوەری زەحمەتکێشە بەرامبەر ئۆرگانێکی ڕێکخراوی دەسەڵات کە خاوەن میلیشیای حزبی و ئاسایش و پاراستن و دادگا و زیندان و میدیایەکی زەبەلاحە و بە پیادەکردنی سیاسەتی ئابووری نیولیبرالیزمیش تەواوی سەروەت و سامان و داراییەکانی کۆمەڵگەی قۆرخکردووە بۆ کەمایەتییەك کە خۆیان لە سەنتەری ئەو کەمایەتییەدان، و بێکاری و هەژاری و بێ خزمەتگوزاریشیان سەپاندووە بەسەر زۆرینەی هەرەزۆری جەماوەری هەرێمەکەدا.

## 3. بارودۆخی تازە

ئەوەی شایەنی باسە ئەم کێشمەکێشە چینایەتییە لە ئێستادا لە بارودۆخێکی تەواو جیاواز لە ئارادایە لەچاو بارودۆخی دە - پانزە ساڵ لێرەو پێش. بەشێکی پێکهێنەری ئەم بارودۆخە تازەیە جێگەوڕێگەی ناسیونالیزمی دەسەڵاتدارە لە هاوکێشە ناوخۆییەکانی عێراق و هاوکێشە هەرێمییەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە تا دێت بەرەو لاوازی دەچێت، ئەمە جگە لە ناکۆکی ڕیزەکانی ناوخۆی و نەتوانینی لە پێکهێنانی کابینەی دەیەم لە حکومەتی هاوبەش. ئەمە و پرۆسەی سازانی ڕەوتی ئۆجەلانیش لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی شەرع لە سوریا، ئەو چاوەڕوانییەی کە ناسیونالیزمی چەپی کورد هەیبوو لەم ڕەوتە توشی نیگەرانی و جۆرێك لە نائومێدی سیاسی کردووە.

لێرەدا نامانەوێت؛ نە بچینە ناو باسی جێگەوڕێگەی ڕوو لە لاوازی ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار، وە نە بچینە ناو باسی ڕەوتی ئۆجەلانی و نائومێدی سیاسی ناسیونالیزمی چەپ لە کوردستاندا، بەڵکو ئەوەی مەبەستی ئێمەیە ئەوەیە کە هاوڕای ئەم دوو ئاڵوگۆڕە و لەم کەشە فکری و سیاسییەدا کە ناسیونالیزمی کوردی تێکەوتووە، دوو تایبەتمەندی کۆنەپەرستانەی ناسیونالیستی لەناو کۆمەڵگەدا پەرەیان سەندووە، کە ئەویش لایەك پشتیوانی کردنە لە دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و فاشیستی ئیسرائیل، و لاکەی تریشی پەرەسەندنی ڕاسیزمێکی ئاشکرا و بێ پەردەیە.

دیارە ئەمەش دیاردەیەکی تەنها کوردستانی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییە و بەشێکە لە قەیرانی سەرمایەداری جیهانی و دەسەڵاتە بورژوازییەکانی. ئەوەتا لە جەرگەی وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژاوا لە ئەوروپا و ئەمریکادا ڕەوتە فاشیست و ڕاسیستەکان ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندندان وەك ئاڵتەرناتیڤێکی بورژوازی.

هێشتا ئەم تایبەتمەندییە فاشیستی و ڕەگەزپەرستییە لە کوردستاندا دوورە لەوەی وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی و بەرجەستە خۆی بنوێنێ، بەڵام هاوکاتی بنبەستی دەستەلاتی هەرێمەکە و نائومێدی ناسیونالیزمی چەپ، کاریگەری خۆی بەجۆرێك دادەنێت لەسەر کێشمەکێشی چینایەتی ناو کۆمەڵگە و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، بۆیە خوێندنەوەی ئەم دیاردانە و لەبەرچاوگرتنیان پێویستن لەلایەن هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و کرێکارانی ڕابەڕ و سۆشیالیستەکانەوە.

## 4. ئاڵوگۆڕەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی

خاڵێکی تر لەم کەش و هەوا تازەیە ئەو گۆڕانکارییانەن کە لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراقدا هاتوونەتە ئاراوە لە سێ چوار ساڵی ڕابردوودا.

بینیمان ڕێکخراوی (یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق) پاش پرۆسەیەکی خۆ یەکلا کردنەوەی چەندین ساڵە لە (٢٧-٩-٢٠٢٥) لە ڕێگەی بەیاننامەیەك خۆیان هەڵوەشاندەوە کە تێیدا خوازیاری هەمان ئەو ئەلگۆیە بوون بۆ عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێشتر لە کوردستانی سوریا لە ئارادا بوو، کە ئێستا تێکەڵ بۆتەوە لەگەڵ دامودەزگای حکومەتی ئەحمەد شەرع.

لە لایەکی تریشەوە مەیلی ڕیفۆرمیستی لەناو بزووتنەوەی چەپدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا پێ بە پێ ڕووخساری خۆی کامڵتر و بەرجەستەتر کردۆتەوە لە ڕێگەی خزانە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ حزبی شیوعی (کوردستان و عێراق) و ئومێد بەستن بە هەڵمەتی "دژە گەندەڵی" سەرەك وەزیرانی عێراق. بەم شێوەیە لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیشدا جەمسەرگیرییەکان ڕۆشنتر بوونەتەوە، بەشێك پەیوەست بوون بە ئەلگۆی ناسیونالیزمی چەپ و بەشێك بەڕێوەن بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ سیاسەتەکانی حزبی شیوعی کوردستان و لەو نێوەشدا (بەدیلی کۆمۆنیستی) لەسەر خەتی مارکسیزمی ڕادیکاڵ و ئینەتەرناسیونالی خۆی بەردەوامە.

## 5. دەربازبوونی مارکسیزم لە بازنەی ڕۆشنگەری

جیا لەوەی ئاماژەی پێکرا، چەندین مەحفەل و گرووپ و ڕێکخراوی تریش لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراقدا هەن لەوانە (ئاڵتەناتیڤی سۆشیالیستی) و (سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان) کە چالاکی ئەو مەحفەل و گرووپ و ڕێکخراوانە لایەك برەودانە بە باسە تیۆرییەکانی مارکسیسزم بەشێوەیەکی گشتی و لایەك پڕوپاگەندەیە دژی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و قەیرانە لەچارنەهاتووەکانی و دەسەڵاتی بەڕبەڕی بورژوازی، لەگەڵ پڕوپاگەندەکردن بۆ سۆشیالیزم و یەکسانی و ئازادی. ئەوەش جێی دەستخۆشانەیە و کارێکی پایەیی کۆمۆنیستییە و بەردەوام دەبێ ئەنجام بدرێت، بەڵام چالاکی کۆمۆنیستی نابێت تەنها لەم بازنەیەدا بمێنێتەوە، چوونکە ئامانجی چالاکی کۆمۆنیستی گۆڕینی جیهانە بە عەمەلی، ئەمەش بە پراتیکێکی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخراو کە تیۆری شۆڕشگێڕانە زاڵە بەسەریدا دێتە دی، نەك تەنها بە پڕوپاگەندە و ڕۆشنگەری فکری و سیاسی. ڕاستە قەیرانی سەرمایەداری لە ئارادایە، ناتوانایی دەسەڵاتی بورژوازیش هەیە کە چارەسەری پێ ناکرێت جگە لە سەرکوتی ناوخۆیی و شەڕ و پێکدادانی دەرەکی، هەروەها ناڕەزایەتییش هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی کۆتایی بەسەرمایەداری و دەسەڵاتی بورژوازی بهێندرێت و کرێکار و زەحمەتکێش بتوانن دەسەڵاتێك دابمەزرێنن کە ئیرادەی خۆیان بێت و پایەکانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی دابمەزرێت، پێویستە ئەو ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییانە بەرزبکرێنەوە بۆ ئاستی بزووتنەوەیەکی چینایەتی سیاسی ڕێکخراو و یەکگرتوو بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی ئینتەرناسیونالییەوە. مێژووی هەموو کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان لەوانەش لە عێراق و هەرێمی کوردستانەکەیدا لێرەدا گیری کردووە و ئەمە گرێوگۆڵە سەرەکییەکەی خەباتی چینایەتییە لەمڕۆدا.

هەرچەندە، کاری ڕۆشنگەری دژی سەرمایەداری و دەسەڵاتی بوورژوازی کارێکی پاییە و بەردەوام دەبێت ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوەی ئەسڵە لێرەدا، ئەوەیە کە دەبێ یەك خەتی سیاسی مارکسیستی و کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی ئینتەرناسیوناڵ و سەراسەری لە عێراقدا بخرێتەڕوو بۆ کار و چالاکی کۆمۆنیستی کە هەرێمی کوردستان بەشێکی لێکهەڵپێکراوی بێت، وەك ئەوەی کە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) پێی هەڵدەستێت. لە ئێستادا ئەرکی کۆمۆنیستەکان ئەوەیە بە موشەخخەسی.

هەر ئەم خەباتە سیاسییە کۆمۆنیستییەشە کە سەربەخۆیی چینایەتی و ڕیزی سەربەخۆی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان دەپارێزێت لە ئەجێندای ڕەوتە فکری و سیاسییەکانی بورژوا ئۆپۆزسیۆنی قەومی-ئیسلامی، و ڕێگریش دەکات لە تەشەنەکردنی ڕاسیزم و فاشیزم بۆ ناو ژینگەی جەماوەری زەحمەتکێش و ئاڕاستەکردنی توڕەیی و بێزارییان لە سیستەمەکە و لە دەسەڵاتی بورژوازی بۆ دژایەتی کردنی بەشێکی تری کرێکار و زەحمەتکێش بەناوی نەتەوە و ئایین و ... هتد. کۆمۆنیزم دەبێ ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی سۆشیالیستی و پرۆلیتاری بە عەمەلی بخاتە بەردەم کۆمەڵگە لەبەرامبەر گشت ئاڵتەرناتیڤە ڕەنگاوڕەنگەکانی بورژوا ناسیونالیست و لیبراڵ - ڕیفۆرمیست و ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە فاشیستەکاندا، ئەمەش کارێکە واوەترە لە ڕۆشنگەری سۆشیالیستی و پڕوپاگەندەی دژە سەرمایەداری و دەسەڵاتی بورژوازی.

١٨ ئەیلولی ٢٠٢٦

# داماڵینی چەک لە کێ و لە لایەن کێوە؟

تارق فەتحی

**ڕوونکردنەوەی ڕۆژنامەی ڕەوت: [سەرەک وەزیرانی عێراق لە (٢٠٢٦/٦/٤)دا ڕایگەیاند کە لیژنەیەکی حکومی تایبەت پێکدەهێنێت بۆئەوەی هەڵگرتنی چەک سنوردار بکاتەوە بە سوپا و هێزە چەکدارەکانی سەر بە دەوڵەت و دوا مۆڵەتی بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەش دیاری کرد کە بریتییە لە (٣٠-٩-٢٠٢٦). کە هاوکاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق. ئێستا کە لە ناوەڕاستی مانگی نۆ (ئەیلول/سێپتێمبەر)داین کاتەکە بەرەو کۆتایی ئەو وادە دیاریکراوە دەڕوات. ئەم وتارەی هاوڕێ تارق فەتحی لەو بارە بایەخی خۆی هەیە و (ڕەوت) لەبەر گرینگی بابەتەکە لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی بۆ خوێنەرانی].**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی (٣٠)ی ئەیلوول (ی ٢٠٢٦)، زنجیرەیەك لێدوانی یەك بەدوای یەکدا بڵاودەکرێتەوە کە هۆشداری دەدەن لەبارەی "فیتنە" و "پیلانگێڕی" کە لەوانەیە لە ڕۆژانی داهاتوودا ببێتە هۆی ئاژاوەگێڕی لە شەقامەکاندا، ئەمە بە گوتەی سەعد مەعەن، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندنی ئەمنی.

هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی دیاریکراودا، قەیرانە ئابووری و ئەمنی و سیاسییەکانیش بەرەو هەڵکشان دەچن:

## 1. لە ڕووی ئابوورییەوە، قەیرانی سووتەمەنی باڵی کێشاوە بەسەر دیمەنەکەدا؛

هەزاران ئۆتۆمبێل لە سەرەی دوورودرێژی بەنزیدا لە چاوەڕوانیدان، زۆرێك لە کارگەکان لە کار و لە بەرهەمهێنان وەستاون بەهۆی لابردنی پشتیوانەی دارایی بۆ سوتەمەنی و کەمی بڕی سوتەمەنی. دابینکردنی مووچەی کارمەندان و کرێکاران و خانەنشینان لە نادڵنیایی و لە هات و نەهات دایە، خۆپیشاندانی دەرچووانی زانکۆ و کرێکارانی گرێبەست شەقامەکانی داگرتووە، دۆلاریش بەردەوامە لە بەرزبوونەوە، کە ڕەنگدانەوەی خۆی لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان نیشان دەدات.

## 2. هەرچی لایەنی ئەمنی و سیاسیشە، لە ڕاستیدا گرێدراون بەیەکەوە و یەک دۆسیەن:

لێکەوتەکانی بۆردومانی بۆریی نەوتی ستراتیژیی سعودی هێشتا لە نێوان هەردوولای عێراق و سعودیەدا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، کە بابەتێکی زاڵە بەسەر دیمەنی سیاسی لە عێراق، چونکە هەندێك لە فراکسیۆن و دەستەوتاقم بە ئاقاری توندوتیژکردنەوەی گرژیی و چوونە ناو ململانێ و کێشمەکێشەکە پاڵ دەنێن، لە کاتێکدا لایەنی تر هەن لەناو دەسەڵاتدا دەیانەوێت پێگەی خۆیان بپارێزن، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین دەیانەوێت "پارێزگاری بکەن لە کیسەباخەڵەکانیان"، سەرباری ئەوەی کە هێشتا پێکهاتەی وەزاری حکومەتەکەی عەلی زەیدی تەواو نەبووە و وەك قەیرانێك ماوەتەوە، هەندێك زانیاریی دزە-پێکراو ئاماژە بەوە دەکەن کە ناکۆکی هەیە لەنێوان لایەنەکاندا لەسەر دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان و پشکەکان، بەڵام قەیرانی چەك داماڵین دایکی هەموو قەیرانەکانە، کە دەتوانێت هاوکێشەی دەسەڵات و ڕووخسارەکەشی بگۆڕێت.

کێشەکە لەوەدایە کە هێشتا پرسی داماڵینی چەك، تەنها لە ڕوانگەی دەسەڵات و میلیشیاکانەوە تاوتوێ دەکرێت، هەردووکیشیان چ دەسەڵات و چ میلیشیاکان ئیسلامین. دەسەڵات هێزی سوپا و پۆلیس و هێزی ئەمنیی جۆراوجۆری هەیە و بە لۆژیکێکی میلیشیاییش کار دەکەن. هەرچی میلیشیاکانیشن لای خۆیانەوە چەکی جۆراوجۆریان هەیە و بەهرەمەندن لە پشتیوانەی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وە چەندین کەمپی سەربازی و کۆگا و عەمباری چەك و دامەزراوەی ئابووری گەورەیان هەیە کە پوڵ و پارەیان بۆ دابین دەکات. ئێستا، پرسیارەکە ئەوەیە: داماڵینی چەك مانای چییە؟ یان با ڕوونتر بپرسین: کێ چەك لە کێ دادەماڵێت؟ ئایا دەسەڵاتی "میلیشیایی" چەك دادەماڵێت لە میلیشیاکان؟ یان میلیشیاکان چەك دادەماڵن لە دەسەڵات، یان بەهێزتر لەو دەسەڵاتە لە مەیدانەکەدا دەمێننەوە؟ با بە شێوەیەکی کۆنکرێتیتر بڵێین: ئایا چەکی عەممار حەکیم و عامری و مالیکی و خەزعەلی کە "نوێنەرانی دەسەڵاتی سیاسی"ن باشترە لە چەکی حەمیداوی و وەلائی و کەعبی؟

با سیناریۆیەکی دیاریکراو بێنینە بەرچاو: حەکیم و مالیکی و عامری سەرکەوتوو دەبن لە چەك داماڵینی حەمیداوی و وەلائی و کەعبی، و بەردەوام دەبن لە حوکمڕانی وڵات بە هەمان عەقڵیەتی تاڵانی و میلیشیایی و پاشکۆیەتی و پشتبەستوویی بە وڵاتانی دەرەکی. کەواتە، چی گۆڕاوە؟

هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی میلیشیاکان (ڕاپەڕینەکەی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)یان سەرکوت کرد، ئێستا با وا دابنێین دوای سەرکەوتنی نوێنەرانی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامییەکان، خۆپیشاندان یان ڕاپەڕینێك ڕوودەدات؛ ئایە چۆنچۆنی مالکی و حەکیم و ئەمیری و خەزعەلی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن؟

دوایین ژمارەی ڕۆژنامەی "الغد الإشتراكي"، (ژمارە ٥٣/ئاب-ئۆگۆستی ٢٠٢٦) ئەم ڕستە ڕاستگۆیانە و قووڵەی کردۆتە مانشێتی سەرەکی خۆی:

﴿قۆرخکردنی چەك لە دەستی هێزە میلیشیاکاندا بێت یان لە دەستی دەسەڵاتداران، ئامرازێکە بۆ سەرکوتکردنی جەماوەر و ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەیان، هەر ئەو جەماوەرەشە کە چەکیان لێ دادەماڵێت﴾

لێرەدا دەڵێین: پێویستە لە لۆژیکی خودی دەسەڵات و لە بازنەی بیرکردنەوەیان بچینە دەرەوە؛ ئەوان خۆیان وا نیشان دەدەن لەبەر چاوی خەڵك کە باشترن لە میلیشیاکان! بەڵام ئەمە درۆیەکی سیاسی گەورەیە، چونکە ئەوان و میلیشیاکان یەك شتن، واتە: لۆژیکی سیاسییان یەکێکە و هەمان شتە.

٢٠٢٦-٩-١٥

# ئایا زێوەر ڕێبەری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بووە؟!

سەدیق سەعید ڕواندزی

هەڵبەتە هوشیاری، زادەی خوێندەوارییە، چونکە بێ خوێندن، پەروەردەو فێربوون، هزری مرۆڤ بە ئاراستەی هوشیاربوون ناکرێتەوە، هوشیاریش پێوەرێکە بۆ بە ئەقڵانیکردنی دیاردەکانی ژیان و بینینی دیاردە و دەرکەوتەکانی ژیانە، بە دیدگایەکی ئەقڵانییەوە. بێگومان لە دوای سەردەمی ڕۆشنگەری، ئیدی هزری مرۆڤ بەرەو ئاراستەی ئەقڵگەرایی وەرچەرخا و کلێسا و ئەقڵی لاهوتی و ئاینی کە تا ئەو کات پەیوەندی مرۆڤ و کۆمەڵگەیان ڕێکدەخست، بوونی نەما، بەڵکو ڕۆشنگەری کلتووری بە ئەقلانیکردنی بوون و ژیان و لێکدانەوەی ئەقڵییانەی بۆ دیاردەو بووەکان داهێنا و ئەقڵ بووە سەنتەری ڕامان و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی دیاردەکان و ڕووداوەکان. چیرۆکی خوێندەواریبوونی مرۆڤ، دەگەڕێتەوە زۆر بەر لەو مێژووە. هەر لە سەرەتای سەدەی یانزەوە، دوای ئەوەی گۆتەنبێرگ، لە گەشتێکی ئاساییدا، سەرنج لە توێکڵی دارێك دەدات، ئیدی بیرۆکەی دانانی پیتی چاپی بۆ دروست دەبێت. بە دۆزینەوەی پیتی چاپ، دەروازەی نووسین و خوێندەواری بە ڕووی ژیانی مرۆڤ بە شێوە مۆدێرنەکەی کرایەوە. گەرچی مرۆڤی کۆن، لە ڕۆژگاری چاخی کۆن و بەردیندا، لەڕێگەی هەڵکۆڵین و زمانی هێماوە گوزارشتی لە ئایدیاو بیرەکانی دەکرد، بەڵام بە دۆزینەوەی پیتی چاپ، دنیای نووسین بە شێوەی مۆدێرن، کە تاو ئەو کات لە سەر چەرم و بەرد دەنووسرا، هاتە ئاراوە. ئیدی خوێندەواریی، زانست و فێربوون، کە لە خوێندەوارییەوە سەرچاوە دەگرن، بوونە بەشێك لە ژیانی مرۆڤایەتی و بێ خوێندەواریبوون، بێگومان کۆمەڵگە هەر لە دواکەوتوویی دەمێنێتەوە:_ (نەخوێندەواری زەقترین نیشانەی نارۆشنبیری کۆمەڵگەیە.) (١) چونکە ڕۆشنبیربوون، هوشیاری کەسیی و کۆمەڵایەتییانەی ژیان، بێ فێربوونی خوێندنەوەو نووسین، بوونی نییە، (خوێندەواری شتێك نییە کۆتایی هەبێت، بۆ هەمیشە و بەردەوام لەگەڵ مرۆڤ دایە)(٢) . لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، گەرچی ڕیشەکانی خوێندەواریبوون، بۆ تێگەیشتنێکی ئایینییانە دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێگەی نێوەندە ئایینییەکانی لە شێوەی حوجرە و تەکییە و مزگەوت دەردەکەوێت، بەڵام بە مانا مۆدێرنەکەی هەتا سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا، خوێندەواری وەك بەشێك لە زانست و فێربوونی هاوچەرخانە بوونی نەبووە، بەڵکو لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردووەوە خوێندەواری و فێربوون لە نێوەندەکانی خوێندن لەدەرەوەی خوێندنی ئایینییانە سەر هەڵئەدات. لەو سۆنگەیەوە، هاندان بۆ فێربوون و زانست و زانیاریی، دەبێتە گوتارێکی سەرەکی لە شیعری شاعیرانی کورد، گەرچی بەر لەو قۆناغە، لە ئەزموونی حاجی قادردا، سەرەتاکانی دەرکەوتنی خوێندەواریبوون و بایەخدان بە خوێندن دەردەکەون.(حاجی ڕەخنە لە کۆمەڵگەی کوردی و ئینسانی کورد دەگرێت کە خاوەنی کتێبی کوردی نییە، تەنانەت بایەخ بە نووسین نادات، ڕەخنە لە زانستی باوی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەگرێت، کە هەمان خوێندنی سوونەتی هەیە.) (٣) لە دوای حاجی، شاعیرانی سەدەی بیست، خوێندەوارییان وەك هوشیاربوونەوەیەکی گشتی کۆمەڵگە و دەرچوون لە ئەقڵی لاهوتی و کرانەوە و مۆدێرنەبوون بینیوە، بۆیە بەردەوام لە شیعرەکانیاندا هانی تاك و کۆمەڵگە بۆ زانست و فێربوون دەدەن. ئەزموونی فایەق بێکەس لەم ڕووەوە هەڵگری گوتارێکی دیاری هەوڵدانە بۆ خوێندەواربوونی کۆمەڵگە و نەزانین، وەك دەرهاوێشتەی نەبوونی زانست و پەروەردە و فێربوون دەبینێت و داوا لە کورد دەکات، چاو لە ئەوروپا بکەن و وەك ئەوان پاپا تەمبێ بکەن و بایەخ بە هوشیاریی و ئەقڵگەرایی بدەن. بێگومان زێوەریش یەکێکە لەو شاعیرانە کە وەك (ڕێبەری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری) ناوی دەهێنرێت، چونکە بایەخێکی گەورەی بە دنیای فێربوون و خوێندەواری لە شیعرەکانی داوە. هەڵبەتە ناونانی شاعیرێك بەڕێبەری هەر بوارێکی ژیانەوە بێت، دەبێ لە ڕووی ئەرگۆمێنتی زانستی، ئەزموون و گوتاری ئەدەبی و شیعری، بسەلمێنرێت. ئەو نموونە جیاکەرەوەیە کە شوناسی ڕێبەربوون بە شاعیرێك دەدات بخرێتە ڕوو، چونکە ڕێبەر کە ڕێبەرایەتی بزاوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی هەر بوارێکی ژیان دەکات، کارەکتەرێکە هەڵگری شوناس و دنیابینییەکی جیاواز و دابڕاوە لە دنیابینی و ئەقڵی باوی سەردەم. ڕێبەر کاتێ سەرکردایەتی جووڵانەوەیەك، شۆڕشێك، دیاردەیەکی نوێ و دابڕاو لە ئەقڵی باوی کۆمەڵگە دەکات، دەبێ هەڵگری گەلێك خاسیەتی جیاواز بێت، کە لە وانیتر بوونی نەبێت، تاکو بتوانێت شوناسی بە ڕێبەربوون لە نێو توێژە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە وەربگرێت. لێرەوەش گەر لە پەراوێزی ناونیشانی کتێبی ( زێوەر ڕێبەری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری)(٤) بڕوانینە شیعرەکانی ئەم شاعیرە و دنیابینی شیعرییانەی لە بارەی دیاردە نوێکانی ڕۆژگاری خۆی و ڕوانگە و تێگەیشتنی لە بۆ کۆمەڵگە هەڵبسەنگێنین، ئەوا دەبینین ناونیشانی ئەم کتێبە دوورە لە دنیابینی شیعرییانەی زێوەر! دیارە مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە، ئەم شاعیرە هەوڵی بۆ خوێندەواربوونی کۆمەڵگە لە ڕێی شیعرەکانییەوە نەدابێت، کە ئەمەشیان لە شیعری حاجی قادری کۆییدا، زۆر بەر لە زێوەر دەبینرێت، بەڵکو بەو مانایەی ئایا دەکرێ شوناسی ڕێبەر بدرێتە زێوەر وەك شاعیرێك لەو بارەوە؟ هەڵبەتە مرۆڤی خوێندەوار، دنیابینییەکی کراوەی هەیە، کۆمەڵگە و دیاردە و دەرکەوتە نوێکانی سەردەم ڕەت ناکاتەوە و بە بەشێك لە گۆڕانکارییە دینامیکییانەی ژیان دەیانبینێت و هانی مرۆڤەکان دەدات. ئەم دەرکەوتە ژیاریی و کۆمەڵایەتییە نوێیانەی ژیان، بە ئاسایی وەربگرێت، چونکە بەشێکن لە سرووشتی گۆڕانکارییانەی ژیان. بەڵام زێوەر لە بەشێکی شیعرەکانیدا، دژ بەو دەرکەوتە نوێیانەی ژیان دەوەستێتەوە، کە بەرهەمی ئەقڵگەرایی و کرانەوەی کۆمەڵایەتی و ژیاریبوونی کۆمەڵگەن، ئەمەش پێچەوانەی ئەرك و شوناسی ڕێبەرە، چونکە ڕێبەر کەسێکە( دەستی ڕێبوار دەگرێت، پێشی دەکەوێت، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵیدا دەبێت، لە هەر ترازان و لە رزینێکدا دڵنەوایی دەکات و بڵندی دەکاتەوە و دەیخاتە سەرڕێ بۆ ئەوەی گەشتەکە بە سەر ڕێگەدا بەرە و ڕووگە بەردەوام بێت )(٥) لەم ڕوانگەیەوە، زێوەر لە شیعرێکیدا، دژ بە کەسانی مەیخۆر دەوەستێتەوە و لە پێگەی کەسی و کۆمەڵایەتییان دەدات و دەیانهێنێتە ئاستی کەر، کە ئەمەش تێگەیشتنێکی نەریتییانە و خێڵەکییانەیە و پێچەوانەی جیهانبینی شاعیرێکە، کە وەك ڕێبەر بناسرێت، چونکە ڕێبەر کار لە پێناو ئازادی و ڕزگاربوون و خۆبەختکاری لە پێناو ژیانی ئەوانیتر دەکات. بێگومان ڕاستە مەی خواردنەوە، ئەوسا و ئێستاش خاسیەتێکی کەسی و کۆمەڵایەتییانەی بێزراو ڕەتکەرەوەیە لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئێمەدا،، بەڵام ئەمە مانای وانییە هەر کەسێك مەی خۆربێت، ئیدی مرۆڤ نییە، لەو سۆنگەیەوە زێوەر لە شیعرێکدا دەڵێت:

تۆ کە سادەی عەرەق مەخۆ ڕۆڵە
هاوپیاڵەی مونافیقت زۆڵە
هێزی قاچت نییە هەتا ڕاکەی
دەستەکانیشت لە بۆ دیفاع کۆڵە
کاکە تۆش کە بە جاحێڵی فێربووی
یا کەری یاخۆ بارەکەت مۆڵە

لەو شیعرەیدا، زێوەر بە زمانێکی توندو بریندارکەر، وەسفی کەسانێك دەکات کە مەی دەخۆنەوە، لە بری ئەوەی هوشیاریان بکاتەوە، لێکەوتە دەروونی و تەندروستییەکانی ئەو کارەیان بۆ ڕوون بکاتەوە، دێت وەك کەر و زۆڵ دەیان ناسێنێت! کە ڕەنگە هەمان ئەو کەسانە تەنها نەنگییەکەیان ئەوە بێت، کە مەی دەخۆنەوە، لە کاتێکدا ڕەنگە لە باری ئاساییدا، مرۆڤی زۆر باش بن. مەی یەکێکە لەو بابەتانەتی لە شیعری کوردیدا، سەرچاوەی گەلێك شیعری جوانە و وەك تێمایەکی شیعری بەرجەستە کراوە، بگرە ئەگەی مەی نەبووایە، خەیام نەدەبوو، مام هێمن چۆن وەسفی ساقی و پیاڵە دەکات، هەموو ئەو وێنانە، پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنەی زێوەرن، کە مافی ئەوەی نییە سەرەتا وەك مرۆڤێك دواتریش شاعیرێك، کەسانێکی دیکە کە هیچ زیانیان بۆ ئەو نییە، بهێنێتە ئاستی کەر. بێگومان لەوەدا ئێمە کێشەیەکمان نییە، کە جیهانبینی ئەم شاعیرە لە شیعرەکانیدا، بەرانبەر بە مەی خۆرەکان چۆن بووە؟ بەڵام نابێ وەك ڕێبەری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بناسرێت. چونکە ئەم شیعرانە، پێچەوانەی ئەو شوناسە دەسەلمێنن. هەر لە بارەی ئەوانەی مەی دەخۆنەوە، زێوەر لە دێڕە شیعرێکی دیکەیدا دەڵێت:


عارەق ناخۆم بە دینار و بە درهەم
نەتیجەش عەینی تابیعی زەر بم

زێوەر لە شیعرەکانیدا، دژ بە هونەری سینەما دەوەستێتەوە و سینەما بە هۆکاری تێکدانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەزانێت و لە شیعرێکیدا، دژ بەوانە دەوەستێتەوە کە دەچنە سینەما و چێژ لە بینینی فیلم و سینەما وەردەگرن، چونکە پێچەوانەی بنەما ئایینییەکانە. بێگومان (سینەما و شیعر ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە، کە بریتیە لە وروژاندنی هەستەکان و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بینەر لە ئاستێکی قووڵ و ماناداردا) (٦) ئەم وروژاندنە هەستییە، کاریگەرییەتی لە سینەمادا زیاتر دەردەکەوێت، چونکە بەرکەوتەی هەستەکانی مرۆڤ بە دیمەن و ڕووداوەکان، لە سەر ئاستی هەستێك زیاترە، بەو مانایەی بە بینین و بە بیستن، کۆنتاك لەگەڵ دیمەن و وێنەکان دەکەین. سینەما هونەرێکی هاوچەرخ و زادەی پێشکەوتنە ژیاریی و تەکنەلۆژیی و مرۆییەکانە و دەرکەوتنی سینەما، ڕۆڵێکی گرنگی لە بە مێژوویکردن و نیشاندانی ڕووداو و کارەساتەکان بینی و هونەرێکە، کاریگەرییەتی لە سەر تێگەیشتن و بینینی مرۆڤ جێدێڵێت. ئەم هونەرە، بەرهەمی دنیابینییەکی کراوە و پێشکەوتووانەیە و بەشێکە لە دەرهاوێشتە نوێیەکانی ژیانی مرۆڤ، بۆیە هاتنەوە بە گژ سینەما، دەلالەت لە داخراوی ئەقڵی مرۆڤ دەکات و مرۆڤی خوێندەوار و ڕۆشنبیر، سینەما و هەموو پێشکەوتنێکی ژیاری، بە بەشێك لە گۆڕانکارییە هزریی و مرۆییەکانی ژیان دەزانێت و دژیان ناوەستێتەوە. هەڵبەتە مەبەستی ئێمە لێرەدا، مرۆڤێکە کە هەڵگری شوناسی ڕێبەرییە و کەسێکە دەبێتە پێشڕەو بۆ ئەوانیتر. کەچی زێوەر، کە لەو کتێبەدا بە ڕێبەری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری ناوی بردراوە دژ بە سینەما دەوەستێتەوە و دەڵێت:

سینەما کارێکی وایکرد هیچ مناڵ ترسی نەما
بۆ تەماشا زۆر کوڕ و کچ بوونە هاوڕێی دایك و باوك
هیچ غەمی باوکیان نیە وای درهەم و فلس نەما
عیلم و فەن ئەوروپا فێربوون کە سەیری وێنەبێ
ئاگری حەسرەت ئەمێنێ هەر لە لەوحی سینەما

وەستانەوە لە دژی هونەر و سینەماش بە تایبەتی، ناکۆك و ناتەبایە، لەگەڵ جیهانبینی مرۆڤێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر، چجای ئەوەی وەك ڕێبەریش ناوی بێت ! ئەم جۆرە دەرکەوتە زانستی و هونەریی و ژیارییانە، ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە و فۆرمۆڵەبوونی هزری کەسەکانە و بەشێکن لە سرووشتی گۆڕانکارییانەی کۆمەڵگە و مرۆڤی خوێندەوار نەك هەر دەبێ لەگەڵیان بێت، بەڵکو دەبێ ستایشیان بکات و زەمینەی زیاتری دەرکەوتنیان بۆ بڕەخسێنێت، نەك ڕەتیان بکاتەوە، کە لە بنەڕەتدا دژ بە ئازادی کەسین. مرۆڤی ڕۆشنبیر و خوێندەوار، هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە دەڕوات، لە ڕێگەی پەیام و ئامانجەکانییەوە، کار لەسەر کرانەوەی هزری و ڕۆشنبیریبوونی تاکەکان دەکات، نەك ئەوەی بڕوای وابێت، ئەمانە مەترسین بۆ سەر کۆمەڵگە و ڕەتیان بکاتەوە و مرۆڤ بێنێتە ئاستی ئاژەڵەکان . ئەم جۆرە ڕوانینەی زێوەر، ڕێك پێچەوانەی ناونیشانی کتێبەکەیە کە نەك ڕێبەری نەخوێندەواری نەبووە، بگرە دژی پێشکەوتن و کرانەوەی کۆمەڵگەش بووە، کە ئەمانەش پێچەوانەی زانیست و فێربوون و خوێندەوارین!

سەرچاوەو پەراوێزەکان:
(١)محەمەد سەلام، پەیامی گیڤارا بۆ گەنجان، گیڤارا، وەرگێڕان، بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا، ساڵی چاپ ، ٢٠٢٥.
(٢)ە – س – پ.
(٣)د. ئیسماعیل محمودی، دیاردە مۆدێرنەکان لە گوتاری حاجی قادری کۆییدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٣٣٣ لە ٢٠٢٥/٧/٥ .
(٤)نەوزاد کەلهوڕ، زێوەر ڕێبەری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری، لێکۆڵینەوە، ساڵی چاپ ٢٠١٠.
(٥)عەبدولرەحمان ئەحمەد وەهاب، چەپکێ گڕ، بڵاوکراوەی دەزگای موکریانی، زنجیرە ١١٠٩، ساڵی چاپ ٢٠٢٣، ل ٥٨.
(٦)سامان عوسمان، پەیوەندی شیعر و سینەما، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژمارەی ڕۆژی ٢٠٢٤/٧/٢٤.




# نیشتیمانی سوور



ئەریڤان نەعمان

بەیانیت باش..
بەیانیت باش ئەی ئەو نیشتیمانەی ساتێک تێدا نەسرەوتم
بەیانیت باش ئەی ئەو نیشتیمانەی ئارەقی ڕەنجەکانت بردم
هۆ ئەو نیشتیمانەی دەبێ تا مردن
منێکی هەژار قوربانت بێ و خوێنت بۆ بڕێژێ،
لەسایەو سێبەرت سەرمایەدار و بەرپرس بحەسێ
بەیانیت باش.. بەیانیت باش ئەی ئەو خاکەی
لە جیاتی نان؛ بەردت لەگەرووم نا
لە جیاتی ئومێد؛ تابووتی ئیجەت بۆکردم بەدیاری.
هۆ نیشتیمان تۆ درەختێکی پێنەگەشتوو بووی
ڕەگت بە ناو دڵی ئێمەدا ڕۆچوو بۆ مژینی خوێنمان
بەرەکەشت بۆ گیرفانی ئەوان بوو
نیشتیمان لەدڵی شارەکانتدا ئێسقانی شەهیدەکانت
بوونە تاوەرێک تا مەلا و شێخەکان بە سەریدا تێپەڕن
هەر دڵۆپە فرمێسکێکی دایکی شەهیدان گۆڕا بۆ قومێک شەرابی سوور
بۆ سەر مێزی خاوەن کۆشکە و تەلارەکانت
بەیانیت باش.. نیشتمانی برینە قووڵەکانم
بەیانیت باش.. نیشتیمانی زامە درێژەکانم
ئەی ئەو نیشتمانەی کە شاخەکانی تەنیا سێبەری ستەمکارانن و
گوڵی باخەکانی تەنیا بۆ پشووی جەللادەکان دەپشکوێ،
بەڵام نیشتیمان منیش گەنجم..کۆمەڵێ ئاواتم هەیە
بۆیە پێت دەڵێم: ئیتر بەسە نیشتیمان
من چیتر نابمە پاسەوانێکی شەکەت و تینووی ڕێگات
بەدیار دەروازەی دۆزەخەکەی خۆمەوە دانانیشم
من قفڵی ئەم بێدەنگییە دەشکێنم،
برسیەتیم دەکەمە گەردەلوول و
دەستم دەخەمە سەر پەلەپیتکەی توورەیی،
با ئەم بەیانییە سەرەتای سووتانی تاجی درۆینە و ڕاپەڕینی کۆیلەکان بێ
سەرەتای سەرهەڵدانی ئاڵای سووری شۆڕشت بێ
با گرمە گرمی فیشەک و تۆپت لەژێر ئاڵای کارگەران بێ
با ژیانم لەپێناو چینی ژێردەست بێ
با مردنم لەپێناو ژیانێکی ئازاد و یەکسان بێ.

# غەریبم لە شاری تۆدا!



سەنا نوری
ئایاری ٢٠٢٦

غوربەت لێرە،
مۆتەکەیەکە هەموو شەوێک
لەسەر سنگم هەڵدەنیشێت.
دەستی ئەڤینت بە جۆرێک گەروومی گووشیوە،
هەناسەدان بووەتە مامەڵەیەکی گران
لە نێوان ژیان و نەبووندا.
بە باوەشێک برینەوە، هەنگاو دەنێم
بە کۆڵانەکانی "سابونکەران" و "مەڵکەندی"دا...
لە نێو جوانیی ئەم شارەدا،
یادگارێک دەکەوێتە بەربینای چاوە تەمگرتووەکانم؛
چاو بە فرمێسک و هەناسە سوار!
یادگارێک، کە بۆنی سەیرانگا و
هاوینەهەوارەکانی "بێخاڵ" و "گەلیی جوندەیان"ی لێ دێت...
بۆنی پیاڵەیەک شەرابی مەستی و
ڕەنگاوڕەنگیی سروشتێکی کێوی...
بۆنی چێژی خەوی پاکی منداڵییەک
لە ژێر چادرێکی سادەدا.
لەو یادگارەدا، ڕوانینی بێگەردی منداڵیی خۆمم بینی؛
ئەو ڕۆژانەی هێشتا جیهان
بە زەنجیری "عەیبە" و سنوورە دەستکردەکان پۆشاکپۆش نەکرابوو.
من لەوێوە، لە باوەشی سروشت و سەربەستیدا،
فێری مانا ڕاستەقینەکەی "ئازادی" بووم؛
فێر بووم چۆن کۆت و بەندەکانی کلتوور و
نەریتە وەستاوەکان بشکێنم.
لەوێ بوو تێگەیشتم
کە مەزنترین یاسای بڕیاردان، "خۆبوونە"...
کە دەبێت ئاوا بژیم کە ڕۆحم داوای دەکات،
نەک ئاوایەک کە جیهان دەیسەپێنێت.
ئێستا، لە نێو هەموو ئەم نامۆییەدا،
من گەیشتوومەتە لووتکەی ناسینی خۆم
: من خۆمم، هەر خۆشم دەمێنمەوە؛
چونکە ئازادی، پێناسەی ڕاستەقینەی بوونی منە.

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# دیدارێک لەگەڵ زارا ئەحمەد جاف نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان



**سازدانی: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**

**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: سەرەتا باپرسین ئێوە وەک شاعیر و چیرۆکنووس بۆچی بواری ئەدەبی منداڵانتان هەڵبژاردووە؟ هەرچەندە من بەرهەمی تری ئەدەبی ئێوەم بینیوە کەبۆمنداڵان نەنووسراون.**

زارا ئەحمەد جاف: چونکە منداڵان بنچینەی هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتن و هیوایەکن بۆ داهاتووی کۆمەڵگە. ساڵانێکە لەگەڵ منداڵدا مامەڵە دەکەم لێیانەوە نزیکم ،سادەیی و پاکییان، سەرنجی منییان بۆخۆیان پەلکێش کردووە. هەمیشە دەمەوێت بەنێو ناخ ودەرونیاندا شۆڕببمەوە و لەڕێگەی ئەوبابەتانەی کە پێشکەشیان دەکەم شیکاری بۆ هەستەکانیان دەکەم و لەو ڕێگەیەوە لە هەڵسوکەوت و کاردانەوەکانیان تێدەگەم. منداڵ جیهان و وشەسازیی تایبەت بە خۆی هەیە کە لەگەڵ بیرکردنەوە و هۆشیاری و تێگەیشتنی خۆیدا دەگونجێت. دەمەوێت بەوردی ئەو جیهانە پان و بەرینەی منداڵ زیاتر و زیاتر بناسم و ئاشنای گۆڕانکارییەکانی بم، بۆئەوەی بابەتەکانم بەشێوەیەکی وا پێشکەش بکەم کە لەلایەن منداڵانەوە پێشوازی زۆر باشیان لێبکرێت.

نووسین بۆ منداڵان ئاسان نییە وەك ئەوەی زۆرێك بە هەڵە باوەڕیان وایە، بەڵکو قورسترە لە نووسین بۆ گەورەکان؛ چونکە جیهانی منداڵ پێویستی بەجۆرە نووسەرێك هەیە کە دەروونناسێکیش بێت بۆ ئەوەی دەستی پێ بگات و شتێکی قەناعەتبەخش بۆ منداڵان بخاتەڕوو. دەمەوێ ئەو ئەدەبیاتەی کە ئاراستەی منداڵانی دەکەم زۆر گونجاو بێت بۆ جیهانەکەیان و شیعر و چیرۆك و ئۆپەرێت ...هتد،سەرنجڕاکێش لەخۆبگرێت. زمانەکەی لە فەرهەنگی منداڵەوە نزیك بێت جەختکردنەوە بێت لەسەر بەها و ئاکار و کارامەیی کلتوور و ژینگەی نیشتیمان. دەمەوێ لەڕێی ئەدەبەوە منداڵ لەهەموو وردەکارییەکانی ژیانی و دەوروبەر تێبگات و ئەزموونی بکات. ئەمەش وا دەکات کە بەردەوام لەڕێی ئەدەبی منداڵانەوە ماددەیەکی زۆر باش و سەرنجڕاکێشیان پێشکەش بکەم. بەدڵنیایی ئەدەبی منداڵان بەهەموو ژانرەکانییەوە کاریگەریی زیاتریان لەسەر من هەیە و خۆشەویستییەکی بێ سنووریان بەخشیوە و نەخشاندووە.

دەزانم ئەدەبی منداڵان لە ئاساندنی یاسا و دەستورەکانی زمان ئاسانکاریان بۆ دەکات و وەڵامی پرسیار و پێداویستییەکانی منداڵ دەداتەوە و خۆراك بە خەیاڵیان دەدات. ئەدەبی منداڵ خزمەت بە منداڵ دەکات تا بەئاسانترین ڕێگا بە ئامانج و مەبەستی خۆی بگات. هەربۆیە ئەم ویستگەیەم هەڵبژاردوە لەبەرئەوەی ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لەدروستبوونی کەسایەتی منداڵ کە بەرپرسیاریەتی دواڕۆژ دەگرێتە ئەستۆ.

**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: خوێندنەوەی بونیادی سایکۆلۆژیای منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردستان بۆ نووسەرانی ئەدەبی منداڵان بایەخی خۆی هەیە تۆ لەم بارەوە دەڵێی چی؟**

زارا ئەحمەد جاف: ناسینی بونیادی سایکۆلۆژیای منداڵ ئاشنامان دەکات بە جیهانە تایبەت و فراوانەکەی منداڵ، لە ڕێگەیەوە نووسەران درك بەوە دەکەن کە ئایا ئاستی زیرەکی و گەشەی هزر و جەستەی منداڵ گەیشتووە بەکوێ؟ یان ئایا منداڵان لەڕووی گەشەی هزری و دەروونی و جەستەیی گەشەیان کردووەیان نا؟ نووسەری ئەدەبی منداڵان دەبێت سایکۆلۆژیای منداڵی کورد بزانێت و هەم تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانی منداڵی کورد لەبەرچاو بگرێت، چونکە ژینگەی کوردستان کاریگەریی تایبەتی هەیە لەسەر پەروەردە و گەشەی منداڵ.

تێگەیشتن لە بونیادی سایکۆلۆژیای منداڵی کورد، نەك هەر گرنگە، بەڵکو بەردی بناغە و مەرجی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی هەر نووسەرێك کە لە بواری ئەدەبی منداڵاندا دەنووسێت. لەبەرئەوەی منداڵ بەرهەمی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی، کلتووری و مێژوویییە کە نووسەر تێیدا دەژی. کۆمەڵگەی کوردستانیش خاوەن کۆمەڵێك تایبەتمەندیی ئاڵۆز و ناوازەیە، کەڕاستەوخۆ کار دەکەنە سەر دەروونی منداڵ. ئەم خوێندنەوەیە بۆ نووسەران بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە قۆناغی سەختی ناسەقامگیر و جۆراوجۆردا گوزەری کردووە و دەکات؛ تەنانەت ئەگەر منداڵی ئێستاش ئەو ڕووداوانەی نەبینیبێت، گواستنەوەی لەڕێگەی دایك و باوك و ژینگەکەیەوە کاریگەری لەسەردەبێت. نووسەرێك کە لەمە تێبگات، دەتوانێت چیرۆکێك بنووسێت کە یارمەتی منداڵ بدات بەسەر ترس، دڵەڕاوکێ و هەستی نائارامیدا زاڵ ببێت.

نووسەری ئەدەبی منداڵان دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە مرۆڤێکی سەردەمیی و کراوە وێنا بکات نەك کارەکتەرێکی کۆنەباو کە منداڵی سەردەمی ئێستا نەیەوێت و ببێتە هۆی دابڕانی منداڵ لەکلتوور و نەریتی کۆمەڵگەی خۆی. ئەدەبی منداڵان لە کوردستان تەنها بۆ کات بەسەربردن نییە، بەڵکو ئامرازێکی سەرەکییە بۆ پاراستنی زمان و گەشەپێدانی ناسنامەی نەتەوەیی و مرۆیی. نووسەر کاتێك سایکۆلۆژیای منداڵ بناسێت، دەزانێت چۆن بە زمانێکی شیرین، سادە و سەرنجڕاکێش خۆشەویستی خاك و زمان لە دەروونیدا بچێنێت. ژینگەی کوردستان کاریگەریی تایبەتی هەیە لەسەر پەروەردە و گەشەی منداڵ بەداخەوە شێوازی پەروەردە لە زۆربەی خێزانە کوردییەکاندا هێشتا بەرەو سەرەڕۆیی یان پاراستنی زیاد لە پێویست لا دەدات. منداڵان زۆرجار پێویستییان بەوە هەیە فێری متمانە بەخۆبوون، گوزارشتکردن لەڕاوبۆچوونی خۆیان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە بین، نووسەری هۆشیار لەڕێگەی دەقەکانییەوە متمانە بە منداڵ دەبەخشێت و پێی دەڵێت کە کەسایەتی ئەو گرنگە و دەتوانێت لەچوارچێوەیەکی دروستدا بریار دەر بێت. بەبێ ناسینی بونیادی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی منداڵی کورد لەلایەن نووسەرەوە، بەرهەمەکانی دەبنە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانە، کەرەنگە لەگەڵ واقیعی منداڵی کورددا نەگونجێن. نووسەری سەرکەوتووی بواری ئەدەبی منداڵانی کورد ئەو کەسەیە کە بە جیهانیی بیردەکاتەوە و دەروونناسیی منداڵی کوردە، بە واقیعی ژیانی منداڵی کورد ئاشنایە و بە کوردی بۆیان دەنووسێت. کاتێك تایبەتمەندیی دەروونیی و قۆناغەکانی گەشەی منداڵ بناسێت، دەتوانێت بەرهەمێکی گونجاوتر و کاریگەرتر بۆ خوێنەرە بچووکەکانی بنووسێت لە ڕاستی ژیانیان نزیکتر دەبێتەوە. هەڵبژاردنی زمان و ناوەڕۆکی هەموو بابەتێك بۆ هەموو تەمەنێك گونجاو نییە. بۆیە زانینی قۆناغەکانی گەشەی زمان و بیرکردنەوەی منداڵ یارمەتی نووسەر دەدات زمانێکی گونجاو بەکاربهێنێت بۆ پاراستنی منداڵ لە کاریگەریی نەخوازراوی هەندێك بابەت یان شێوازی گێڕانەوە کە ترس، دڵەڕاوکێیان تێکچوونی دەروونیی لەناو ناخ و هەستی منداڵدا دروست دەکات، وا لە نووسەر دەکات تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانی منداڵانی کورد لەبەرچاو بگرێت.

**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: بنەماکانی ئەدەبی منداڵان چین و نووسین بۆ منداڵان دەبێت لە چ تایبەتمەندییەک بەهرەمەند بێت؟**

زارا ئەحمەد جاف: بنەماکانی ئەدەبی منداڵان بنەمای هونەری و پەروەردەیین کە ڕێبەرایەتی تێکستە نووسراو و بینراوەکانی منداڵ دەکەن. ئەم بنەمایانە وەکو چاندنی بنەما پیرۆزەکانی مرۆڤ وەك ڕاستگۆیی، دادپەروەریی، هاوکاری و لێبوردەیی بە شێوازێکی خۆشەویستانە دوور لە ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ، کە یارمەتیدەرە بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی منداڵ. چونکە ئەدەبی منداڵ لە سەرەتای تەمەندا (لەسەر بنەمای وێنە و جووڵە) یە، زیاتر جیاوازە لە ئەدەبیاتی کۆتایی منداڵیی (لەسەر بنەمای سەرکێشی و ڕیالیزم)ە

بەکارهێنانی خەیاڵی فراوان وەك ئامرازێکی گرنگ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی منداڵ و فراوانکردنی تێگەیشتنە مەعریفییەکان و هاندانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. پشت بەستن بە زمانێکی ڕوون و ئاسان بەبێ ئاڵۆزیی و دووبارەبوونەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئایا منداڵ لە ماناکان تێدەگات؟ بەبێ ئەوەی خۆی سەرقاڵ بکات؟ بەکارهێنانی چیرۆك وەك ئامرازێکی چارەسەر و فێرکاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانەی منداڵان وەك گێچەڵکردن، ترس، شەرم و بنیاتنانی متمانە بەخۆبوون. بۆ بونیادنانی هەر دەقێکی ئەدەبی کە ئاڕاستەی منداڵ دەکرێت، دەبێت نووسەر بیرۆکەکانی لە ژینگەی دەوروبەر لەپەیوەندی واقیع و کەلەپووری کلتووری منداڵەوە وەربگرێت بۆ بەهێزکردنی ناسنامەکەیان، لە هەمان کاتدا لەگەڵ بەها مۆدێرنەکان و کارامەیی سەردەمی دیجیتاڵی ئاوێتەی بکات. پێویستە دەقەکان دوور بن لە توندوتیژی،ڕق و کینە، هەڵچوونی دەرونیی یان چەمکی ئاڵۆز کە مێشکی منداڵ بشێوێنێت. لەجیاتی ئەوە، پێویستە بەهاکانی وەك هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، هاوکاریی، و پاراستنی ژینگە بچێنێت. دوور لە هەر دەمارگیرییەك. پێویستە ئەدەبی منداڵان چەمکەکانی وەك دادپەروەریی ،بەزەیی، قبوولکردنی ئەوانیتر و خۆشەویستی پاك لە ناخی منداڵدا بونیاد بنێت.

ئەدەبی منداڵان دەبێتەهۆی دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان خەیاڵ و ژیانی واقیعی منداڵ. ئەدەبی منداڵی هاوچەرخ دەبێت لەسەر ئەو بنەمایە کاربکات کە کارەکتەری پاڵەوانێك بونیات بنێت هەڵەبکات و بیربکاتەوە،لە هەڵەکەی فێر بێت و کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات. ئەمە بنەمایەکی دروستە بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی سەربەخۆ و باوەڕبەخۆبوو لە داهاتوودا. ڕاستگۆیی و زۆری لەخۆنەکردن بۆ نووسین پێویستە نووسەر بەڕاستی باوەڕی بەو جیهانە هەبێت کە بۆ منداڵ دروستی دەکات. ئەدەبی منداڵان دەبێت وابکات سەرسامی و پرسیارکردن لە مێشکی منداڵدا بە زیندوویی بهێڵێتەوە. دەبێت وای لێبکات منداڵ پرسیار بکات. زانستییانە بیربکاتەوە و کێشە و گرێیەکان بدۆزێتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات. ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ حەزی منداڵ ئاو نادات، دەبێت ئەدەب بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ منداڵ پەلکێش بکات بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش بە ئامانج و پەیامە دروستەکانی بگەیەنێت. هەروەها پێویستە نووسەر ئەوە بزانێت کە بۆ چ تەمەنێك دەنووسێت. هەندێك قۆناغ پێویستی بە وێنەی زۆر و وشەی کەمە، بەڵام لە قۆناغێکی تر حەزی لەدەقی درێژ و بابەتی سەرکێشییە.

لەتایبەت مەندییەکانی ئەدەبی منداڵان بێگومان دەبێت ئەدەبێك بێت کە تایبەت بێت بە هەموو تایبەتمەندییەکانی منداڵ، بچێتە ناو ناخ و هەستی. منداڵ بە چاوی ئەو سەیری پەپوولەیەك بکات و بە خەیاڵی ئەو لەگەڵ مانگدا قسە بکات. خۆی لەئاستی منداڵدا بدۆزێتەوە. منداڵ وەکو کارەکتەرێك خۆی لە ناو بابەتەکاندا دەبینێتەوە کەبۆی دەنووسرێن. کاتێك پاڵەوانی چیرۆکەکەیان دەقەکە منداڵێکە ( ئاژەڵێکی بچکۆلەی وەك بێچوە ورچێك یان جووچکە)یەکە، منداڵەکە بە ئاسانی هاوسۆزی بۆ پەیدا دەکات. شکست و سەرکەوتنەکانی ئەو پاڵەوانە دەبنە ئەزموونی ڕاستەقینە بۆ منداڵەکە. منداڵی ئەم سەردەمە بۆ ماوەیەکی درێژ ناتوانێت سەرنجی هەبێت کە(سەردەمی تەکنەلۆجیا و خێرایی)ە بۆیە درێژدادڕیی و وەسفی زۆر، دەقەکە دەکوژێت. هونەری گەورە لەوەدایە کە بتوانیت بە کورتی بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش،سادە و گونجاو لەگەڵ تەمەن و تێگەیشتنی منداڵ چەمکێکی گەورەی وەك هاوڕێیەتی، خۆشەویستیی نیشتمان، دڵسۆزیی ، ژینگە، لە مێشکی منداڵەکەدا بچێنیت.

**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: لەنێوان شیعر و چیرۆک، تۆ کامیان زیاتر بە نزیکتر دەزانیت لەگەڵ دنیای منداڵاندا؟**

زارا ئەحمەد جاف: ئەم دوو ژانرە بەپێی قۆناغی تەمەنی منداڵ و گەشەی هزریی و مەعریفییان پێویستن، بەڵام لەهەمان کاتدا بەپێی پێویستی قۆناغی تەمەنی منداڵەکە دەگۆڕێت. هەریەکەیان بەجۆرێك هزر و خەیاڵی منداڵ پاراو دەکەن. منیش و زۆربەی پسپۆڕانی پەروەردە و دەروونناسانی منداڵ پێمان وایە چیرۆك لە منداڵ نزیکترە. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنی منداڵدا شیعر نزیکترە، بەڵام لەگەڵ گەورەبوونیدا چیرۆك پێشەنگایەتی دەگرێتە دەست. بەپێی تەمەن لە پێنج ساڵییەکەمی تەمەندا (٣–٥)شیعر و گۆرانی زۆر لە منداڵەوە نزیکن مۆسیقا و ڕیتم منداڵی بچووك پێش ئەوەی لە مانا قووڵەکانی زمان تێبگات، بە دەنگ، کێش و سەروا (ڕیتم) سەرسام دەبێت مۆسیقای ناو شیعرەکە سەرنجی ڕادەکێشێت. شێوازی کورت و دووبارەبوونەوەی دێڕەکان وا دەکات منداڵ بە خێرایی لەبەری بکات، ئەمەش هەستی سەرکەوتن و دڵخۆشی پێدەبەخشێت. زۆرجار شیعری منداڵان لەگەڵ چەپڵەلێدان و جووڵەی دەستیان لە سەماکردندایە، کە ئەمەش ڕێك لەگەڵ سروشتی پڕ لە وزەی منداڵدا دەگونجێت، بەتایبەتی بابەتە فێرکاری وپەروەردەییەکان یارمەتیدەرن بۆ پەرەپێدانی تواناکانی زمان، شیعر سنووری یاساکانی ڕێزمان دەبەزێنێت ڕێگا بە منداڵ دەدات هەستی وەك (ترس، دڵخۆشی، خەم) بە شێوازێکی هونەری و کورت دەربڕێت بەبێ ئەوەی پابەندی ڕستەسازی درێژ بێت. دەوڵەمەندکردنی وشەگەل یان پەرەپێدانی خەیاڵی داهێنەرانە و بەرزکردنەوەی متمانە بەخۆبوونیان و ڕەوانی لەکاتی دەربڕیندا، بە بەکارهێنانی ئاماژەی جەستەو جووڵەی جۆراو جۆر بەڕیتم و کێش و مۆسیقا هەستەکان دەردەبڕێت.
کاتێك منداڵ دەچێتە ناو تەمەنی (٥ بۆ ٦ )ساڵیی و بەرەو سەرەوە، چیرۆك دەبێتە هاوڕێی هەرە نزیکی منداڵ، لەم تەمەنەدا دەیەوێت لە جیهانی دەوروبەری تێبگات. چیرۆك وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە و لەڕێگەی کارەکتەرەکانەوە (مرۆڤ یان ئاژەڵ) ئەزموونی نوێی پێدەناسێنێت. منداڵ خۆی لە شوێنی پاڵەوانی چیرۆکەکە دادەنێت. کاتێك دەبینێت پاڵەوانەکە دەگری، پێدەکەنێت، یان بەسەر ترسێکدا زاڵ دەبێت، منداڵەکە هەست دەکات تەنها نییە و فێری چارەسەرکردنی کێشەکانی دەبێت. چیرۆك، خەیاڵی قووڵتر و کات و شوێنی فراوانتر دەدات بە منداڵ بۆ ئەوەی لە مێشکی خۆیدا جیهانێکی تەواو دروست بکات، کە ئەمەش لە شیعرێکی کورتدا بەو شێوازە بەردەست نییە. بەحوکمی کارکردنی زۆر و پیشەکەم لەگەڵ منداڵدا، بەپێی قۆناغی تەمەنی منداڵ و گەشەی هزریی و مەعریفیان، پێموابووە هەردوو جۆر لەژانرەکە پێویستن هەریەکەیان بەجۆرێك هزر و مێشکی منداڵ پاراو دەکەن، بەڵام چیرۆك ڕۆڵێکی کاریگەرتری هەیە بۆ بنیاتنانی کەسایەتی منداڵ، پەرە بەگەشەی زمانەوانیان دەدات، خەیاڵیان فراوانتر دەبێت ، وادەکات بەها و ڕەوشتی جوان لەزهن و مامەڵەکردنیاندا ڕەنگ بداتەوە و توانای سەرنجدان و و تێگەیشتنیان زیادتر و فراوانتر دەکات. هەروەها لایەنی کۆمەڵایەتی و زیرەکی سۆزدارییان بەهێز دەکات و متمانەیان پێ دەبەخشێت. چیرۆکەکان ئاسانکاری بۆ منداڵان دەکەن بۆ فێرکردنی بنەما بنچینەییەکانی وەك ڕاستگۆیی، ئازایەتی و هاوکاری، چونکە ئەم بەهایانە لە مێشکی منداڵدا بە پاڵەوانە خۆشەویستەکانی چیرۆکەوە دەبەسترێنەوە. گەشەی خەیاڵ و داهێنانیان پەرەپێدەدات ، هانیان دەدات لەڕێگەی ئەزموونی جۆراوجۆر و کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکە. زیرەکی سۆزداری و کۆمەڵایەتی تێبگات و هاوسۆز بێت لەگەڵ ئەندامانی خێزان و هاوڕێ وکەسانی تردا،سەرنجدان و بەرزکردنەوەی بەشداری کردنی منداڵ لە پێشبینیکردنی ڕووداوەکاندا سەربەخۆیی و متمانەی بە توانای بڕیاردان و دەربڕینی بیروڕای خۆی زیاد دەکات. لەناو چیرۆکدا کارەکتەری جیاواز دروست دەکات و منداڵ خۆی دەخاتە شوێنی ئەوان و لە هەستەکانی کەسانیتر تێدەگات. چیرۆك کێشەیەکی سەرەتایی نائاڵۆزی تێدایە کەدەبێت نووسەر لەڕێی کارەکتەرێکەوە چارەسەری بکات، ئەمەش منداڵ فێری چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژیانی ڕاستیی ( واقیع) دەکات. لەنووسیندا لەگەڵ منداڵ پێکەوە چێژ لەهەردووك ژانرەکە دەبینین. لەبەرئەوەی پێموایە هەردووك جۆریان گرنگن بۆ منداڵ لەنێوانیاندا دێم و دەچم ئاشنایەتی زۆرباشم لەگەڵیاندا هەیە.

**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: ئەدەبی منداڵان چ ڕۆڵێکی هەیە لە بواری پەروەردەدا، نووسەری ئەدەبی منداڵان دەبێت چ بکات بۆ ئەوەی نەوەیەکی تەندروست پێبگەیەنێت ؟**

زارا ئەحمەد جاف: ئەدەبی منداڵان لە هەموو بوارەکاندا دەوڵەمەندە بەوەی تاك بەبێ بێزاربوون دەیخوێنێتەوە و لە هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵگەیە و ئاستی کلتوورەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە. پێموایە ئەدەبی منداڵان لەبواری پەروەردەدا هاوکار و هۆکارێکی زۆر باشە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە لە نێوان خوێندنی فەرمیدا دروست دەبن و دەبێتە هۆی ناساندن و ئاشنا کردنی چەمکەکان بەمنداڵان. ئەدەبی منداڵان لە بواری پەروەردەدا، پێداویستییەکانی منداڵ لە شیعر و چیرۆك و ئۆپەرێت و نووسین دابین دەکات و بەشدارە لە دروستبوونی هۆشیاری مەعریفیی دەروونی لەمنداڵدا. ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵانیش بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە و تەنیا ناکەوێتە ئەستۆییەك لایەنێك. دڵنیام ئەدەبی منداڵان هاوشانی پرۆگرامەکانی خوێندن هانی منداڵان دەدات بەرەو پەروەردەیەکی سەردەمییانەو و سەرنجیان بەرەو خوێندن و فێرکردن و ڕادەکێشێت.

ئەدەبی منداڵان ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی پەروەردەدا دەگێڕێت، چونکە لە تەمەنی منداڵییەوە. کۆڵەکەیەکی گرنگە بۆ گەشەی زمانەوانی و بنیاتنانی وشەگەل و گەشەی مەعریفیی منداڵ، ئاشنایان دەکات بە پەرەپێدانی تواناکانی زمان وچیرۆك و کتێبەکانی منداڵان بە پێکهاتەی زمانەوانی نوێ و شێوازی دەربڕین و بەرهەمەکانیان دەوڵەمەند دەکات و ڕوانییان فراوانتر دەبێت. یارمەتی منداڵان دەدات بەچەمك و شوێنی نەناسراو ئاشنابن، کە بیرکردنەوەی داهێنەرانە و چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەرە پێدەدات. بەشداری دەکات لە بەدەستهێنانی بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەڵسوکەوتی ئەرێنی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و پڕچێژ، بە پاڵپشتی زیرەکی و سۆزدارییان لەهەستەکانیان تێبگەن و کارلێك بکەن و یارمەتی منداڵان دەدات ولەڕێڕەوی پەروەردەییدا چالاکی بنوێنن.

یەکێك لە تێبینییە هەرە گرنگەکان ئەوەیە گرنگی ئەدەبی منداڵان لە ناو بابەتەکانی پرۆگرامدا هەنگاوی زۆر باشییان ناوە. سوود و ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئەدەب لەنێو پرۆگرامدا بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لەبەرچاودەگیرێت، هەروەها دەبێت مامۆستایانیش ئاگاداری گرنگی ڕۆڵی ئەدەبی منداڵان بن. مامۆستایان بەردی بناغەی پرۆسەی پەروەردەن و لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا ڕۆڵی سەرەکییان هەیە،هاوشانی ئەدەب دەبن بەڕێنمایکار و ئاراستەکار و دیزاینەری ژینگەی فێربوون، بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی بەهێزی قوتابی لەبواری (زانستی، کۆمەڵایەتی و ڕەفتاریی)دا.

لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکەکان، و چاندنی بەها و ڕەوشت و ڕاهێنانی قوتابیان بەقووڵی تێگەیشتن لە دەقەکان، شیکردنەوەی بیرۆکە سەرەکییەکان، یارمەتیدانی قوتابیان بۆ دركکردن بە لایەنەکانی جوانی و هارمۆنی لە تێکستە ئەدەبییەکاندا. تێکەڵکردنی ئەدەب لە پرۆگرامی خوێندندا ڕێگە بە قوتابیان دەدات لە بابەتە جۆراوجۆرەکاندا فێری بەکارهێنانی زمانی پێشکەوتوو ببن، تواناکانی خوێندنەوە، نووسین و پەیوەندیکردنیان باشتر بکەن. هەروەها هانی قوتابیان دەدات بۆ دەربڕینی بیروڕاکانیان و بەشداریکردن لە گفتوگۆکان و پەرەپێدانی توانا زمانییەکانیان بە گشتی. هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆڵەی ئەدەب لە خوێندندا دەیگێڕێت، دەتوانرێت ڕۆڵی ئەدەب چالاك بکرێت لە پێناو پەروەردەکردنی منداڵان و گەیشتن بە پێداویستییەکانی لایەنی دەروونی و داهێنان لە قوتابخانەدا. پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەیەك بێت کە لەگەڵ بیرکردنەوەی منداڵی ئەم سەردەمەدا بگونجێت. هەروەها بەهرەکانی منداڵان لەقۆناغەکانی خوێندن پێویستییان بە پاڵاوتن و پەرەپێدان و بەدواداچوون هەیە، چونکە ئەو منداڵەی کە بەهرەیەکی تایبەتی هەیە پێویستی بە کەسێکە. هاوکاری بێت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت. بەم شێوەیە دەتوانرێت ڕۆڵی ئەدەبی منداڵان لەپرۆگرامی خوێندن چالاکتر بکرێت.

**بانیژەی ئەدەب و کلتوور: وەرگێڕان بە تایبە ت وە رگێڕانی چیرۆکی منداڵان لەزمانە کانیترە وە بۆسەر زمانی کوردی دە توانێت چ تەکانێک بە ئەدەبی منداڵان لەکوردستان بدات؟**

زارا ئەحمەد جاف: وەرگێڕان لەزمانی بیانییەوە بۆ سەرزمانی کوردی ئینجا لەهەر زمانێکەوە بێت، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەبەرەو پێشوەچوونی ئەدەبی منداڵان، بەتایبەتی وەرگێڕانی چیرۆك بۆ سەر زمانی کوردی، دەنگدانەوەیەکی گەورە و ئەرێنی لەسەر ئەدەبی منداڵان دروست دەکات بە چەندین ڕێگای جیاواز و جۆراوجۆر بوارەکە دەوڵەمەند دەکات. لەوانە ئاشنابوونی منداڵ بە کلتوور و جیهانبینیی لەڕێگەی چیرۆکە وەرگێڕدراوەکانەوە، منداڵان فێری لێبووردەیی دەبن و تێدەگەن کە لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای خۆیان، منداڵانی تر بە هەمان شێوەی ئەوان خەون و خەیاڵ و چاوەڕوانی و کێشەیان هەیە. دەقە جیهانییەکان خەیاڵی منداڵ فراوان دەکەن. هەروەها، وەرگێڕانی دروست و هونەری وشە و زاراوەی نوێ دەهێنێتە ناو زمانی کوردییەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و ڕێزمان لای منداڵ. بەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەمە ناوخۆییەکان ،بوونی چیرۆکە وەرگێڕدراوە بەهێزەکان، پاڵنەرێکە بۆ نووسەرانی ناوخۆ کە گرنگی زیاتر بە چۆنیەتی نووسین، دروستکردنی کارەکتەر و وێنەکێشانی ناو کتێبەکان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ بکەن. لە هەندێك قۆناغدا ئەدەبی منداڵانی کورد لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتی بابەتەکانەوە پێویستی بە سەرچاوەی زیاترە. وەرگێڕان دەتوانێت بە خێرایی ئەو کەلێنانە پڕ بکاتەوە و بابەتگەلی زانستی، خەیاڵی و پەروەردەیی بەردەست بخات.

وەرگێڕان تەکانێکی گەورەیە بۆ پێشخستنی ئەدەبی منداڵان لە کوردستان لەبەرئەوەی هێنانەناوەوەی جیهانێکی نوێیە بۆ نێو فەرهەنگ و جیهانبینیی منداڵی کورد. بە تێکەڵبوونیان و ئاوێتەبوونی کلتووری کورد و کلتووری بیانی، دەتوانێت لەکوردستاندا گۆڕانکاری و هەنگاوی گەورە لە ئەدەبیاتی منداڵان دروست بکات . لەبەرئەوەی منداڵانی جیهان لەڕێگەی چیرۆکەکانیانەوە لەناو بیرۆکەی سەرکێشیی و فەنتازیای جیاوازدا دەژین. کاتێك چیرۆکێکی بیانی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، لەڕوانگەی کلتووری جیاوازەکانەوە، ئاسۆی خەیاڵی منداڵی کورد فراوانتر دەبێت. منداڵ فێری دایکایەتی، دۆستایەتی، و بەها مرۆییەکان دەبێت، ئەمەش وای لێدەکات لە داهاتوودا کراوەتر بێت بۆ قبووڵکردنی جیاوازییەکان. نووسەرانیش و دەزگاکانی چاپ لە کوردستان فێری جۆرەها تەکنیك و ئاشنای چەندین شێوازی کارکردنی نوێ دەبن لەوانە دوورکەوتنەوە لە بابەتی لاساییکردنەوە و هێنانە پێشەوەی بابەتی سەردەمیانەی زانستی وەك گۆڕانی کەشوهەوا، تەکنەلۆجیا، و گەردوون. وەرگێڕانی دۆخی جیاواز و دەربڕینی نوێ، وەرگێڕان ناچار دەکات بەدوای وشەی نوێ، ئیدیۆم و هاوواتای دەوڵەمەندندا بگەڕێت لە زمانی کوردیدا. ئەمەش وا دەکات زمانی منداڵ لە قۆناغی سەرەتایی تەمەنیدا لەڕووی وشەسازییەوە دەوڵەمەند بێت و ڕستەسازییەکی ڕەوان و مۆدێرن فێر بێت، نەك زمانێکی وشك و فەرمی. کتێبی وەرگێڕدراوی کوالێتی بەرز (لەڕووی ناوەڕۆك، وێنەکێشان و دیزاینەوە) نووسەران و وێنەکێشانی ناوخۆیی ناچار دەبن ئاستی بەرهەمەکانی خۆیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن کێبڕکێ بکەن. ئەمەش ڕاستەوخۆ کوالێتی چیرۆکەڕەسەنە کوردییەکان بەرەو پێشەوە دەبات.

خاڵێکی گرنگ بۆ وەرگێڕان : وەرگێڕانی ئەدەبی منداڵان پێویستی بە ناوخۆیی کردن هەیە. واتە وەرگێڕ دەبێت تەنها وشە وەرنەگێڕێت، بەڵکو دەبێت ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە بە شێوازێك دابڕێژێتەوە کە لەگەڵ دەروون و ژینگەی منداڵی

بۆ ل٧ ◀◀

# (ناپاکەکان)ی مایاکۆڤسکی شاکارێک بۆ تێکشکاندنی کۆت و بەندە کۆنەکان!(*)



## سەردارئەکرەم -بەریتانیا

شانۆنامەی ناپاکەکان کە بە یەکێك لە بناغە سەرەکییەکانی شانۆی شۆڕشگێڕی و سیاسی لە سەدەی بیستەمدا دادەنرێت و لەلایەن شاعیر و شانۆنامەنووسی بلیمەتی سۆڤییەتی ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی لە ساڵی ١٩١٨و دواتر بە وەشانێکی نوێ لە ساڵی ١٩٢١دا نووسراوە گوزارشتێکی قووڵ و فرەڕەهەندە لە ململانێی نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان و پەیامێکی سیاسی و فەلسەفیی بەهێز بۆ جیهان دەگەیەنێت کە تێیدا مایاکۆڤسکی هەوڵ دەدات شێوازە کۆنەکانی شانۆ تێکبشکێنێت و لە شوێنی ئەوان هونەرێکی نوێ و زیندوو دابمەزرێنێت کە لەگەڵ ڕۆحی شۆڕش و گۆڕانکارییەکاندا بگونجێت. ئەم دەقە شانۆییە کە ناوی لە تێکەڵکردنی شێوازی شانۆیی ئایینی دێرین و گاڵتەجاڕی کۆمیدییەوە هاتووە باسی حەوت جووت لە پاکەکان کە نوێنەرایەتی چینە دەسەڵاتدار و بۆرژواکان دەکەن و حەوت جووت لە ناپاکەکان کە نوێنەرایەتی کرێکاران و جوتیاران و چینی چەوساوە دەکەن، دەکات کە دوای لافاوێکی گەورە کە هەموو جیهان دادەپۆشێت لەسەر کەشتییەك کۆدەبنەوە و ململانێیەکی توند لە نێوانیاندا دروست دەبێت کە لە کۆتاییدا بە سەرکەوتنی ناپاکەکان و فڕێدانی پاکەکان بۆ ناو دەریا کۆتایی دێت. پەیامی سەرەکی مایاکۆڤسکی لەم شانۆنامەیەدا ئەوەیە کە بەهەشتی ڕاستەقینە لە ئاسماندا نییە و مرۆڤەکان نابێت چاوەڕێی ڕزگارکەرێکی غەیبی بن، بەڵکو دەبێت بە دەستی خۆیان و لە ڕێگەی کار و تێکۆشان و شۆڕشەوە بەهەشت لەسەر زەوی دروست بکەن و هەموو ئەو بەربەستە ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە تێکبشکێنن کە ڕێگری لە ئازادی و بەختەوەری مرۆڤ دەکەن. ئەم پەیامە کاتێك زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە ناپاکەکان بە ناو دۆزەخ و بەهەشتدا تێدەپەڕن و دەبینن کە دۆزەخی سەر زەوی بۆ کرێکاران زۆر خراپترە لە دۆزەخی غەیبی و بەهەشتی ئاسمانیش تەنها شوێنێکی بێ کەڵکە بۆ ئەو کەسانەی کە لە ژیانیاندا هیچ بەرهەمێکیان نەبووە. بۆیە ئەوان هەورەبرووسکەکانی خودا بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردەهێنن و بەرەو زەوییەکی بەڵێندراو دەڕۆن کە تێیدا ئامێرەکان و مرۆڤەکان لە خزمەتی یەکتردان و هیچ چەوسانەوەیەك بوونی نییە. مایاکۆڤسکی بەم کارە هونەرییە ویستی نیشانی بدات کە هونەر دەبێت ببێتە گۆڕەپانێك بۆ ڕەنگدانەوەی ژیان و ئامرازێك بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و بونیادنانی داهاتوویەکی باشتر و ئەمەش وایکردووە کە شانۆنامەی ناپاکەکان وەك یەکەمین ئەزموونی سەرکەوتووی شانۆی سیاسی و پڕوپاگەندەیی لە مێژووی سۆڤیەتدا بمێنێتەوە و تا ئێستاش وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی شۆڕش و پەیوەندی نێوان هونەر و ئایدۆلۆژیا سەیر بکرێت و بە زمانێکی ئەکادیمی و ورد هەموو لایەنە جیاوازەکانی ئەم شاکارە بخاتە ڕوو.

بۆ ئەوەی خوێنەران تێگەیشتنێکی قووڵیان هەبێت لەسەر ئەوەی کە چۆن مایاکۆڤسکی توانیویەتی ئایین و فوتوریزم و مارکسیزم لە یەك چوارچێوەدا کۆبکاتەوە بۆ گەیاندنی پەیامی ڕزگاری مرۆڤ لە هەموو جۆرە کۆیلایەتییەك.

(*) ڤلادیمیر مایاکۆڤسکی شاعیر و شانۆنامەنووسی سۆڤییەتی کە بە یەکێك لە کاریگەرترین و داهێنەرترین کەسایەتییەکانی ئەدەبیاتی ڕووسی و جیهانی دادەنرێت ژیانێکی پڕ لە شۆڕش و داهێنان و ناکۆکی بەسەر برد کە لە ساڵی ١٨٩٣ لە جۆرجیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٣٠ لە مۆسکۆ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. مایاکۆڤسکی لە سەرەتای ژیانییەوە تێکەڵ بە سیاسەت بوو و لە تەمەنێکی کەمەوە پەیوەندی بە بزووتنەوە سۆسیالیستییەکانەوە کرد و چەند جارێك بەهۆی چالاکی شۆڕشگێڕانەوە زیندانی کرا. هەر لە زیندانیشدا دەستی بە نووسینی شیعر کرد و هەرلەوێ بوو شۆڕش و شیعر لە ناخیدا تێکەڵ بوون و بوون بە یەك شت. دوای ئازادبوونی لە زیندان، مایاکۆڤسکی سەرنجی خستە سەر خوێندن و پەرەپێدانی هونەرەکەی و بوو بە یەکێك لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی داهاتوویی ڕووسی کە بزووتنەوەیەکی هونەری بوو دەیویست هونەر لە چوارچێوە کلاسیکییەکان ڕزگار بکات و بە شێوازێکی نوێ و شۆڕشگێڕانە گوزارشت لە سەردەمی نوێ بکات. مایاکۆڤسکی لەگەڵ هاوڕێکانی چەندین بەیاننامەی بڵاوکردەوە و تێیدا داوای ڕەتکردنەوەی نەریتە کۆنەکانی ئەدەبیان دەکرد و بانگەشەی بۆ هونەرێکی نوێ دەکرد کە لەگەڵ ڕۆحی سەردەمدا بگونجێت. شیعرەکانی وەك (هەورێك لە پانتۆڵدا و فلووتی بڕبڕەی پشت) نموونەی دیاری ئەم قۆناغەن کە تێیاندا مایاکۆڤسکی بە زمانێکی نوێ و وێنەی شیعریی سەرسوڕهێنەرەوە گوزارشتی لە هەست و بیرەکانی دەکرد.



دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ مایاکۆڤسکی بە تەواوی خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەتکردنی ئایدۆلۆژیای بەلشەفیی و بوو بە دەنگی شۆڕش و حکومەتی سۆڤییەت. ئەو باوەڕی وابوو کە هونەر دەبێت لە خزمەتی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیدا بێت و ببێتە ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکانی سۆسیالیزم. لەم قۆناغەدا چەندین بەرهەمی شیعری و شانۆیی نووسی کە پڕ بوون لە پەیامی سیاسی و شۆڕشگێڕانە و ئامانجیان گەیشتن بوو بە جەماوەرێکی فراوان.

لە دیارترین بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەدا دەتوانین ئاماژە بە شانۆنامەکانی وەك مێرووله و گەرماو بکەین کە تێیاندا بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە و گاڵتەجاڕانە باسی لە هەندێك لایەنی نەرێنی کۆمەڵگەی سۆڤییەت دەکرد و ئەمەش بووە هۆی ناکۆکی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەدا، سەرەڕای دڵسۆزییەکەی بۆ شۆڕش و ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزم پەیوەندی مایاکۆڤسکی لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤییەتدا هەمیشە ئاڵۆز و پڕ لە گرژی بوو. ئەو زۆرجار ڕووبەڕووی سانسۆر و ڕەخنەی توند دەبووەوە بەهۆی شێوازە داهێنەرەکانی و ڕەخنەکانی لە هەندێك لایەنی سیستەمەکەدا ئەم ناکۆکییانە و هەروەها کێشە کەسییەکانی لەگەڵ خۆشەویستی و هەستکردن بە بێگانەیی لە کۆمەڵگەیەکی نوێدا کە خۆی بەشێك بوو لە دروستکردنی، بوونە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٣٠کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت. دوای مردنیشی کاریگەری مایاکۆڤسکی بەردەوام بوو و جۆزێف ستالین سەرۆکی یەکێتیی سۆڤییەت ناوی لێنا گەورەترین و بەتواناترین شاعیری سەردەمی سۆڤییەت. بەم شێوەیە مایاکۆڤسکی وەك سیمبولێکی شۆڕشگێڕی و داهێنان لە ئەدەبیاتدا مایەوە و بەرهەمەکانی وەك سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان هونەر و سیاسەت و کۆمەڵگە لە سەدەی بیستەمدا سەیر دەکرێن و بەردەوام کاریگەرییان لەسەر نەوەکانی دوای خۆی هەبووە و دەبێت.

# ڕەتکردنەوەی مەرگ لە تابلۆی شێتەکەی ئاتریێ



**ڕانانی: عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ**

ئەم شاکارە ناوازەیە ساڵی ١٨٧١ لە گەرمەی نسکۆی پاریس لە جەنگدا لەلایەن هونەرمەندی شێوەکار هیۆگ مێرلەوە* (١٨٢١ ـ١٨٨١ ) بە بۆیەی چەور لەسەر کانڤاس بە (بەرزی ٧.١٥٢ و پانی ٤.٩٩) سم کێشراوە، دیمەنی ژنێکە کە هەموو ئازارەکانی لە ڕووخساریدا کۆکردۆتەوە؛ کۆتەرە دارێکی ڕەق و بەسەرچووی لە جیاتی منداڵێك لە ئامێز گرتووە، بەڵام مێرل لێرەدا باسی ماتەمینی لەدەستدانی منداڵێك ناکات، بەڵکو کارەکە گوزارشت لە گێژاوی سیاسی ئەو سەردەمە دەکات کە تیایدا فەرەنسا لە جەنگی پرۆسدا شکستیخواردووە، هەر بۆیە لە هەمان ساڵدا ئەم تابلۆیە داهێنرا. وەك دواتر وێنە تاریکەکانی ڕەنگدانەوەی باری دەروونی فراوانتری شکست و وێرانکاری سیاسی بوون. دوابەدوای جەنگ خاشاکەکان لە سەر زەوی و داروپەردووی خاپوورگەکانەوە دەبنە ئازار و دەگوازرێنەوە بۆ ناخی ئەو مرۆڤانەی دەگەنە کۆتایی و هەموو ئاسۆیەکیان لێدەبێت بە بنبەست، ئیتر خەم لە ڕابردوو و ساردی لە ئێستاو ترس لە داهاتوو دەق بە مرۆڤبوونەوە دەگرن. لە دەرەنجامدا ئەو تەرمانەی لە ناخیاندا بەبێنازی نێژراون هەموو شەوێك زیندوو دەبنەوە و شێلگیرانە پیاسەیەکی دوورودرێژ بەناو ئازارەکاندا دەکەن و بە فرمێسك یان بە تاسەی ئاگرین کۆتایی بەو مۆتەکە جادووییە دێت کە ناحاڵییانە بەسەردەکرێن یان لە هەندێك دۆخدا دەکەونە بەر تارماییەکانی نائومێدی و هەر ناخوێنرێنەوە. کاراکتەری ئەم تابلۆیە ژنێکە بە سەرو قژی پێکدا ئاڵۆز و پەنجەکانی هەریەکە و بە شێوەیەك دانراون و سیمایەکی تووڕەو خەمناکی لە یەك بۆتەدا کۆکردۆتەوە، ڕەنگی بێدەنگ و تۆخ زاڵە بەسەر جلوبەرگی ژنەکەو لە دۆخی نەدارەییدا نمایشی کردووە، هەردوو ڕەنگی خۆڵەمێشی و قاوەیی لە پاشخان و کەشوهەوای دەوروبەردا گوزارشت لە دڵرەقی سروشت و هەستکردن بە گۆشەگیری دەکەن. دواجار سێبەری خاکی و نەرمی بەکارهێناوە بۆ تیشك خستنە سەر وردەکارییەکانی وەکو چەقۆی دار و قوماشی پێچراو بە دەوریدا و تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕووخساریشی لە هەمان ریتمدا بەرجەستەکردووە، کە نیشانەی هەژاری و تێشکان و عەقڵی پەرش و بڵاوی وروورژێنەرن، وەك بڵێی ڕۆژگاری سەخت ناوەوەی کلۆرکردووە، بە ڕووخسارێکی پڕ لە ئالنگاری قووڵ و ئاوێتە بەخەم و شێتی بووە؛ کەسێکە لە نێوان خەونە جوانەکان و ئاستەنگە بەدفەڕەکانی تەمەندا بەئازارەوە گیرۆدەیە. تابلۆکە تەنیا وێناکردنی دۆخێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەستی مرۆڤە لە ساتەوەختی لەدەستدان و دەربڕینی متمانەو ئارامییە لە بەرامبەر ئازاردا. هەموو وردەکارییەکان لە جێگیرکردنی دەستەکانەوە تا نیگای زەرد هەڵگەڕاوەی ڕووخساری؛ ڕەنگدانەوەی ململانێی ڕۆحە لە نێوان خۆشەویستی و دابڕان، بڕست و شێتیدا. مێرل لە ڕێگەی ئەم تابلۆیەوە تەنیا وێنەیەکی ئیستاتیکی نەکێشاوە، بەڵکو میتافۆرێکی بینراوی بۆ ئازارەکانی مرۆڤ لە قووڵترین شێوەی خۆیدا خستۆتەڕوو. تابلۆکە بە تەنها گێڕانەوەیەکی کەسی نییە؛ بەڵکو وەك هاوارێکی بوونگەرایی گشتگیردەخوێنرێتەوە، بەرجەستەکردنی ناسکی دەروون کاتێك بەهۆی لەدەستدانەوە ماندوو دەبێت، وێناکردنی ئەوەی کە چۆن نسکۆی خۆشەویستی دوای ئارامییەکی کاتیی هەڵدەچێت و ڕۆح بەرەو لێواری شێتی دەبات. ئەوەی مایەی هەڵوەستەکردنە.. کاراکتەرەکە زیاتر لە خودی بینەری تابلۆکە.. دەڕوانێتە بینەرو سەرنجی دەخاتە سەر، تێڕوانینێکی جێگیر سەرەتا وا هەست دەکەیت داوای شتێك دەکات، بەڵام بە سەرنجدان تێدەگەیت ڕووخساری لە ڕەوینەوەیەکی بەردەوامدایە، چاوەکانی پڕن لە تووڕەیی موتوربەکراو بە پاکنوودی، ئەوەی لە ئامێزی گرتووە نە بووکەڵەیەو نە منداڵ، تەنانەت وەهمێکی بەسەرچووش نییە، بەڵکو هێمای مردنی خەونێکە لە ناخیدا کە نە دەتوانێت دەستبەرداری بێت و نە دەشتوانێت زیندووی بکاتەوە. لێرەدا مەرگ ئەوە نییە مردنێکی سروشتی جەستەیی یان بیۆلۆجی بێت، ئەگەری هەیە مردنی هیوایەك بێت لە بۆتەی خەونێکی بە نەکام و لەبارچوو کە وەك تیر نەرمەی بیرەوەرییەکانمان دەبڕێت و دەگاتە هەستیارییەکانی دەروون و تێکیان دەشکێنێت. ساڵی ١٨٧١ دوای ئەوەی پاریس لەناو دووکەڵی نسکۆی جەنگدا دەتلایەوە، دەروونی مرۆڤەکان لەتاو نەمانی خەون و ئارامی لێك هەڵدەوەشانەوە. مێرڵ بە تەنها شێوەی ژنێکی نەکێشا کە هۆشی خۆی لەدەستدابێت، بەڵکو شایەتحاڵێکیشە بۆ ئەو نەهامەتییەی تاك بە تاکی میللەتەکەی گرتووە. کاراکتەرەکە لە کەشوهەوایەکی تەماوی و بەپێی خاوس وپۆشاکێکی پەڕپووت لەسەر بیرە ئاوێکی برینگی بەساڵاچوو بە شەکەتی دانیشتووە، دەمارەکانی دەست و پەنجەو چۆنیەتی گرتنی کۆتەرە دارەکە لە کۆشیدا کە تەنێکی ساردو سڕی بێگیانەو دوورە لە کزەی ئازارو کرۆزانەوە، هاوبار دوریشە لە دەربڕینی خۆشی و ڕووخساری پڕ لە زەردەخەنە. ئەو پێویستی بە مشتێك ڕووناکییە بۆ شەبەنگی ژیان زیاتر لەوەی تینووی قومێك ئاو بێت بۆ مانەوە بە زیندوویی. لێرەدا بێدەنگی تاکە شتە کە لەمانای ئەو سەنگە دەگات کە مرۆڤ بۆ پاراستنی شکۆی خۆی هەر چەندە قورسیش بێت هەڵیدەگرێت. "دێوانەی ئەتریتا" بە تەنها نمایشکردنی ژنە سەرشێتێك نییە لە چوارچێوەی تابلۆیەکی هونەریدا، بەڵکو دوایین بەرگرییە لە بوون بۆ مانەوەو بەپێوە وەستان کە ڕاستییەکی زۆر گەورەترە لەوەی هەموو کەس توانای بەرگەگرتنی بۆ هەبێت، ئەوەی باوەشی ئەگەرچی کۆتەرەدارێکی وشکەو کڵاوێکی سووری بریسکەداری لەسەرکردووە؛ ئازارێکی سەختە بۆ پێناسەی لەدەستدانی نیشتمان، خەمێکی لە بن نەهاتووی ئەفسانەیی بە ڕووخسارییەوە دیارە کە مردن ڕەتدەکاتەوە و نیگاکانی چاوی دەڵێن ئایا بە ڕاستی هۆشی لە دەستداوە و پەنای بردۆتە بەر شتگەلێکی بەسەرچوو؟ بەڵام لەناودان و ناشتنیان لە ناخەوە ڕەتدەکاتەوە، وەهمێکی ئازاربەخش تەواوی ڕۆحی داپۆشیوە و دەیەوێت لەناو شەپۆلەکانی فەنابووندا ببێتە شەبەنگ و گوزارشت لە مانەوە یان نەمری بکات.

(*) شێوەکاری فەرەنسی هیوگ مێرل (Hugues Merle) ١٨٢٢. ١٨٨١. بەناوبانگ بووە بە تابلۆ هەستیارو ئەخلاقییەکانی، بە تایبەتی ئەوانەی کە سەرنجیان لەسەر هەستی دایك و بێتاوانی منداڵی بووە، زۆرجار بە نیگارکێشی بەناوبانگ ویلیام ئەدۆڵف بۆژێرۆ بەراوردکراوە. ساڵی ١٨٢٢ لە شاری لا سۆن لەدایکبووە. لە سەردەمی لیۆن کۆگنییتدا، شێوەکاری خوێندووە. ساڵی ١٨٤٧ لە ساڵۆنی پاریس دەستی بە نمایشکردنی بەرهەمەکانی کردووە، ساڵانی ١٨٦١ و ١٨٦٣ خەڵاتی پلە دووی بەدەستهێناوە. ساڵی ١٨٦٦ خەڵاتی لیژیۆنی شەرەفی بە پلەی شۆڕشگێڕ پێبەخشراوە. لە سەرەتای ساڵانی ١٨٦٠دا بۆتە هاوڕێی پۆڵ دوراند ڕوێل؛ کە لە ساڵی ١٨٦٢ ـەوە دەستی بە کڕینی تابلۆکانی مێرل کردووە و هاوبار بە ئەدۆڵف بۆژێرۆی ناساندووە، لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٨٦٠دا مێرل چەندین وێنەی پۆڵ دوراندر وێل و هاوسەرەکەی و جۆنی کوڕەکەیانی کێشاوە. لە ١٨٨١ لە پاریس کۆچی دوایی کردووەو هەر لەو شارەش نێژراوە.

---

▶▶

کورددا بگونجێت، بێئەوەی زیان بە کرۆکی چیرۆکە ڕەسەنەکە بگەیەنێت. مەبەست ئەوەیە هەست و پەیامی ناو چیرۆکەکە بگوازرێتەوە. ئەگەر دەستەواژەیەك لە زمانێکیتر هەبێت کە منداڵی کورد تێی ناگات، باشترە هاوتایەکی کوردی بۆ بدۆزرێتەوە. بەکارهێنانی زمانی سادە لەگەڵ تەمەن گونجاو بێت، بەدروستکردنی کێبڕکێ و بەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەمی ناوخۆیی گەشەپێدان و زیندووکردنەوەی زمانی کوردی بەرەوپێش دەچێت. منداڵی کورد هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ منداڵانیتری جیهاندا نییە، ئەو حەز بە چیرۆکێکی باش دەکات کەڕێز لە ژیرییەکەی بگرێت و بیفڕێنێت بۆ جیهانی خەیاڵ. ئەگەر پەیوەندییەکە (کە وەرگێڕان) بێت کێشەی نەبێت، منداڵەکە نەك هەر چێژ دەبینێت، بەڵکو ئەو چیرۆکانە دەبنە بەشێك لەیادەوەرییە جوانەکانی قۆناغی منداڵیی. سەرکەوتنی ئەم کتێبانە دەیسەلمێنێت کە ئەگەر ناوەڕۆکەکە سەرنجڕاکێش بێت و وەرگێڕەکەش بە زمانێکی پاراو و سادە بینووسێتەوە، ئەوە زمان و کلتوور نابنە بەربەست لە نێوان منداڵی کورد و کتێبە جیهانییەکاندا. چەندین کتێب و نموونەی جیهانیی جوان هەن کە کاتێك وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی بوون بەهاوڕێی نزیکی منداڵان و مێرمنداڵانی کورد. ئەم کتێبانە بەهۆی بەهێزی ناوەڕۆکەکانیان و داهێنانی وەرگێڕەکان لە گونجاندنی زمانەکەدا، پێشوازیی زۆریان لێکراوە

نموونە:

١-(شازادە بچکۆلە) ئەنتوان دۆ سانت، ئەم کتێبە سەرکەوتوو بوو، چونکە چیرۆکێکی سادەیە بەڕواڵەت، بەڵام پڕە لە فەلسەفەی قووڵ دەربارەی دۆستایەتی، خۆشەویستی و بەرپرسیارێتی، منداڵ و هەتا گەورەش چێژی لێ دەبینن.

٢-(سەرکێشییەکانی پینۆکیۆ ) کارلۆ کۆلۆدی چیرۆکی ئەو بووکەڵە دارینەی (کوڕەدارینە) کە دەیەوێت ببێتە کوڕێکی ڕاستەقینە و کاتێك ناڕاستی دەڵێت لووتی درێژ دەبێت. ئەویش هەم لایەنی (پەروەردەیی تێدایە دوورکەوتنەوە لە درۆ و گوێڕایەڵی دایك و باوك) و هەم جیهانێکی پڕ لەسەرکێشی پێشکەش بە منداڵەکە دەکات کە هەرگیز لێی بێزار نابێت.

٣-زنجیرە کتێبەکانی (هاری پۆتەر )جەی کەیڕۆڵینگ ئەم زنجیرەیە زیاتر بۆ تەمەنی مێرمنداڵان گونجاوە، بەڵام وەرگێڕانی بەرگەکانی بۆ سەر زمانی کوردی دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. کێشەی نەبوونی فەنتازیا لە ئەدەبیاتی کوردیدا پڕکردەوە،خوێنەری گەنجی کورد پێویستی بەو جۆرە لەسەرکێشییە درێژخایانانە هەیەو هەبوو کە لەگەڵ کارەکتەرەکاندا گەورە بێت. یان چیرۆکە کلاسیکییەکانی وەك (سەندرێلا، کچە کڵاو سوورەکە، سپیپۆش ،حەوت کورتەبنەکەومراویەناشیرینەکە). ئەم چیرۆکانە لەڕێگەی گۆڤارەکانی منداڵان (وەك گۆڤاری جگەرگۆشەکان، پەپوولە، و ئەوانی تر) و کتێبە وێنەییە بچووکەکانەوە لە ساڵانی نەوەدەکان و دواتریشدا بوونە بەشێك لە کلتووری منداڵی کورد، بە شێوەیەك زۆربەی منداڵان وەکو چیرۆکی فۆلکلۆری خۆمان سەیری دەکەن. سەرکەوتنی ئەم کتێبانە دەیسەلمێنێت کە ئەگەر ناوەڕۆکەکە سەرنجڕاکێش بێت و وەرگێڕەکەش بە زمانێکی پاراو و سادە بینووسێتەوە، زمان و کلتوور نابنە بەربەست لە نێوان منداڵی کورد و کتێبە جیهانییەکان. کەوایە وەرگێڕان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ئەدەبی منداڵاندا،چونکە ئەو پردەیەکە کە کلتووری جیهانیی و بەها مرۆیییەکان بە گەنجان دەگەیەنێت.

وەرگێڕان لە ئەدەبی منداڵاندا ڕاستەوخۆ بەشداری لە چەند لایەنێکی سەرەکی دەکات، دیارترینیان کراوەیی کلتووری و بنیاتنانی لێبوردەیی ڕێگە بە منداڵ دەدات دەربارەی دابونەریت و چیرۆکی گەلانی تر فێر ببێت و قبووڵکردنی جیاوازی و پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی تێدا دەچێنێت. دابینکردنی وشەگەل و شێوازی زمانەوانی نوێ بۆ منداڵان سامانی زمانەوانی و دەربڕینیان زیاد دەکات. لەبەرئەوەی گەیاندنی شاکارەکانی چیرۆکە جیهانییەکان یارمەتیدەرە بۆ ئیلهام بەخشین بە منداڵان، پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانە و هاندانی خۆشەویستییان بۆ خوێندنەوە زیاد دەکات. شارەزاییەکی بەرز لە سادەکردنی ماناکان و گونجاندنی کلتوورەکان لەگەڵ تێگەیشتنی دەروونی و زمانەوانی منداڵ بەبێ زیان گەیاندن بە جەوهەری دەقە بنەڕەتییەکە. گرنگیی وەرگێڕان هەر لە کۆنەوە هەبووە بۆ فێربوونی کلتوور و شارستانییەتی نەتەوەکانی تر. سەبارەت بە وەرگێڕان لە ئەدەبیاتی منداڵانیشدا، ئەدەبیاتی بیانی خستۆتە دەستی منداڵان. وەرگێڕانیش توانیویەتی پێگەیەکی بەنرخ لەم ژانرە ئەدەبییەدا مسۆگەر بکات، ئاسۆی داهێنەرانە بکاتەوە. وەرگێڕان لە بواری ئەدەبی منداڵاندا وەك ڕێنوێنییەك کە ئەم ئەدەبیاتە بەرەو ناوچە جیاجیاکانی جیهان دەبات، هەروەها بەردەوامی و سووڕانەوەی مسۆگەر دەکات، وای لێدەکات کە دوورەکان نزیك بکاتەوە، پردی پەیوەندی دروست بکات. بۆیە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان دەستییان کردووە بە گرنگیدان بەکوالیتی وەرگێڕان و کوالیتی نووسین. بەکارهێنانی شێوازێکی سادە و سەرنجڕاکێش هانی منداڵ دەدات بۆ بیرکردنەوە و خۆشویستنی ئەم کارە داهێنەرە، لە هەمان کاتدا ئاگاداری دەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە ناڕوونیی، چونکە هەر ناڕوونییەك لە ئەدەبدا هزری منداڵ دەشێوێنێت و کاریگەری نەرێنی لەسەر دروست دەبێت. بۆیە دەبێت پێکهاتە ئەدەبییەکان لە زمانەکەدا کە ئاراستەی منداڵان دەکرێن کۆنترۆڵ بکرێن، هەروەها بابەتی ئەدەبی پێداچوونەوەکراو بخرێتەڕوو کە کوالێتییەکەی دەکەوێتە سەر شانی نووسەر. بەهۆی سوودەکان و بوارە جۆراوجۆرەکانی، وەرگێڕان توانیویەتی بەربەستە زمانییەکان بشکێنێت و ئاسانکاری بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆڕی فیکریی و کلتووری لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا لە چوارچێوەیەکی قبووڵکراودا بکات. ئەم جۆرە وەرگێڕانە بە هۆی گرنگییەکەی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کلتووری و پەروەردەییەکانی لەسەر ئەم توێژەی کۆمەڵگە( منداڵان ) گرنگییەکی بەرچاوی پێدراوە. خوێندنەوەی بەردەوام تام و چێژ پاڵاوتە دەکات و فێری قەدرزانی دەکات. کتێبی باش و وێنەی جوان و توانای جیاکردنەوەیان لە کتێب یان وێنەی کوالێتی نزمتر و کەمتر هەموو ئەو دەستکەوتە هونەرییە ناسراوانەی جیهان لە بواری ئەدەبی منداڵاندا ئامانجی پەروەردەییان هەیە، هەروەها داوای هەموو شتێکی ئەرێنی دەکات چونکە ئاڕاستەی ویژدان و دەروونی دەکات، هەروەها دەستی منداڵ دەگرێت بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی بەهێز و ڕۆشنبیر. وەرگێڕان لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی منداڵاندا زۆر گرنگە. هەربۆیە ڕۆشنبیران و زانایان هەر لە کۆنەوە بەهایان بۆ داناوە، پێشەنگایەتی ئەم بوارەیان کردووە بە مەبەستی ئاگاداربوون لە نوێترین ڕەوتەکانی نووسینی منداڵان، لەوانە نووسین، وێنەکێشان، دەرهێنانی هونەریی، فۆرماتی بڵاوکردنەوە و باشترین کتێب بۆ منداڵان لە جیهاندا بە چڕی و بە وردی بەرهەم دەهێنرێت. بەم شێوەیە ئەدەبی منداڵان بە پلەی یەکەم پەیوەستە بەو ڕۆڵەی کە وەرگێڕ لە کاتی پرۆسەکەدا دەیگێڕێت. پێویستی بەڕەچاوکردنی کوالیتی و ناوەڕۆکی ئەو دەقانە هەیە کە لەلایەن نووسەرانەوە ( گەورەساڵان بۆ منداڵان ) نووسراون.

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# ئاوڕێک لە بێدەنگی

نووسینی: دەوەن مەعروف



کەژاڵ ئیبراهیم خدر؛ ژنێك وەك ئاو میهرەبان و سادە و جوان ،
ئەفسانەی گۆرانییەکی ماندوو..
بۆ کەژاڵ، ژنێك لەئاو سادەتر!
سادەیی زمان لەناو دەقە شیعرییەکانیدا، زاڵبوونی زمانی شاعیرمان لەناو دەقەکانیدا نیشان دەدات، لەڕووی واتاو فۆرمەوە. هەمیش، هەڵگری ماناکانی ناوەوە و دەرەوەی دەقمان پێ دەناسێنێت. دەق، هەم هەڵگری دید و پێوانەی هزری شاعیرە، هەمیش ناساندنی زمانە لەناو دەقی شاعیردا. کارێکی سەختە شاعیر بتوانێت، لە کەمترین نووسیندا، باشترین مانا بخوڵقێنێت، یان ساناتر بێژم: خاڵی گونجاوی سەرنج ئەوەیە، مامۆستا مەسعود محەمەد وتەنی: نووسین دەبێت خۆی لە لوول پێچی و گێژەنی دێر بپارێزێت. گەر شیعر نەیتوانی لەنێو چەند دێڕێکدا ماناکان بخوڵقێنێت، بێشك ناشتوانێت لەجەهەرو ناوەڕۆکدا، ئەیستاتیکا و واتای دەق بەرهەم بێنێ. کاری هەرە گرنگی شاعیری دروست گەمەکردنی زمان و تەئویلە لەناو سیاقی دەقدا. زۆرجار شاعیر بە ئەنقەست فەزایەك بۆ شیعر و بۆ خوێنەر چێدەکات، ئیدی ئەوە ئەرکی شاعیرە، کە تنۆك تنۆك مانای جوانی بڕژێنێتە دەروونی تینووی خوێنەرەوە. تینوویێتی شاعیر کاتێك دەشکێ کە خاڵی کۆتایی شیعر بە کۆتایی هاتبێت و ماناکانی جوانی دەق بخوڵقێنێ، بەڵام تینوویێتی خوێنەر، بەپێچەوانەوە هەرگیز بەکۆتا نایەت لەئاست دەقی شیعردا، ژبەر هەندێ شاعیر بەردەوام، وەك گەڕیدەیەك لەدووی دێڕ و ڕستەو وشەکان دەکەوێت، بۆ ئەوەی جوانترین مانای شیعر ببەخشێتە هەم زمان و هەمیش خوێنەر .
ئەی پیاو...
تۆ بۆچی نوێژ بۆ بەهەشت دەکەی؟
کە خوداوەند لە ماڵەکەی خۆتدا،
بەهەشتێکی پێ بەخشیوویت...
کە ژنە؟
کەژاڵ ئیبراهیم خدر، لەو شاعیرە دانسقانەیە،کە خوێنەرەکانی بۆ ئەبەد تینوویێتیان ناشکێت و بەردەوام سووسەی دەقی تازەی شاعیر دەکەن، بەرهەمهێنانی خوێنەرێکی لەمجۆرە هەستی گوێگرتن و خوێندنەوەی شیعرمان لەلا جوانتر دەکات. پیەر گامارا دەربارەی ئەمجۆرە نووسینە دەڵێت:( شاعیری بلیمەت زمانی پاشە ڕۆژ دەخوڵقێنێت)(*). شیعر لە ڕێگەی جوانی زمانییەوە خۆی دروست دەکات. گەر بەوردی لەم شیعرەی کەژاڵ ئیبراهیم، بڕوانین دەبینین جەنگێك هەیە جەنگی مێینەکانە دژی نێرینەکان. جەنگێك کە بە پرسیارێك پەنجەکانی دەخاتە سەر نێرسالاریی نێرییینەکان. نێرەکانیش ماتوو و مەلوول لەبەردەم مەکتووبە ئاسمانییەکاندا، کەچی شمشێر بەدەست لە بەرامبەر لێوی ئاڵ و بۆن و بەرامەی مێینەکاندا. مێینەکان، نێرەکان بە ماچ ئاشت دەکەنەوە، کەچی نێرییینەکان چاو بز دەکەنەوە، ژن دەکوژن! چەقۆ، وەك زمان و وەك ئەخلاق بەکار دێنن، ئاخر کەی ڕەوایە بەهەشت بۆ زۆرینەی نێرینەکان بێت! لەکاتێکدا مێینەکان تۆنی دەنگیان هێندە ئارامبەخشە خوداوەند وەخەبەر دێنن.
دەمەوێت لێرەدا بگەڕێمەوە سەر جۆرێك قسەوباس دەربارەی زمانی ژن، لە قۆناغە جیاوازەکان و قوتابخانە ئەدەبییەکاندا. بۆ نموونە: لە قوتابخانە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوادا، پێناسەکردنی (زمانی ژن وەك شاعیر)(**) یان نووسەر، بە یەك شێواز نەمایەوە؛ بەڵکو هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانی قوتابخانە فیکری و ئەدەبییەکان و سەرهەڵدانی بزووتنەوە فێمێنیستییەکان بەتایبەت لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا گۆڕانی گەورەی بەسەردا هات. لە قوتابخانەی مۆدێرنیزم بە دیاریکراوی سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەم قۆناغەدا، شاعیر و نووسەرە ژنەکان دەستیان کرد بەهەوڵی هۆشیارانە لە دژی زمانی باو.
نووسەرانی وەك ڤێرجینیا وولف کە سەرقافڵەی ئەم داستانە بوو، ئاماژەیان بەوە کرد کە زمانی باو زمانێکی پیاوانەیە و ژن پێویستی بەوەیە ڕستەی تایبەت بە خۆی دابهێنێت، کە بتوانێت لێڵی و قووڵی و فرەڕەهەندیی ئەزموونی مێینە دەرببڕێت. لەلایەکیتر قوتابخانەی پۆستمۆدێرنیزم و فێمێنیزمی فەرەنسی کە دەکاتە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم. ئەمە ئەو قۆناغەیە کە تێیدا زمانی ژن بە فەرمی وەك چەمکێکی ڕەخنەیی و فەلسەفی پێناسە کرا. بیرمەندێکی وەك و جولیا کریستیڤا چەمکێکی داهێنا بە ناوی (نووسینی مێینە.)(***) ئەوەی بۆ من جێگەی ڕامانە، کەژاڵ ئیبراهیم خدر. ژیرانە ئاگای لەم چەمکەیە و هەرخۆشی بەکاری هێناوە و بۆ ئەوەی زمانی ژن سەدانجار جوانتر بکات.

(*)پیەر گامارا (١٩١٩-٢٠٠٩) شاعیر و ڕۆماننووس و ڕەخنەگری ئەدەبیی فەڕەنسی.

(**)کەریم مستەفا، لێکسیکۆنی هزر و فەلسەفە چاپی یەکەم، ٢٠٢١ .

(***)جولیا کریستیڤا( ١٩٤١ – ....)، ڕەخنەگری ئەدەبیی و ڕۆماننووس و بیرمەند و ڕووناکبیری بولگاریی –فەرەنسی

تێبینی: ئەم کورتە نووسینەی کاك (دەوەن مەعروف) لەلایەن بەڕێز ڕێبوار محەمەد یوسف)ەوە بەدەست گەیشتووە.

# هونەر لە کاتی قەیرانەکاندا بەرەنگاری لەبیرچوونەوە دەبێتەوە!



Nooriden jaf
Writer in the field of art and aesthetics

نووسینی: نورەدین جاف

ڕۆڵی هونەر لە کاتی قەیران و شەڕ و هەڵچوونە گەورەکاندا، تەنیا خۆبەخشییەکی فیکریی یان چالاکییەکی تێپەڕ نییە، بەڵکو هێزێکی بوون و بەرخۆدان و دەنگی هۆشی مرۆڤ و ئاوێنەیەکی زیندوو کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە و بەڵگەنامەکردنی گۆڕانکارییەکانە. ڕۆڵی هونەر لە قەیرانەکانی ئێستادا دۆکیۆمێنتکردن و یادەوەرییە مێژووەکانە. هونەر ڕاستگۆترین شایەتحاڵی سەردەمە. کاتێك ئامار و ڕاپۆرت شکست دەهێنن لە گەیاندنی قووڵایی کارەسات، تابلۆ دەقی هونەری وردەکارییەکانی ساتەوەختی مێژوویی دەخەنە ناو یادەوەرییە بەکۆمەڵەکانەوە. هونەر هێڵی ژیانی دەروونی و مرۆیی دەکات؛ تاکەکان بەهێز دەکات بۆ بەرگەگرتن و ئازار و ترس دەگۆڕێت بۆ وزەی دەربڕین و ڕۆحی شکاو بنیات دەنێتەوە. هونەر ئەبێتە هێڵێکی بەرگری بۆ شوناس و مرۆڤایەتی لە کاتی نائاسایی و پارچەپارچەبووندا. هونەر بۆ بنیاتنانەوەی مانا و دووپاتکردنەوەی شوناس و کلتوور لە بەرامبەر هەوڵی سڕینەوەدا بەکاردەهێنرێت، دەبێتە دەنگێك بۆ بێدەنگەکان. ئایا هونەر لەم تەنگەژەیەدا پاشەکشە دەکات یان بەردەوام دەبێت؟ هونەر هەرگیز دانامرکێت؛ بەڵکو خۆی دادەهێنێتەوە و پەیامەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ گەشاوەتر دەدرەوشێتەوە. لە کاتێکدا کە قەیرانەکان ڕەنگە سنووردارکردنی ماددیی بسەپێنن و ژێرخانی دامەزراوە کلتوورییەکان پەکبخەن و ژیانی هونەرمەندان گرژ بکەن، بەڵام پریشکی داهێنەری ڕاستەقینەش دەگرێتەوە. مێژووی مرۆڤایەتی شایەدی ئەوە دەدات کە گەورەترین بەرهەمە ئەدەبیی و هونەریی لە کۆڵی قەیرانە گەورەکان و شەڕەکان و گۆڕانکارییە قووڵەکانەوە لەدایك بوون. لە هەلومەرجی سەختدا هونەرمەندان بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانیان، ڕەنگە پەنا بۆ سادەترین و توندترین ئامرازەکان ببەن، ئەمەش خۆبەخۆیی و دڵسۆزییەك بە هونەر دەبەخشێت کە لە دەستکرد تێپەڕێت. سادەیی لێرەدا دەبێتە هێزێکی بەهێز. هەتا مرۆڤایەتی لەناو داروپەردووداا بەدوای مانا و هیوادا بگەڕێت، گەشتی هونەر بەردەوام دەبێت. هونەر شتێکی لەناکاو نییە کە لە کاتی خۆشگوزەرانیدا سەرقاڵ بکرێت و لە کاتی سەختیدا وازی لێبهێنرێت؛ بەڵکو بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی مرۆڤ بۆ مانەوە، و بەڵگەیەکی زۆرەملێیە کە ژیان شایەنی وێناکردن و گێڕانەوە و شەڕکردنە بۆی. لە کاتی قەیرانەکاندا، پەیامی هونەر قووڵاییەکی فەلسەفی وەردەگرێت کە سنووری کات دەشکێنێت. هونەرمەند لەم ناوەندەدا تەنها ڕووداو تۆمار ناکات، بەڵکو شوێنەپێیەکی نەمر بەجێدەهێڵێت کە لەبەرامبەر فەوتان و لەبیرچوونەوەدا دەوەستێت و بە سادەیی و جوانیی ڕەسەنی خۆی، ڕووبەڕووی تاریکی دەبێتەوە. مرۆڤ هەرگیز لە هونەر بێهیوا نابێت؛ چونکە هونەر لە بنەڕەتدا خودی هیوا و پرشکی ژیانە لە تاریکترین ساتەکاندا. کاتێك هەموو دەرگاکان ڕووبەڕووی مرۆڤ داخراون، هونەر دەرگایەك بە ڕووی داهێنان و ماناداركردنی بوون دەکاتەوە و دەبێتە ئەو زمانە پاکەی کە هەمیشە بە دیمەنێکی بێدەنگ و کاریگەر دەدوێت و باوەڕی مرۆڤ بە بەردەوامی و جوانی نوێ دەکاتەوە. بۆیە لێرەدا دەبێت ئەمڕۆ تێڕوانینی ئێمە بۆ هونەر بگۆڕێت و نابێت دامەزراوە هونەری و کلتوورییەکانمان دابخەین. هونەر بناغەیە کە دەبێت لە منداڵەکانمان و خوێندکارەکانمان و گەلەکەماندا بیچێنین و زۆرجار زمانی هونەر لە هەموو زمانەکانی سیاسەت بەهێزتر و قسەڕۆیشتووترە. ئەوەی ئەرکی سەرشانی پنتی هونەرە، دروستکردنی پردی پەیوەندی مرۆیی و هاوپشتی جیهانیی و زمانێکی گشتگیرە کە سنوورەکان تێدەپەڕێنێت. هونەر زمان و بەربەستە سیاسییەکان تێدەپەڕێنێت، توانای گەیاندنی کارەسات یان هیوای کۆمەڵگەیەك بە هەموو جیهان هەیە لە ڕێگەی زمانێکی بینراو و جوانکارییەوە کە هەمووان بەبێ وەرگێڕان لێی تێبگەن. لەبەرئەوەی هونەر زمانی گەلانە زۆرجار هەست بەوە دەکەین لەژیانی ڕۆژانەماندا کە خەڵك لەچەرمەسەری قەیرانەکان پەنا بۆ داهێنانە هونەرییەکان دەبەن لەوانە شانۆ، تیڤی، گەلەرییەکان، سینەما، دراماکان. کەواتە هونەر فریادڕەسە.. هونەری کوردی لە بەرامبەر قەیرانەکاندا یادەوەری، خۆڕاگری، و بوونی سەلماندووە هونەری کوردی بە درێژایی مێژووی دوور و درێژی خۆی، چەندین جار خۆی لە بەرەکانی پێشەوەی قەیران و شەڕ و هەوڵدان بۆ و سڕینەوە بینیوەتەوە. داهێنەری کورد هەرگیز تەنیا هونەری جوانیناسی نەبووە، بەڵکو پێویستییەکی بوون و قەڵغانێکی پاراستنی شوناس و یادەوەری بەکۆمەڵ بووە. لەژێر ئەم ئالنگارییە سەختانەدا، ئەزموونی هونەری کوردی بەشێوەیەکی قووڵ و کاریگەر خۆی دەرخستووە لە پاراستنی ناسنامە و بەڵگەنامەکردنی کارەسات پاسەوانی یادگەی. شیعر، ئەدەب، مۆسیقا، هونەرە جوانەکان وەك ئەرشیفی زیندووی گەلی کورد خزمەتیان کردووە. لە ڕێگەی داستان و گۆرانی فۆلکلۆر (وەك گۆرانی کلاسیك و باو) و تابلۆی دەربڕینخوازی، ئازاری تاکەکەسی و دەستەجەمعی بەڵگەدار کراوە و کارەسات دەگۆڕێت بۆ مێژوویەکی نەسڕاوە و زیندوو. هونەرمەندان و نووسەرانی کورد، بابەتی دڵتەزێنی مێژووی خۆیان (وەك جینوساید و هەڵەبجە و کۆچ و ئاوارەبوونی زۆرەملێ)یان لە بەرهەمێکدا بەڵگە کردووە کە بوونەتە هاوارێکی مرۆڤی گشتگیر. هەروەك چۆن هونەر لە کاتی قەیرانەکاندا جەوهەری خۆی دەپارێزێت، هونەرمەندانی کوردیش توانایەکی ناوازەیان نیشانداوە بۆ دروستکردن و خولقاندن بە کەمترین سەرچاوە کە ئیلهامیان لە ژینگە سەختەکەیان وەرگرتووە و گۆڕیویانە بۆ وزەیەکی جوانیناسی کە هیوای لەسەر هەڵدەچنرێت.

# ژاکانی تابلۆی هەور



ستار ئەحمەد

گڵ لەزامەکانم وەردەدەم
لەکەناری ئەستێرەیەکا
دەچمە تابلۆی تاریکیەوە
شەوەزەنگ سیاچارەییم لەگۆڕدەنێ
بەرەو خۆزگەی ئەو ماڵانەی
ڕامووسان لەچرپەی خۆردەچنن
کانیەك ماچدەکەن لێویان لەدەروونی تەرم دەکەوێ
ئەم هەوارە ڕەجم کراوە
هەوری سپی .... کفنی بابردەو
ئەگریجەی شۆڕەژنی گەرمیانە گەرمیان...
ئەسپەشێی حەسرەت و چاوگی ئەنفال و ژەهروخوێن
بویە گەوالەیەك بەسەرما بگرمێنێ
دەروونم بریسکە دەدات
گۆشەنیگام .... گولە ئەستێرەی باڵوەریوە بەتەنیایی
لەبێدەنگی ئاسمان، ژاکانی خاك
بەربوونەوەی ڕۆحی ئەستێرەکان
زریان دەکەمە کەپر
باڕەشێك ئاسنامەم لوول دەدات
سەرابێك... پەنجەکانم دەکا بەگڕی دەستما
سەبەتەیەك لەهێشووە وشە لەسینەمدا دەتەقنەوە
شنەبای ئارام و خاوەندی جوودایی
لەنێو سەمفۆنیای بێدەنگیا
بەپاکی ئاشنام بکە
گڤەی ئەم دەنگە لەهەناوما شیکەرەوە
چیتر مەمدەرە دەستی قەدەری ئاوەوە
لەژوانگەی خنکانێکا بەمردن بسمیلمکە
من لەگوناە هەڵکێشراوم
لەبەرائەت دەسرازەیان بۆ چنیوم
تازە لەسەدا تێناگەم
ماڵەکەمەم لەگۆڕی غەریبان کپترە
لەکوێ لەم سەفەری عەشقە
بەگرمەی کەوتنەخوارەوەی هەور
تەقینەوەی ئەستێرەیەك
رادێم بەحەوت ئاسمانەوە...
لەشیلەی حەزێکا دانامرکێم
چۆن لەخەندەی چڵێکا چڵوپۆ دەردەکەم
بۆ بەم سووتانەم... لەخۆرم نزیك دەکەیتەوە
لەبەرامەی گڵو باران دامدەبڕێنی
ئەم عومرەم لە خەڵوەتی دەروێشان درێژترە
ئیتر بۆ دەفی دڵم دەدەیت بەشانی ڕووباردا
بەرامبەر زریانو ڕەهێڵە یەقینم پێدەدۆڕینی
من دڵنیام ئەم هەورە پاڵتۆی گڕوگیایە
چیاش برسێتی بە کوڵمی ئاونگێك دەسپێرێ
عومری ئێمەی نووسیوەتەوە لە بادەی شەودا
دەنگەکان بە گوێمانا دەدات
بۆیە لە خۆم بێزاربم
ترس دەبێتە زایەڵە و
کۆڕەوی تەنیایی بە دەروونمدا دەگوزەرێنێ
پەلگەزێڕینە ڕوومەتم دەکاتە پەراوێزی تابلۆکان
پاشماوەی دەنگەکان ئاوێتەی ڕۆحم دەبن.

# ماڵی ئێمە



شیعری: ئیبراهیم هەورامانی

هەڵەبجە، ٣١ ی تەمووزی ٢٠٢٦

من دایکێک و باوک و برایەک و خوشکێکم هەیە.
کرێنیشینین لە خوارووی شار.
باوکم بێکار و
من باربەر و
خوشکەکەم دەرچووی زانکۆیە و
براکەشم، تازە دەساڵ تەمەنیەتی.
سفرەمان خاڵی و بێکاری،
حەوسەڵەی لەباوکم سڕیوەتەوە.
کاری ڕۆژانەی ناوماڵ،
دایکمی هەراسان کردووە.
خوشکەکەم، هەمیشە، چاوەڕێی هەلیکارە!
ڕاستە، ماڵەکەمان بچووکە، بەڵام،
بەقەد گەڕەکە دەوڵەمەند نشینەکان،
پڕ..پڕە لە پێکەنینی دایکم و
میهرەبانی باوکم و
ئومێدی خوشکەکەم و
چەپڵەی من و
گۆرانییەکانی برا بچکۆلەکەم.
ئێمە هەموومان دڵخۆشین،
سبەی تیشکی خۆری ئازادی
شنەی شەماڵی یەکسانی
ژوور و هەیوان و حەوشەی ماڵمان،
پڕ پڕ دەکات،
لە خۆشبەختی و شادومانی.

# برووسکە شیعر(٢)

نووسینی : عەباس داودی



ڕۆح هەڵایساوە
کەس لێی ناگات
برینێکی بێناو .

لێئالانی دوو ئەڤیندار
شیعرێکی ئیرۆتیک بزە و
خەندەی لێو
حەزێکی سەرکەژ

دۆڕان و شکان دەنووسنەوە
پەند وەرگرتن
ئەزموونگەری

خوێنی شەهیدان
گولاوی نیشتمانە
بۆنێک لە بەهەشتەوە
قەرزار بارین

کێ لێرە دەمناسێتەوە
شێوەنی مەرگی گومان
سڕینەوەی ئەفسانەکان
خەیاڵی گەڕانەوە

فەرهەنگی قین و تۆڵە
تەڵقینی مەرگ
بە خۆر نشینەکان دەنووسنەوە
خەراباتە نیشتمان

لە تاریکی شەودا
ڕۆح گەمارۆی برینەکان دەدات

کەس نەیبینێت

لێتان خۆش نابم
فریودەر بوون
ڕۆحی(ڕزگار)ویژدان کاس دەکات
دایکی شەهید

بوار مەدە
ئاراستەی تیرەکان ستەمکارن
خۆپاراستن

فەرهادی گەرمێنم
سینگ هەوارگەی ئەوینە
پەژیوان نابمەوە

شەمی گەرمیانم بووی
درەنگ وەخت لە خەو ڕابووم
ئارەقەی خەجاڵەتی

چیتر نابیستن
وەڕسبوون
لە سواوی ریتمێکی ناساز

گۆچانی هاوڕێی تەمەن
بە دەستی لەرزیوەوە
تۆنێڵێکی بێ دەرگا
ناسۆری ژیان

دیەکان فێری کردم
نیگایەکی شەرمنانە
دەستپێکی ئیشق


بە خەستی گیراوەتەوە
قوڕ و لیتە
دەربازبوون سانا نییە
هاوار بە حاڵیان.!

# بۆ کەس لەپاڵتۆکەی حسێن عارف نەهاتەدەرەوە؟

**جەماڵ کۆشش / ئابی ٢٠٢٦**

ڕۆژی ١٢ ی ئابی ٢٠٢٦؛ چیرۆکنووس و ڕۆمانووسی داهێنەر حسێن عارف ژیانئاوایی کرد. حسێن عارف تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی بەتایبەت لە ژانری گێڕانەوەدا، شوناسی ڕەوتێکی هونەری بەرجەستە دەکرد. بەداخەوە ئەم ڕێبازە پتر لەدەیەیەك بەر لە مەرگی بێ ڕێبوار ببوو. هێندەی من ئاگادار بم(کەس لەپاڵتۆکەی حوسێن نەهاتە دەرەوە !). لەنێو هەژموونگەری کلتووری نەوەدەکان بەدواوە، دابڕانی نووسین لە هێز و هیواکانی شار و زمانە زبرەکانی نووسەران( حیکاتخوانانی تردا)، فورسەتی نەوە خستنەوەی لێسەندرایەوە. ئەمەش ئاکامی ئەو ئاڵۆگۆڕە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییانەن کە لە کوردستاندا پێشهاتن ( حەمە ئەحمەد جاف ، مامۆستا حسێن عارفی بە باوکی ڕۆمانی کوردی لەقەڵەم داوە، بەڵام خوێندنەوەی شێرزاد حەسەن بۆ مامۆستا دەشێ گونجاوتر بێت، (کوڕەکانی حەسارەکەیان بۆی بەجێهێشت).

لەساڵی ١٩٨٧ دا ، نووسینێکم بەسەر دێری " ئەناتۆمیزمی ڕۆمانی شار لەدیدگای مەنتق و تەئریخ دا" لەسەر ڕۆمانی " شار" ی حسێن عارف، لە گۆڤاری " ڕابەر" بە دوو بەش بڵاوکردەوە. (*) ئەو دەم ئێمە" حەڵقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست" بەچڕی سەرقاڵی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و گەشەپێدانی ئەدەب و هونەری ئینسانیی وسۆشیالیستیی بووین. بە زۆری خەریکی خوێندنەوەی (ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی) مارکس و ئەنگلس و لێکۆڵینەوە ئەدەبی وفەلسەفییەکانی



جۆرج لۆکاشمان بەتایبەت کتێبی( الرواية كملحمة برجوازية) و کتێبی(الرواية التاريخية) دەخوێندەوە.

ڕۆمانی شار" یەکێك لەو ڕۆمانە دەگمەنانەی ئەدەبی کوردییە کە ڕیالیزم بە مەزنی ( دیدی مادییانە) و ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی بەقوڵی پێچنراوە. لەپرۆسەیەکی مێژوویدا پەیدابوویەکی نوێ لە ئینسانی " تاك و کۆ " بۆ دەربڕینی چالاکییەکانی شانە سیاسییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شار و ڕەوتە فکرییە پێشکەوتنخوازەکان بەزمانێکی بەرز و پێگەیشتوو دەربڕێت. ڕۆمانی شار؛ دەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ فۆرمی خێزانیی و ئایدیاکان و نەریتە بەسەرچووەکان. لە مەسەلەی جێگا و ڕێگای ژنان و بەتایبەت لە هاوسەرگیرییدا، لە یەکێك لە دایەلۆگەکاندا دەڵێت: "وەك بۆمب تەقییەوە کە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە ژنی دووەم دەهێنێت". ڕۆمانی " شار" زۆر نزیکی هەست و سۆز و خولیاکان و هۆشیاری خەڵکیش بوو. ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەودەمە و بەدڵنیاییش تێڕوانینی نووسەرەکەشی بوو. پرسیارێکی گرنگە، بپرسین بۆ ئەم پاڵتۆیە کەسی لێ نەهاتەدەرەوە؟

زۆر بەکەمی دەتوانین، ڕۆمان لە دەرەوەی گێڕانەوەی مێژوویی پەیدا بکەین، بەشێکی یەکجار زۆری ڕۆمانی کوردی، مێژوو سەرچاوەی گێرانەوەکانیانە، نەك تەنها کارەساتەکان، ئەنفال و خەبات و شکستەکانیان، بەڵکە نەهامەتی و دەردارییەکانی نێوچوارچێوەی دەسەڵاتدارێتی کوردییش، بوونەتە بابەت و فیکشن و خەیاڵی ڕۆمانووسان. هەرچەند بەکەمی دەتوانین لە کەتەگۆری ڕۆمانی مێژوویدا پۆلینیان بکەین. لەبەینبردن و دژایەتی ڕەوتی هونەری ڕیالیستی، بەتایبەت ڕیالیستی کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانە، جێگرتنەوەی بە ڕۆمانی مۆدێرنە و پۆستمۆدێرنە و واقعییەتی سیحری کە هەندێك نێویان ناوە واقعییەتی جادوویی و..هتد. ئەمە هۆکارێکی جددییە بۆ ئەوەی ڕەوتی هونەریی گێڕانەوەی حسێن عارف بە خاك بسپێرن و سوود لە نێوبانگی ڕەمزیی بێ میراتی و پۆرترێتەکەی وەك نەخشێك بۆ ڕازاندنەوەی کۆڕ وپێشبڕکێکان وەربگرن. جۆرج لۆکاش، ڕۆمان بە داستانی بۆرژوازی دەزانێت. (هێگل وا تێگەیشتووە کە دابەشبوونی کار لەسیستەمی سەرمایەداریدا، ئەوە بنچینەی پەخشانی ژیانی هاوچەرخە. الرواية كملحمة البرجوازية لاپەڕە ١١). لەوتارێکیدا بەسەردێری (هەمووشت دەربارەی ڕیالیزم)، وتەیەکی جۆرج دیمترۆڤ لە کۆنگرەی دژە فاشیستیی یەکێتیی نووسەران دەهێنێتەوە: (لەکاتێکدا کە بۆرژوازی شۆڕشگێڕ بوو، ڕۆمانی دۆن کیشۆتی، مێگل دی سێرفانتس کاریگەرترین چەك بوو بەدەستی بۆرژوازییەوە لەجەنگی دژی فیئودالیزم و ئەرستۆکراتییەت. ئەستیتکا، مارکسیزم، ئەنتۆلۆژی بەزمانی ئەڵمانی لاپەڕە ٣٤٩. لۆکاش ڕۆمانەکانی تۆلستۆیی و دەیستۆڤسکیش زۆر بەرز دەنرخێنێ: (ئازارەکانی ئینسانییەت بە دڵسۆزترین نەفرەت لەتەواوی سیستەمەکەیە). ڕۆمان گونجاوترین ژانری ڕیالیستییە لەهونەری گێڕانەوەدا و پەیدابوونی بەتوندی بە بۆرژوازی شۆڕشگێڕەوە بەرامبەر بەسیستەمی دەرەبەگایەتی دا دەرکەوت و گەشەی سەند. بەڵام لۆکاش بۆ خاڵێکی یەکجار گرنگی تریش سەرنجمان ڕادەکێشێت، سەبارەت بە ڕۆمانەکانی دواتر،(سڕینەوەی ڕیالیزم لەهونەردا، بە بنبەستی بۆرژوازی لە پێشکەوتن لە بێ پەیامی گەورە و بێ خەون بە ئازادییەوە لێکدەداتەوە ). ڕەنگە هەربۆیەکا بەختیار عەلی، هێندە پەست و نیگەران بێت لە لۆکاش. بەختیار عەلی، وەك ڕۆمانووسێك پەیڕەو لە ڕێبازی واقعییەتی سیحری دەکات لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا و لە وتارە فکری و سیاسییەکانیدا دژ بە مارکسییەتە، و لەسیاسەت و فەرهەنگ وئایدیۆلۆژییدا، لەنێو بۆچوونەکانی لەسەر سیستەمی سەرمایەی خۆرهەڵاتیدا، چینی کرێکار لەنێو ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا توێنراوەتەوە. پێویستە ئەوەش بنووسم، مەبەستم ئەوە نییە، شێوازی ڕۆمانی واقعیەتی سیحری بەگشتی بە ملۆزم بکەم، نەخێر، بەهیچ جۆرێك، لێرەدا تەنها لە نێو سیاقێکی مێژوویی و پێداویستی مەنهەج و جێگای لە خەباتی فکری کۆمەڵگەدا هاتووە.

خاڵێکی تر کەڕەنگە جێگای بایەخ بێت بۆ شیکاریی ڕۆمان لەلایەن ڕەخنەگرەکانی ئەمرۆمانەوە. وەك سابیر ڕەشید و دەریا جەماڵ حەوێزی و سلێوە و گۆران سەباح ، بزربوونی لێکدانەوەی " نارەتیفی مێژووە" لە ڕۆمانی مێژوویدا.بەرجەستەترین ڕەخنەگر کە بەردێکی هەڵدایە نێو گۆمی مەنگی ڕەخنەی ئاکادیمیانە لەڕۆمانی کوردی، ئەو دیدە ڕووکشەگەرایی و کورتکردنەوە بەرژەوەندخوازییەی ناوی کرێکارە لای گۆران سەباح بەناوی (تیۆری ڕەخنەی مارکسی) لەکتێبی " چۆن ڕەخنە لە ڕۆمان بگرین لاپەڕە ٥٥". گۆران سەباح بەچاوی بازاڕی ئازادەوە، هەڵساوە بە داڕشتنی تیۆری ڕەخنەی مارکسیستی، یەکەم ڕستەی ئەم بەشەی بەحساب (لویس تایسۆن(ەوە وەرگرتووە دەنووسێت" بەپێی تیۆرەکە، بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ئابووری هەوێنی هەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی وسیاسییە...هتد". کە تەواو ئاوەژووە. لەڕاستییەکەیدا ئازادبوون لە دەسەڵاتی ئابووری سەرمایەداری هەوێنی هەموو چالاکییەکی کۆمەڵایەتی وسیاسییە.( ئازادی لەوشوێنەوە دەستپێدەکات کە کار لە ناچار بوون و نامۆیی ڕزگار دەبێت. مارکس. گۆڤاری بەرگری لەمارکسیزم ). گۆران سەباح، مارکسییەتێکی ناماتریالیستی و نامێژوویی خوازراو و هەڵبژاردەی بەش بەش پێمان دەناسێنێ و پراکتیك دەکات بەسەر ڕۆمانێکی خۆیدا" مرۆڤی هەرزان". مارکسییەت میتۆدێکی زانستی ماددییە لەبواری کۆمەڵایەتی و لەبواری سروشتدا هەروەك لە ڕۆمانی (دان چەرموو – جاك لەندەن) دا دەیخوێنینەوە.

ڕۆمانی (شار) ی حسێن عارف بێخەوش و کەمکورتی نییە، زادە و دیلی سەردەم و هۆشیاری نووسەرەکەیەتی. ڕۆمانەکە شاکارێکی هونەری ڕیالیستییە، درێژەی مێژووی هونەری حسێن عارف بە تێپەڕاندن و پتەوکردنی ئەم دونیا بینییە و قووڵکردنەوە و بەرجەستەکردنی ناکۆکییە بەردەوامەکانی نێو مێژوو، بەرهەمدار دەبێت.

(*)گۆڤاری ڕابەر، ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٧ بڵاوبووەوە و بەسەریەکەوە یانزە ژمارە و چەند پاشکۆیەکی لێ بڵاوکرایەوە.

## ناساندنی ڕۆمانی پێ پەتییەکان

# کۆمۆنیستە میسرییەکان پێنج ساڵ لە کەمپی ئەشکەنجەدا

**نووسەر: تاهیر عەبدولحەکیم**
**ناساندنی: نەوزاد مدحەت**

کۆمەڵێك ماشێنی تۆکمەو داخراو، پارێزراو بە کۆمەڵێکی زۆری چەکداری دەسەڵات. لە نیوەشەودا و لە نێو دڵی بیاباندا ڕێ دەبڕن بەرەوە زیندانی (الواحات الخارجة). سەد و بیست(١٢٠) کۆمۆنیستی کەلەپچەکراوی جەستە شکێنراوی دەستی جەلادەکان، بەڵام خاوەنی ئیرادەیەکی پۆلایین.. بێباکانە دەنگ هەڵدەبڕن و سروود دەڵێن:

لە قووڵایی مێژووەوە، زریانێك هەڵدەکات
دونیایەك سەرلەنوێ لەدایك دەبێت
دونیایەك بەدەستی شۆڕشگێڕان دروستکراوە
مرۆڤە بەهێز و ئازادەکان
بە بازووی خەم و ژانەوە
تۆزی کۆنەپەرستی دەبەین بەئاسمانا
مردین لە ژێردەستی کۆلۆنیالیزم
بە ئیرادەوە بنیاتی دەنێین.

### پارتی کۆمۆنیستی میسری


ڕۆمانی )الأقدام العارية – پێ پەتییەکان) ٢٩٠ لاپەڕەیە و بەرهەمی نووسەری دیاری میسری تاهیر عەبدولحەکیمە و لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ابن خلدون) ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەشی زۆری ئەمڕۆمانە بە شێوەیەکی نهێنی لە زیندان نووسراوە و ڕەوانەی دەرەوە کراوە تا ئەو کاتەی نووسەر ئازاد بووە، دوواتر کاری زیاتری لەسەر کردووە و پاش پانزە ساڵ لە ئازاد بوونەکەی بڵاویان کردۆتەوە. حزبی شوعی لە ئابی ١٩٦٥ خۆی هەڵوەشانەوە بە بیانووی یەکبوونی هێزە سۆشیالیستەکانەوە. خۆشبەختانە نووسەر زوو توانیتی کۆی دەستنووسەکان لەدەستی بەرپرسانی حزب بکاتەوە؛ دەنا چارەنووسی ئەم ڕۆمانەش بەهەمان چارەنووسی حزبی شوعی دەبوو.

ڕۆمانەکە تا ڕادەیەکی زۆر شێوازی ئۆتۆبایۆگرافی (ژیننامەی خۆیی) هەیە. نووسەر تێیدا ئاوڕ لە ئەزموونی خۆی دەداتەوە لەگەڵ بزووتنەوەی چەپ لە میسر، کە ئەمیش یەکێك بوو لەوانەی بەر هەڵمەتی ناسرییەکان (جەمال عەبدولناسر) کەوت کە لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩ دەستگیرکردنی فراوانی کۆمۆنیست و چەپەکانی میسری لێکەوتەوە کە (ئەوەی پێی دەوترێت قەسابخانە یان مجزرة ١٩٥٩). عەبدولناسر هەڵمەتێکی گەورەی دژی مارکسیستەکان دەستپێکرد وەك بەشێك لە ململانێی فراوانتری دژی چەپی عەرەبی (لە میسر، سووریا و عێراق). نووسەر خۆی یەکێك بووە لەو زیندانییانە. زیندانییەکان پێنج ساڵ (تا ئایاری ساڵی ١٩٦٤) لە زیندان و کەمپەکانی ئەشکەنجەدا مانەوە و بەشیکیان لە ژێر ئەشکەنجەی دڕندانەدا بە شکۆوە گیان بەخشییە باوڕەکەیان. ئازادکردنیشیان بە ماوەیەکی کەم پێش سەردانەکەی خروشۆف سەرۆکی ئەو کاتەی یەکێتیی سۆڤییەت بۆ میسر ڕوویدا. ئەو قۆناغە بە یەکێك لە تاریکترین قۆناغەکانی سەرکوتکردنی ئازادیی بیروڕا لە مێژووی هاوچەرخی میسردا دەژمێردرێت.

### ناونیشانی پەڕتووکەکە

ناوی (پێ پەتییەکان)؛ هێمایەکە بۆ ڕووتی، بێدەسەڵاتی و ئازادی لە هەمان کاتدا، هەروەها ئاماژەیە بۆ چوونە ناو قووڵایی زیندان و چۆنییەتی داماڵینی مرۆڤ لە مرۆڤبوون. ئەم ڕۆمانە لەجیهانی عەرەبیدا بەیەکێك لە گرنگترین و ناسراوترین بەرهەمەکانی ئەدەبی زیندان دەناسرێت شانبەشانی ڕۆمانی (القوقعة)ی مستەفا خەلیفە و (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست)ی عەبدولرەحمان مونیف. تایبەتمەندییەك هەردوو ڕۆمانی( القوقعة و الأقدام العارية) لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی عەبدولڕەحمان مونیف جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم دوو ڕۆمانە لە ناو زیندا نووسراون و ڕاستەو خۆ مێژوویەك بە ناو و جوگرافیاوە دەگوازنەوە بۆمان وەك سوریا و میسر، بە پێچەوانەی ڕۆمانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە زادەی خەیاڵە و شوێن هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

نووسەر دەیەوێت مێژووی خەباتی کۆمۆنیستەکان بپارێزێت لە شێواندن و درۆی لایەنگرانی ڕاست. سەرەتا وەك بەڵگەنامەیەك بۆ هەڵمەتی سیاسی دەرەوە نووسرابوو، بەڵام بوو بە کتێبێکی تەواو کە هەموو لایەنە سیاسی، دەروونی و مرۆییەکانی ئەو ماوەیە تۆمار دەکات. ئەم بەرهەمە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی ئەدەبی زیندان لە میسردا و وێنایەکی ڕاستەوخۆ دەدات لەسەر چۆنیەتی مامەڵەی ڕژێمی ناسری لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی چەپ.



ڕۆمانی پێ پەتییەکان بەڵگەنامەیەکی چڕوپڕی دۆکیۆمێنتاری تاهیر عەبدولحەکیمە کە نزیکەی پانزە ساڵ پاش ڕووداوەکان دەیکاتە گەواهیدەرێکی بێرکابەر بەسەر دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی ناسرییەکانەوە کە چۆن بەناوی نەتەوە و دژە ئیمپریالیزمەوە دژایەتی چەپ و کۆمۆنیستەکانین دەکرد نەك هەر لە میسر بەڵکوو لە عێراق و سوریاش. نووسەری ڕۆمانەکە ئەندامێکی باڵای حزبی شوعی میسر بوو کە لە کامپی ئەشکەنجەدان لە زیندانی (أوردي أبو زعبل) بۆ زیندانی (الواحات الخارجة) دوورخرابووەوە. ئەرکی سەرەکی ئەو کە لە ناو زیندانەکەدا پێ سپێردرابوو، ئاراستەکردنی پڕوپاگەندە و گەیاندن بوو بۆ دەرەوەی چوار دیوارەکان، بەرەو ڕای گشتی ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتی، لە ڕێگەی نامە و ڕاپۆرت و لێدوانەکانەوە کە ئەو بارودۆخە سەختەی کە زیندانیانی سیاسی تێیدا دەژین ئاشکرا دەکرد. نووسین لەناو زینداندا لەلای ئیدارە تاوانێکی سزادراو بوو وە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و مەترسیدار بوو. ئەم کارە بە نهێنی لە درەنگانی شەودا ئەنجام دەدرا، پاش ئەوەی سیستەمی (تەمام)، کۆتایی دەهات و گڵۆپەکان دەکوژێنرانەوە، سیستەمێکی پاسەوانی ناوخۆیی لەلایەن زیندانێکانەوە بۆ ئاگادارکردنەوە لە هاتنی پاسەوانەکان بەڕێوە دەچوو. قەڵەم و کاغەز لە حەشارگەیەکی نهێنی لە سووچێکی زیندانا دەشاردرایەوە دواتر دەهێنرانە دەرەوە. وشەی (بلوهم)وەك وشەی نهێنی لەهەموو زیندان و گرتووخانەکان نیشانەی هاوبەش بوو، واتە مەترسی نزیکە و پێویست بە شاردنەوەی هەموو شتێك دەگەیەنێت.

نووسەر لە سەرەتای کتێبەکەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئیعتباری کتێبەکە لەوەدایە کە تۆمارێکی مێژوویی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی گەلەکەیەتی و ڕاستییەکان بە ناوی ڕاستەقینەوە تۆمارکراون. ئەو پێگە و هەڵوێستە لادەرانەی کەسانێك ئەمڕۆ هەیانە لەبەرانبەر خەبات و تێکۆشانی دوێنییاندا دەخاتە ڕوو.

ئەم ڕۆمانە مێژووییە ئەوەند ورد تۆماری ڕووداوەکانی ناو زیندانی کردووە، سەرباری تۆمارکردنی ناوی جەلادەکان و پاڵەوانەکانی ناو زیندان کە چۆن تاوەکوو مردن بەگژ جەلادەکاندا چوونەتەوە، چۆن تا دووا هەناسە نکۆڵییان لە کۆمەنیست بوونی خۆیان نەکردووە، زۆرترین شیعر سروودەکانیشی نووسیوەتەوە لەوانەی لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی جەلادەکاندا وتراون یان بە نهێنی نووسراونەتەوە.

لە شۆڕشی دژ بە ستەمکاران
زەحمەتکێشان لەگەڵمانن
ژیان بنیاتدەنێین
لە خوێن و تەمەنمان
هەستن و سەر هەڵبڕن
بە بازوویەکی پتەوەوە
بیروخێنن قەڵای ستەم
ئەوەتانێ بەیانی هات و بانگمان دەکات
وەرن ئاڵاکان بەرزکەنەوە
کە بە خوێنمان سوورهەڵگەڕاون
بە بازوویەکی پتەوەوە
بیروخێنن قەڵای ستەم
ئەوەتانێ بەیانی هات و بانگمان دەکات
وەرن ئاڵاکان بەرزکەنەوە
کە بە خوێنمان سوورهەڵگەڕاون.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا نەك تەنها ئەزموونی زیندان دۆکیۆمێنت دەکات، بەڵکو ڕەخنەیەکی ڕۆشنبیری ڕاشکاوانە و بوێرانە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی میسری دەگرێت کە خۆشی سەربەو ڕێبازەیە. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پێشووی میسر سەرەڕای زۆربوونی ڕێکخراوەکانی، لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە دابەش بوو بەسەر دوو ئاراستەی سەرەکیدا:
یەکەم ڕەوت: کەوتنە ژێر هەژموونی ڕاستگەراییەوە بەبێ دیدێکی ستراتیجی لە کاری ڕۆژانە و ئەرکە دەستبەجێکان نقوومبون، بەدوای کۆکردنەوەی ئەزموون و توانای تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ئامانجی ستراتیجی دەگەڕێت و بەم شێوەیە ئەم ڕەوتە کلکی بزووتنەوەی لیبراڵ بۆرژوازی نەتەوەیی بوو.

ڕەوتی دووەم: چەپێکی ڕادیکاڵ کە جەخت لەسەر ئامانجی ستراتیجی دەکاتەوە و پێناسەی دەکات، ململانێی تاکتیکی پشتگوێ دەخات و لەبەر ئەوە گۆشەگیری و نەتوانینی مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی ڕۆژانەدا بەسەریدا زاڵ دەبێت.

هەردوو مەیل نازانستین و نامۆن بۆ مارکسیزم لینینیزم کە زانستی خوێندنەوە و گۆڕینی واقیعە، بۆیە هەردوو مەیل نەیانتوانی لە سروشتی ئەو قۆناغە شۆڕشگێڕییە تێبگەن کە کۆمەڵگای میسر پێیدا تێدەپەڕێت و بەرنامەیەك دابڕێژن کە بە شێوەیەکی تاکتیکی و ستراتیجی وەڵامی سروشتی ئەو سەردەمە و پێداویستییەکانی بداتەوە. تاهیر عەبدولحەکیم کۆتایی بە ڕۆمانەکەی دینێت بەم بانگەوازە: شەڕەکەمان بەردەوامە، لە ناو دڵی بیابانی وشك و برینگەوە دەنگمان هەڵدەبڕین بۆ هەموو ئازادیخوازانی جیهان کە هاوپشتیمانبن بۆ:
لە پێناوی شکستپێهێنانی برسێتی و بێبەشی و دەربەدەری

لە پێناوی شکستپێهێنانی ئەو مردنەی کە لەزیندانەکاندا بەسەرماندا سەپێنراوە
لە پێناوی لە ناوبردنی هەوڵی ویرانکردنی ڕۆحی مرۆڤ
لە پێناوی لەناوبردنی سیاسەتی "ژیانت یان بیروباوەڕەکانت".
لە پێناوی شکستپێهێنانی سووتاندنی فیکر و ویژدان
لە پێناوی گەڕاندنەوەی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤایەتی
ئازادی قسەکردن و کەرامەتی قسەکردن.

### لە کۆتاییدا

دەبێت بووترێت ئەم ڕۆمانەو ئەزموونی ژیان و مێژوو ئەوەی نیشان داویین نە هاونەتەوەیی، نە هاوئاینیی، نە هاونیشتمانی تاوەکوو ئێستا نەیانتوانییە بتپارێزن لە تاکڕەویی فکریی و عەقیدەتی. لە قووڵایی ناخی مرۆڤایەتیدا جیاوازی بیروڕا، ئایین و نەتەوە و ڕەگەز نابێت ببێتە هۆی ئازار و سووکایەتی. چونکە مێژوو بە خوێن و فرمێسك نیشانی داوە کە هەر تاکڕەوییەکی فکری تەنها سەرکوت و نادادی لێدەکەوێتەوە. مرۆڤ، لە هەر ڕەنگ و باوەڕێکدا بێت، شایستەی ئازادی و شکۆیە.

# لە یادی دە ساڵەی تیرۆری ڕۆژنامەنووس وەداد حوسێندا

لە سی و پێنج ساڵی ڕابردوودا (١٩٩١–٢٠٢٦)، تیرۆری ڕۆژنامەنوسان و لێدان و ڕاوەدوونانی چالاکوانانی نارەزایەتییەکان، هەڕەشەی سیاسی و هەڵکوتانە سەر دەزگا میدیاییەکان و شکایەت و غەرامەی قورس، ئامڕازی تۆقاندن و ترساندن و سەپاندنی بێدەنگی بووە بەسەر کۆمەڵگادا لە هەرێمی کوردستانی عێراق. (وەداد حوسێن عەلی) کە بە ناوی (وەداد دهۆکی) ناسراوە، نمونەیەکی بەرجەستەیە.

(وەداد) ساڵی (١٩٨٨) لە گوندی (ئالەکان)، لە ناوچەی (گەڤەر)، سەر بە (جولەمێرگ) لە کوردستانی تورکیا، لە دایك بووە. باوکی واتا (حوسێن عەلی دۆسکی)، خەڵکی دهۆك و پێشمەرگەیەکی پارتی بووە. دوای تێکشکانی بزووتنەوەی چەکداری ساڵی (١٩٧٥)، خێزانەکەی بەرەو تورکیا دەڕۆن و لە بەشی کوردستانەکەی لەوێ ژیانی هاوسەرگیری پێك دەهێنێت. ساڵی (١٩٩٠)یش خێزانەکە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق و لە دهۆك نیشتەجێ دەبن، لەو کاتەدا (وەداد) تەمەنی دوو ساڵان بوو.

(وەداد) قۆناغەکانی خوێندنی تا پۆلی (١٢) لە دهۆك بە سەرکەوتوویی تەواو دەکات. پاشان لە بەڕێوەبەرایەتییەکی ڕۆشنبیری و هونەریدا دەبێتە کارمەند، بۆ ئەوەی بتوانێت بە مووچەیەکی کەمیش بێت، بەردەوام خەرجی خوێندنەکەی دابین بکات. لە هەمان کاتدا، لە میدیای کۆمەڵایەتی و هەندێك ماڵپەڕی ڕەخنەگر، دەستی بە بڵاوکردنەوەی نووسینی ڕەخنەیی و باسکردنی گەندەڵی کرد. بەهۆی نووسینی بەهێز و بوێرییەکەیەوە، دەبێتە کەسایەتییەکی ناسراو.

هەستی بەرپرسیارەتی (وەداد) بەرامبەر نادادپەروەری و بەشداریی بەردەوامی لە چالاکییەکاندا دژ بە گەندەڵی و دژ بە ستەمی نەتەوەیی لە کوردستانی تورکیا و دژ بە لەشکرکێشییەکانی ئەو دەوڵەتە بۆسەر دەڤەری بادینان، وە بەشداریکردنیشی لە زۆربەی مەراسیم، سیمینار و نارەزایەتییەکاندا وای کردبوو ببێتە سیمبول و نموونەیەك بۆ گەنجانی دەوروبەری خۆی.

لە (١)ی نیسانی (٢٠١٦) بە فەرمی دەستی بە کاری ڕۆژنامەوانی کردووە بۆ ئاژانسی (ڕۆژنیوز) لە دهۆك. لەو کاتەوە فشار و هەڕەشە لەسەری ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بووە، و هەر ماوە نا ماوەیەکیش لەلایەن ئاسایشەوە بانگ کراوە و لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە، بەڵام یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی (وەداد) ئەوە بوو زۆر کەم ئەم ڕووداوانەی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا دەکرد.

## • وەداد پێش تیرۆرکردن

لە ماوەی چەند ساڵدا چەندین جار لەلایەن ئاسایشەوە بانگ کراوە، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە و ماوەیەك پێش تیرۆرکردنەکەی، سێ جار لە لایەن ئاسایشەوە بانگ کراوە. لە کۆتایی جاردا، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ دەستبەسەرکراوە، وەك خۆی دوای ئازادبوونی باسی کردووە، داوای پێدانی زانیاری لەسەر شوێنی کارەکەی و هاوکاری لێ کراوە، بەڵام بەو بۆنەوە کە (وەداد) ئەو داواکارییانەی ڕەت کردووەتەوە فشار لەسەری زیاتر بووە. وە پێش تیرۆرکردنەکەی ڕاگەیاندبوو کە هەڕەشەی لێ کراوە بەوەی ڕادەستی دەوڵەتی تورکیای دەکەن و پێی وتراوە کە "ئیدی دۆسیەکەت لە دەستی ئێمە نییە؛ لە ئاستی بەرزتر دایە و بڕیار لە دەستی ئەوانە". (وەداد) بنەماڵەکەی لە هەموو ئەم هەڕەشانە ئاگادار کردبۆوە.

## • ڕۆژی فڕاندن و گیان لە دەستدانەکەی

لە (١٣–٨–٢٠١٦) لە شاری دهۆك دوای ئەوەی (وەداد) براکەی دەگەیەنێتە شوێنی کارەکەی، لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا لەلایەن دوو ئۆتۆمبێلەوە پاش و پێشی لێ دەگیرێت، دەیوەستێنن و لە ئۆتۆمبێلی خۆی دەیهێننەخوارێ و دەیفڕێنن.



دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ شۆفێرێکی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر (پیکاپ)، لە گوندی (سێجێ)، نزیك قەزای (سێمێل)، تەرمی کەسێك دەبینێت کە فڕێدراوە لە شوێنی خۆڵوخاشاك و زبڵ، دەستبەجێ موختاری گوندەکە ئاگادار دەکاتەوە و بە خێرایی دەچنە سەر تەرمەکە، کە ئەو کاتە دوو سەعاتێك تێپەڕیووە بەسەر فڕێدانی جەستەی (وەداد) لەوێ، کە شوێنەواری ئەشکەنجەیەکی زۆر بە جەستەیەوە دیار بووە. بەپێی شایەتیی موختارەکە، (وەداد) تا ئەو کاتە نەمردووە و بە لاوازی توانیویەتی وەڵامبداتەوە.

پاشان موختار پۆلیسی (سێمێل)ی ئاگادار کردۆتەوە و لەگەڵ خاوەنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرەکە، (وەداد)یان بۆ نەخۆشخانەی سێمێل گواستۆتەوە، کە لەوێ بەبێ هیچ پشکنین و فریاگوزارییەکی سەرەتایی وتوویانە دەبێ بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەی (تەنگاڤی) لە (دهۆك)، ئەمە لە کاتێکدا بووە کە ئاگادار بوون لە دۆخی مەترسیدار و ناجێگیری تەندروستی (وەداد).

ئەو پۆلیسانەی (وەداد)یان گرتبووە ژێر چاودێریی خۆیان، دوای نزیك بە کاتژمێرێك ڕاگرتن، پاشان بۆ نەخۆشخانەی (تەنگاڤی) لە (دهۆك) گواستویانەتەوە؛ نەخۆشخانەیەك کە تەنها نزیکەی (١٠) خولەك بە ئۆتۆمبێل لەوێ دوورە. هەروەها بۆ گواستنەوەی (وەداد)، ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنیش دابین نەکرابوو.

لە نەخۆشخانەی (تەنگاڤی) پەیوەندی بە بنەماڵەی (وەداد)ەوە دەکرێت. کاتێك بنەماڵەکە گەیشتنە نەخۆشخانەکە، بینییان کوڕەکەیان لەژێر چاودێریی پزیشکی تایبەتدایە و ئەفسەرێکی پۆلیس لەگەڵ دوو ئەندامی ئاسایش وەك چاودێر لەگەڵیدان.

بەپێی وتەی شایەتانی ڕووداوەکە لە نەخۆشخانەی (تەنگاڤی)، (وەداد) بەبێ ئەوەی پشکنینی پزیشکی پێویست و فریاگوزاری دەستبەجێی بۆ بکرێت، بە جەستەیەکی شەکەتی نیوە گیانەوە لەسەر تەختەیەك (قەرەوێڵە)ی خەستەخانە بەجێهێڵراوە، دوای ماوەیەکی کەم بەم حاڵەتەوە بەشێوەیەکی گوماناوی لە نەخۆشخانەکە گیانی لەدەستداوە.

وەك ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی پزیشکییش ئاشکرا بووە؛ گورچیلەکانی زیانیان پێگەیشتووە، هەروەها بەپێ ئەو زانیارییانەی کە لە بنامەڵەکەیانەوە دەرچووە، جلوبەرگەکانی ژێرەوەشی خوێناوی بوون و شوێنەوارێکی زۆری شکەنجە بەسەر جەستەیەوە بووە.

بنەماڵەی (وەداد) بانگەوازێکیان ئاڕاستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە، و داوای لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی سەربەخۆ و بێلایەن دەکەن لەسەر کوشتنی کوڕەکەیان.

## • کاردانەوەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ

دەیان ڕێکخراو و لایەن بەیاننامەیان دەرکردووە لەسەر ئەم تاوانە و هەڵوێستیان نواندووە لەوانە:

1. (سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە ڕۆژنامەنوسان) لە بەیاننامەیەکدا لە (١٣–٨–٢٠١٦)دا، بە توندی ئیدانەی کوشتنی ڕۆژنامەنوس وەداد حسین دەکات و داوای لێکۆڵنەوەی جدی لەم تاوانە و دادگایەکی ئاشکرای ئەنجامداران دەکات.
2. لە (١٥–٨–٢٠١٦) (جۆرجی بۆستن)، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی (نەتەوە یەکگرتووەکان) لە عێراق، بە توندی ئیدانەی کوشتنی دڕندانەی ڕۆژنامەنووس (وەداد)ی لە شاری دهۆك کرد و داوای لە (حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق) کرد کە ڕێوشوێنی بەپەلە بگرێتەبەر بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتیی هەموو ڕۆژنامەنووسان.
3. (ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنور–RSF) لە بەیاننامەیەکدا لە (١٦–٨–٢٠١٦) دەڵێت ئەمە تاوانێکی دڕندایە و بەوپێیەی کە شوێنەواری شکەنجە بە جەستەی (وەداد)ەوە بووە بۆیە پێ بە مەبەستی کوشتن شکەنجە درابێت.
4. ڕێکخراوی هیومان (رایتس وۆچ–Human Rights Watch) لە (٢٥–٨–٢٠١٦) ڕاپۆرتێکی درێژی لەسەر ئەم تیرۆرە نووسیوە، داوایکردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچی زووتر و ڕاستگۆیانە لێکۆڵینەوەیەکی جدی لەسەر کوشتنەکەی ئەنجام بدات.
5. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ–-Amnesty International) لە بەیاننامەیەکەیدا لە (٢٥–٩–٢٠١٦) باس لەوە دەکات کە شوێنەواری شکەنجە و لێدان بەسەر جەستەی (وەداد)ەوە بووە و داوا دەکات کە لێکۆڵینەوەیەکی جدی و سەربەخۆ لەم تاوانە بکرێت و شایەتەکان بپارێزرێن.
6. بەدەیان نوسەروڕۆشنبیربەشێوەی جۆراجۆر ئەم کردەوە تیرۆریستیەیان ئیدانە کردووەو داوایان لە حکومەتی هەرێم دەکەن کە تاوانباران ئاشکرا بکات وبەسزایان بگەیەنێت.

## • دوا وشە

حکومەتی هەرێم لەباری یاساییەوە بەرپرسیارە لە بەدواداچوونی ئەم تاوانە و ئاشکراکردنی پاڵنەرەکانی و بکەرانی ئەم تاوانە تیرۆریستییە و لێپرسینەوە و دادگاییکردنیان، ئەمە و بەرپرسیشە لە دابین کردنی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ کاری ڕۆژنامەوانی.

بەڵام چارەسەری ڕیشەیی بۆ کۆتاییهێنان بە تیرۆری سیاسی و تیرۆری ڕۆژنامەنوسان و ڕاوەدوونان و دەستگیرکردنی چالاکوانان، لە گرەوی گۆڕینی تەرازووی هێزی چینایەتی دایە لە دەرونی کۆمەڵگەدا دژ بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە سیاسییە کۆنەپەرست، سەرکوتگەر و چەوسێنەرەکانی ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار و ئیسلامی سیاسیی، ئەویش بە پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، لاوان و ژنانی ڕزگاریخواز و ڕێکخراوبوون و یەکگرتوویان بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستیی و هاتنەمەیدانیان بۆ داسەپاندنی ئازادی فکری و سیاسی و ڕۆژنامەگەری و هێنانەدی خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگەدا.

# ئەو دەسەڵاتەی کە مێژووەکەی لە پرچی دیوانە شعرەکەت ڕەشترە

**لە یادی (٣٢) ساڵەی تیرۆری (بەکر عەلی)، ئەو شاعیرەی لەناو نارەزایەتی جەماوەر و لەسەر شەقامەکان خەڵتانی خوێن کرا**

ئامادەکردنی: ڕەوت

بەکر عەلی لە خانەوادەیەکی کەم دەرامەت و هەژار لەدایك و پەروەردە بووە، دوو برای لە (١٩٨٩)دا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لەسێدارە دراوە بەهۆی پەیوەندییان بە (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)ەوە، و خانەوادەکەشیان دورخراوەتەوە بۆ خواری عێراق بەهۆکاری سیاسی، وە خۆشی چەند جارێك لەلایەن هەر ئەو ڕژێمە فاشیستەوە گیراوە و شکەنجەدراوە.

بەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)دا، سەربازگەی ڕژێمی بەعس لە سلێمانی کە بە (حامییە) ناسرابوو، کەوتە دەست خەڵك و خانووەکانی کە زووربەیان نیوە کەلاوە بوون و بە لەوح و مقەبا و نایلۆن سەرەیان داپۆشرابوو، لە لایەن ئەو خانەوادانەوە زەحمەتکێشانەوە کە بێ سەرپەنا و بێ خانوو بوون دەستیان بەسەرا گیراو کردیانە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان و ناوی گەڕەکەکەش (گەڕەکی حامییە) هەر لێرەوە سەرچاوەی گرتبووە کە (حامییەی عەسکەری بووە). لە ئێستا بەشێکە لە داوێنی "پارکی ئازادی" لە سلێمانی. بەکری شاعیر خۆی نیشتەجێی ئەم گەڕەکە و نوێنەری متمانەپێکراوی خەڵکی گەڕەکەش بوو.

بەرپرسانی شاری سلێمانی لە ساڵی (١٩٩٤)دا، خەڵکی گەڕەکی (حامیە)یان ئاگادار کردبۆوە کە دەبێ چۆڵی بکەن و ئەو گەڕەکە دەڕووخێنن، بۆیە جەماوەری ئەو گەڕەکە چەندین جار نارەزایەتییان دەربڕیبوو، وە خوازیاری ئەوە بوون کە بەرپرسانی شارەکە بەرلەوەی گەڕەکە خاپوور بکەن و ماڵەکانیان بەسەردا بڕووخێنن، شوێنی گونجاویان بۆ دابین بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو جەماوەرە زەحمەتکێشە نوێنەرانی خۆیان دەستنیشان کردبوو کە بەکری شاعیر نوێنەرێکی جەسور و چاونەترس و متمانەپێکراویان بوو، هەر بۆیە لە ناوەڕاستی مانگی هەشت (ئۆگۆستی ١٩٩٤) لەلایەن (ئاسایشی سلێمانی) یەوە دەستگیر دەکرێت و بۆماوەی نزیك بە هەفتەیەك زیندانی دەکرێت، تا چاوترسێنی بکەن و دەستبەرداری نوێنەرایەتی کردن و ڕێکخستن و ڕابەرایەتی کردنی نارەزایەتییەکانی جەماوەری ئەو گەڕەکە ببێت.


دوای ئەوەی کە بەرپرسانی شار سوور بوون لەسەر جێبەجێکردنی نەخشەکەی خۆیان بۆ ڕووخاندنی گەڕەکە و دەربەدەرکردنی دانیشتوانەکەی، لە (١–٩–١٩٩٤)دا خەڵکی گەڕەك هاتنەسەر شەقامەکان و دەستیان بە نارەزایەتی دەربڕین کرد.

هێزە چەکدارەکان و میلیشیای بەرپرسانی ئەوسای شارەکە بە فەرمانی بەرپرسانی پارێزگای سلێمانی، سەرەتا کەوتنە هێرش و پەلاماردانی خۆپیشاندەران بە مەبەستی بڵاوەپێکردنیان، بەڵام بەهۆی خۆڕاگری و لەخۆبردووییان شەقامەکانیان چۆڵنەکرد و درێژەیان بە خۆپیشاندانەکەیاندا و داوایان دەکرد کە ئەو بڕیارە یا هەڵبوەشێتەوە یان لەبری ڕووخاندنی خانوو و تێکدانی ماڵەکانیان قەرەبوو بکرێنەوە و لە شوێنی تری شاردا جێگیر بکرێن.

بەرپرسان گوێیان بە داخوازیەکانیان نەدا و سوربوون لەسەر ئەوەی کە خانووەکانیان بڕوخێنن و ماڵەکانیان بەسەردا وێران بکەن بەبێ هیچ جۆرە قەرەبووکردنەوەیەك، بۆیە فرمانیان بە هێزە چەکدارەکان دابوو کە تەقە بکەن لە خۆپیشاندەران، (بەکر عەلی) کە نوێنەری جێگەمتمانەی خەڵکی گەڕەکەکە بوو، لە شەقامی بێسارانی کە دەکەوێتە نیوان باخی گشتی و یانەی فەرمانبەرانەوە بە گوللە پێکرابوو، کە هەموو مەزندەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە بە ئەنقەست و مەبەست تەقەی لێکرابێت، چونکە وەك خۆپیشاندەرانی بەشداربوو لەو کاتەدا دەگێڕنەوە دوای برینداركردنیشی چەکدارەکان چونەتەسەری و بەبرینداریش گوللەیکی تریان ناوە بە ناوچاوانیەوە. بۆیە چ برینداركردنەکەی و چ ترۆرکردنەشی بە برینداری کردەیەکی تاوانکارانەی بە ئەنقەست بووە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو نارەزایەتییە جەماوەرییەوە هەبووە و بەرپرسانی پارێزگای سلێمانی ئەوکاتە بەرپرسن لەو تاوانە.

بەم شێوەیە بەر لە (٣٢) ساڵ لەمەوبەر و لە (١–٩–١٩٩٤)دا، شاعیرێك لە پێناو بەرگری لە بەرژەوەندیی و ماف و خواستە ڕەواکانی جەماوەری زەحمەتکێش کرایە قوربانی و خەڵتانی خوێنکرا.

(بەکر عەلی) هەڵسوڕاوێکی چالاکی ڕێکخراوی (یەکێتی بێکاران لە کوردستان) بوو لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیست، و لە مەراسیمی (یەکی ئایاری ١٩٩٤)دا وەك نوێنەری گەڕەکی حامیەی ئەوسای شاری سلێمانی وتارێك دەخوێنێتەوە، و تیایدا وێڕای خستنەڕووی خواستەکانی جەماوەری ئەو گەڕەکە، ڕیسواکاریشی لەسەر بەرپرسانی شارەکە ئەنجامدابوو کە نەك هەر گوێ لە خواستەکانیان ناگرن، بەڵکو دەیانەوێت خانوو و ماڵەکانیان بەسەردا بڕووخێنن.



کێسی ترۆری (بەکر عەلی) وەك دەیان و بگرە سەدان کێسی تر لە تیرۆری هەڵسوڕاوانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان، تیرۆری هەڵسوڕاوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوسان و ئازادیخوازان، لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە پەردەپۆشکراوە، کە ئەمەش بەشێك و گۆشەیەك لە ناوەڕۆکی ئەم دەسەڵاتە دژە ئازادی و دژە بەرژەوەندی جەماوەری زەحمەتکێش دەردەخات، بۆیە تاکە ڕێگەی کۆتاییهێنان بە سەرکوت و ڕاوەدوونان و شکەنجە و کوشتاری دەسەلات، ڕێکخراوبوون و هاتنەمەیدانی خەباتە بەرێزێکی یەکگرتووەوە بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەلاتەکە.

بەکر عەلی لە دوای خۆی دیوانێکی شێعری بەجێهێشتووە بەناوی (ئەو شەوانەی لە پرچەکانت ڕەشترن)، و چەند پارچە شێعرێکیشی کراوە بە ئاواز و گۆرانی. هەروەها دوای خۆی گشت بەرهەمەکانی کۆکراوەتەوە و لە چاپ دراوە.

سێپتیمبەری ٢٠٢٦




## ڕۆژنامەی ( الغد الاشتراکی ) ژمارە 53 ئابی ٢٠٢٦ بڵاوبووەوە

خوڵقاندنی دیدگایەکی سۆشیالیستی و ماتریالیستی بۆ کۆمەڵگا و زمانبەخشین بە خەباتی چینایەتی کرێکاران، سەدا دان بە دەنگی نارەزایەتی لاوان، لێکهەڵپێکانی خەباتی ژنانی چەوساوە بە ئاسۆی ڕزگاریی کۆمەڵایەتییەوە، لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە بەرجەستە کراوەتەوە. بەکارهێنانی تیۆری مارکسیستی لە جەرگەی ئاڵوگۆڕەکاندا، دەرهێنانی سیاسەتی کۆمۆنیستی و بەرەودان بە خەباتی چینایەتی کرێکاران بۆ ڕزگاری لە ئایدیۆلۆژیا جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازی و چوونە نێو جەنگە فکرییەکانی ناسیۆنالیستی و ئایینی و لیبراڵەکانەوە، بەشێکی شوناسی ئەم ڕۆژنامەیەیە. شانۆدان بە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان، ڕیسواکردنی سەرکوت و ڕفاندنی هەڵسوڕاوەکانیان لایەنێکی تریەتی. هاوپشتی چینایەتی سەنتەری سیاسەتی ئەم ڕۆژنامەیە دامەزراندنی خەتێکی ڕێکخراوەیی سەراسەری لە عێراق و پێکەوەگرێدانی خەباتی کۆمۆنیستەکان لەسەراسەری عێراقدا. ڕۆژنامەکە بە زمانی عەرەبی لە زۆربەی شارەکان (بەسرە، دیوانییە، بەغدا، کوت، عەمارە، سامەڕا، تکریت، کەرکوک، سلێمانی، هەولێر) لە کتێبخانەکاندا دابەشدەکرێت.

دەستەی بەڕێوەبردن
نادر عەبدولحەمید
جەمال کۆشش
عەبدوڵا ساڵح
شیرین عەبدوڵا
موئەیەد ئەحمەد
نزار ئەمین
سەلاح فەتحوڵا

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات
البديل OCAL
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت
@rawtnews
مازن محەمەد +964 770 965 8673
نزار ئەمین +44 750 707 00 24
https://www.albadeel-alsheoi.org/ar/
rawt.news@gmail.com
albadeel.alsheoi@gmail.com
گرافیك و دیزاین : سەلاح فەتحوڵا